# فەرهەنگی دیوانی نالی

# پیتی ئەلف «ا»

ئاب: ئاو. ئاو، تەڕایی.

ئابشار: تاڤگە.

ئابنووس: درەختێکە دارەکەی زۆر قورس و ڕەقە.

ئاتەش: ئاگر.

ئاتەشی توور: ئاگری نووری خودا کە بۆ حەزرەتی مووسا دەرکەوت و دای لە کێوی توور و سووتاندی.

ئاتەشین: گەرم وەك ئاگر.

ئاحاد: یەکە یەکە.

ئاخیر و ئەووەڵ: هەموو وەچەکانی ئادەمیزاد لە سەردەمی هاتنی پێغەمبەرەوە تا ڕۆژی قیامەت.

ئاخیرە: ڕۆژی قیامەت، ئاخیرەت، ئەو دنیا.

ئارایش: ڕازاندنەوە.

ئاردەڵۆك: ئەوەی لە وردی و سپێتیدا لە ئارد بچێ.

ئارێ: بەڵێ.

ئازانە: ئازایانە.

ئاسەف، «آصَف»: ئاسەفی کوڕی بەرخیا وەزیری حەزرەتی سولەیمان.

ئاشکار: دیاری.

ئاشوفتە: تێکچوو.

ئاشیان: هێلانە.

ئاغاز: سەرەتا.

ئافاق: جەمعی «ئوفوق»ە بەمەعنا ئاسۆ. جیهان. دنیا.

ئاقیق: مووررووی کارەبا.

ئاگرە سوورە: کینایەیە لە گورج و گوڵی و دەستو برد.

ئال: موسوڵمانانی هۆزی بەنی هاشم و بەنی موتتەلیب.

ئاڵۆز: شێواو.

ئاڵو واڵا: ڕەنگاوڕەنگ.

ئالوودە: تێکەڵ، شتێ لە شتێکەوە گلابێ. گرفتار.

**ئالەتی تەقریر:** هـــــۆی بڕیاردان، هۆی تەختکردن.
**ئالەتی عەمەل:** زاراوەیەکی زانستی نەحوە بەو وشانە ئەڵێن کار لە وشەی تردا ئەکەن، ئەندامانی لەش کە بۆ خواپەرستی بەکار ئەهێنرێن، «هینەکەی» بنیادەم.
**ئالی عەبا:** ئـــال و بـــەیتی پێغەمبەر کە هـەموویـانی لە عابایەکەوە پێچاوە.
**ئامکەلام:** هاودەنگ.
**ئاور:** ئاگر.
**ئاوس:** دوو گیان، سك پڕ.
**ئاوسن بە با:** بای داراوس کە لە دوارۆژەکـــانی زســـتانا ئـــــەوەزێ و درەخـــــتی پێ ئەگەشێتەوە و ئەوەنـدەی پێ ناچێ گۆپکە و گەڵا ئەکا.
**ئاوی بەقا:** ئــەو کــانییەی ئەڵێن هەرکەس لێی بخواتەوە نامرێ.
**ئاوی کەوسەر:** ئاوی حەوزی کەوسەر لە بەهەشتدا.
**ئاوی گەوهەر:** ئــەو دڵۆپــە بارانەی ئـەکـەوێتـە سکـی سەدەف و ئـەبێ بـە دوڕڕی یەکتا.
**ئاه:** ئاخ. هەناسەی دەردەدار.
**ئاهوو:** ئاسك.
**ئاهوو شکەم:** ناوقەد بـاریك وەك ناوقەدی ئاسك.
**ئاهووی تەتاری:** جـــۆرە ئاسکێکە ناوبانگی بـە چـاو جوانی دەرکردووە.
**ئاهوویی بەڕ:** وەك ئاسك لە بڕینی تەختاندا.
**ئاهەنگ:** بەزم.
**ئایەت:** نیشانە.
**ئایینە:** ئاوێنە.
**ئایینەی سکەندەر:** ئاوێنەکەی ئەسکەندەری مەکدوونی کـە

ئەڵێن ئەوەندە بەرز بووە دنیای هەموو لێوە دیوە.

ئوفتادە: کەوتوو. لێکەوتوو.

ئومەرا: کۆی ئەمیرە واتە: پادشاه.

ئەبتەر: کلك بڕاو.

ئەبرووەتی: ئەبرۆتی.

ئەبریشم: ئاورێشم.

ئەبنا: ئەبناء، جەمعی ئیبنە بەمەعنا مناڵ.

ئەبوو زەیدی سورووجی: کابرایەکی فێڵباز و خوازلۆك بووە زۆر لە بەردەمی خەڵکا کوڕووزاوەتەوە بۆ ئەوەی بەزەییان پیابێتەوە و شتی پێ ببەخشن. گەلێ سەرگوزەشتەی لە مەقاماتی حەریریدا نووسراوەتەوە.

ئەبولەهەب: یەکێکە لە ناوەکانی ئاگر، ئیشارەتیشە بە ناوی ئەبولەهەبی مامی پێغەمبەر.

ئەبەر: بەر

ئەتلەس، «أَطلَس»: جۆرە قوماشێکە.

ئەتوار، «أَطْوار»: جەمعی تەورە «طَوْر»، واتە: خوو و ڕەوشت.

ئەجبال: جەمعی جەبەلە واتە کێو.

ئەجزا: بەشەکانی کتێب، ئەندامانی لەش.

ئەجناس: هەموو جۆر و ڕەگەزێك.

ئەحزان: جەمعی «حُزن»ە، واتە خەم.

ئەحقەر: زۆر سووك و بێبایەخ.

ئەحمەر: سوور.

ئەحوەل: خێل، یەك بە دوو بین.

ئەخز، «أَخذ»: وەرگرتن.

ئەخزەر، «أَخضر»: سەوز.
ئەدا: بەجێهێنان. جێبەجێ کردن.
ئەدات: زاراوەیەکی زانستی نەحوە.
ئەدوار: جەمعی دەورە واتە: چەرخی گەردوون.
ئەرجوو: تکا. لە «أرجو»ی فیعلی موزاریع وەرگیراوە.
ئەرقەم: ماری شڵ، پیسترین جۆری ماری کوشندەیە، ناوی ئەو ئەسحابەیەشە کە پێغەمبەرﷺ و هەندێ لە یارانی لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامدا شەوان بەنهێنی لە ماڵی ئەودا کۆ ئەبوونەوە.
ئەرکان: گۆشەکان.
ئەز: من.
ئەزهار: جەمعی زەهرە، واتە گوڵ.
ئەزەل: ئەوەی نەبوونی لێ پێش نەکەوتبێ.
ئەژدەر: مارێکی ئەفسانەیی‌یە ئاگر لە دەمی دەرئەچێ. ئەژدەها.
ئەستۆ: گەردن.
ئەستوون: هەسوون، کۆڵەکە، ئەو دارەیە کە ئەدرێتە ژێر تەختەی دەوار.
ئەستوونە زێڕینە: کۆلکە زێڕینە، «قوس قزح».
ئەستوونی حەننان: کۆڵەکەیەك بووە لە مزگەوتی پێغەمبەردا لە مەدینە، لە کتێبەکانی سیرەتدا هەیە کەوا پێغەمبەرﷺ بەرلەوەی مینبەر و میحراب بۆ مزگەوتەکەی دروست بکا، ئەچوو پاڵی بە کۆڵەکەیەکەوە ئەدا خوتبەی ئەخوێندەوە. پاشان کە مینبەری بۆ مزگەوتەکەی دروست کرد، کۆڵەکەکەی بەجێهێشت.

کۆڵەکەکە دەستی کرد بە زیڕەزیڕ و گریان...
پێغەمبەریش چوو باوەشی پیاکرد و دڵی دایەوە...
ئەویش بێدەنگ بوو و لە زیڕەزیڕ کەوت...

ئەسحاب: یاران.

ئەسداف، «أَصداف»: جەمعی سەدەفە.

ئەسراری هودا: ڕازی پەی بردن بە راستی و ڕێگە دۆزینەوە بۆ لای خودا.

ئەسفەر: زەرد.

ئەسکەندەر: ئەسکەندەری مەکدوونی کە لای هەولێردا لەشکری دارای شای ئێرانی بەزاند و وڵاتەکەی داگیر کرد.

ئەسل، «أَثل»: درەختێکە لە شوێنی لمینا لە نزیکی ئاوا ئەڕوێ، گەڵاکانی باریک و گوڵەکانی هێشوویین، لە ماڵیشا دەڕوێنرێ.

ئەسەر: نیشانە، عەرەز.

ئەسەف درێژ: کەسێ خەفەتی زۆر بێ.

ئەشك: فرمێسك.

ئەشکبار: فرمێسکاوی.

ئەشکەنجە: ئازار.

ئەعوەر: یەك چاو.

ئەغیار: بێگانە و ناحەز.

ئەفخەر: پڕ شانازی و شکۆ.

ئەفسەر: کڵاوی شاهانە.

ئەفغان: هاوار.

ئەفگار: بریندار و ماندوو و شەکەت.

ئەفلاك: جەمعی «فَلَك»ە واتە ئاسمانەکان.

ئەقداح: جەمعی قەدەحە بە مەعنا: پیاڵەی مەی خواردنەوە.

ئەکسەر «أَكثَر»: زۆربە.

ئەکفان: جەمعی «کفن»ە.

ئەگەرخۆ: هەرچەند. ئەگەر

وابێ.
ئەگەرەم: ئەگەر ئەم.
ئەڵڵاھ... ئەڵڵاھ: وشـــەی سەرسامییە، وەك «ماشەڵڵا» و شتیوا.
ئەلواحی ئەڵحەد: ئەو تەختە بەردانەی بە لای ئەڵحـەدی قەبردا هەڵدەسپێررێن.
ئەلوان: ڕەنگاوڕەنگ. هەموو ڕەنگ.
ئەلەم: ئازار.
ئەلیف: هۆگر.
ئەمارەت: نیشانە.
ئەمانەت: شتێکـی کـەسێك لای کەسێکـیتر دانـرابـێ، سەلامەتی.
ئەمر: فـــەرمـان. لە عـیلمی ســـەرفـیشدا یـەکـێکـە لە فیعلەکان.
ئەمما: بەڵام.
ئەمەك: وەفا، ئومێدێك.

ئەمەل: هیوا.
ئەمەو: ئەم، ئەو.
ئەمێستەیش: ئێستەیش.
ئەنبار: عەمار.
ئەنجوم: جەمعی «نَجم»ە واتە ئەستێرە.
ئەندەر: لەناو.
ئەنگووت: هەڵیکرد.
ئەنوار: جەمعی «نَور»ە واتە: چرۆی ئەو درەختانەی گوڵ ئەکەن.
ئەنوەر: ڕووناکتر.
ئەنهار: کۆی «نەهر»ە واتــە جۆگە.
ئەنیس: ئولفەت پێوە گرتوو.
ئەوبار: جەمعی وەبەرە واتــە کورگ.
ئەوج: بەرزی. چـڵە پـۆپـە، ئاوازێکی مۆسیقایە. لووتکە، بەرزترین پلەی ئەستێرە.
ئەوراق: گەڵا، کاغەز.

ئەهلی تەریق: ئەهلی تەریقەت، ئەوەی ڕێگەی ڕاستی گرتبێتەبەر.
ئەهلی سونەن: ئەهلی سوننەت و جەماعەت.
ئەیمەن: ئەمین.
ئەیمەنی: هێمنی.
ئەیوان: هەیوان و تاقی کیسرا.
ئەییام: ڕۆژان، سەردەم.
ئیبنوحاجیب، «ابن حاجب»: نەحو زانێکی بەناوبانگی کوردە. ئیشارەتیشە بە وشەی «حاجب» واتە برۆ.
ئیبنوموقلە «ابن مقلة»: خەت خۆشێکی بەناوبانگ بووە. ئیشارەتیشە بە وشەی «مقلة» واتە: پێڵووی چاو.
ئیحرام: بەرگی ئیحرام، قوماشێکی نەدووراوە حاجی لەکاتی حەجدا ئەیکاتەبەر.
ئیحیا: زیندوو کردنەوە.
ئیخلاف: پێچەوانە کردن.
ئیدی: ئیتر.
ئیراك: دارێکە لە لقەکانی سیواك دروست ئەکەن و لەکاتی دەستنوێژ گرتن و گەلێ کاتی تریشدا بەپێی ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ ئەیهێنن بە دەما بۆ پاك کردنەوەی بێخی ددان و خۆش کردنی تامی دەم.
ئیرەم: باخی ئیرەم، ئەو بەهەشتەی کە شەدداد دروستی کردبوو و قورئان لە ئایەتی: ﴿إِرَمَ ذاتِ الْعِمادِ، اَلَّتي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُها فِي الْبِلادِ﴾دا ئیشارەتی بۆ ئەکا؛ مەبەستی لە کۆمەڵگای کچانی شۆخ و نازدارە.
ئیسباتی مزایا: پێ سەلماندنی باشترێتی.

ئیستیعلا: بەرزبوونەوە.
ئیسغا، «إِصْغا»: گوێ شل‌کردن.
ئیسناد: دانەپاڵ. دانی حەدیس ئەپاڵ ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە.
ئێشان: ئێش‌کردن و ئازار چەشتن.
ئیشتیباه: بەهەڵەدا چوون.
ئیشراب: پێ خواردنەوە.
ئیشراق: تیشک‌دانەوە. هەڵهاتن.
ئیعتیبار: پەند وەرگرتن.
ئیفتیخاری: شانازی پێوە کردن.
ئیفك: بوختان.
ئیقبال: ڕووتێ‌کردن، شان و شکۆ. رووکردن، هاتن.
ئیقتیزا: پێویست.
ئیکسیر: مایەیەکی کیمیاییە ئەڵێن مس ئەکا بە زێڕ.
ئیکمال: بەرەو تەواوی چوون.
ئیلتیجا: پەنا، هاوار، تکا.
ئیلحاح: پێ بەزەویدا کوتان و سوور بوون لەسەر شتێك.
ئیلف و ئەلیف: هاوشان.
ئیما: ئیشارەت.
ئیمتیاز: جیاوازی.
ئیمتیحان: ئەزموون، تاقی‌کردنەوە.
ئیمتیسال، «امتثال»: گوێ ڕایەڵی.
ئیمداد: یارمەتی.
ئینتیباه: ئاگادار بوونەوە.
ئینتیخاب: هەڵبژاردن، بەمەعنا هەڵبژاردەیە.
ئینتیزار: چاوەڕوانی.
ئینس: بنیادەم.
ئینسان: بنیادەم، بیبیلەی چاو. گلێنەی چاو.
ئینشا: دانان.
ئینشەڵڵا، «ان شاءالله»: خوا بیکا.
«آسمانَةُ»: ئاسمانێکە.

«اَبْدان»: جەمعی بەدەنە واتە لەش.
«اخوان الصفا»: برایانی ڕاستی و خاوێنی و بێ گەردی.
ادنی: ئەدنا، نزیك. سووك.
اما: أمّا، هەرچییە کو...

## پیتی بێ «ب»

بائس: نائومێد، ئەگەر لە «بۆس» وەرگیرابێ، یا ماچ کەر ئەگەر لە «باس» وەرگیرابێ.
باب: باوك، دەرگا، جۆر.
با (باد): سەرەڕای مەعنا دیارەکەی ئاوازێکی مۆسیقایشە.
بابای عەییار: وەك لە ئەفسانەدا ئەیگێڕنەوە کابرایەك بووە لە دەستە و دائیرەی ئەسکەندەری مەکدوونیدا، ئارەزووی لە کێ بووبێ بچێتە شێوەیەوە، چووەتە شێوەیەوە.
بابزەن: شیشی کەباب.
بابی ڕەزا: دەرگای ڕەزامەندی و قەناعەت بەوەی خوا داویە.
بابی زوبان: دەرگای زمان.
باتیل: بەتاڵ، دانەمەزراو.
باخە: کیسەڵ.
باخەبەر: ئاگادار.
باخی سێوان: مەبەست سنگی یارە کە مەمکی وەك سێوی پێوەیە.
باد: با.
بادی سەبا، «صَبا»: ئەو بایەیە لە بەینی ڕۆژهەڵات و باکوورەوە هەڵئەکا.
«باذن الله»: خوا ڕازی لێ بێ.
بار: ئەو توێژەی بەسەر لێوی وشکەوە پەیدا ئەبێ، باری هەڵگرتن.

باراوی: سەیدی باراوی،

باراو: دێیەکە لە ناوچەی چوارتا لە هەرێمی شارباژێڕ.

بارش: بارین.

بارەوەر: بارەبەر، بار هەڵگر.

باری: خوا.

بارێ: کەڕەتێك.

باری خودایا: خودای باری، خودای دروستکەری دنیا.

بارید «بارِدْ»: سارد.

باریق: تیژ وەك برووسکە.

بازا: باز ئا، وەرەوە، وشەکە لە بنەڕەتا فارسییە.

بازانە: وەك باز.

بازوو: قۆڵ.

بازی سپی: جۆرە بازێکی بەنرخە.

باسیرە، «باصِرە»: چاو.

باعیس، «باعث»: هۆ.

باغەبان: باخەوان.

باغی: گوڵی ناو باخ یاخود یاخی بوو و لە ڕێ لاداو.

یاخی، لەخوا نەترس.

باقی: نەبڕاوە و هەمیشەیی.

با قین: لەگەڵ ڕق و کینەدا.

یاخود جەمعی «باقی»یە واتە ماونەتەوە.

بام: بان.

بامیداد: سبەینان.

بان: درەختێکی بەرزی ڕێکە گەلای وەك گەلای دار بی وایە.

بانات: درەختەکانی بان.

باوێتە: بخاتە.

باهوو: شان و قۆڵ.

بایە: سووك و بێبایەخە.

ببیەم: ببیسم.

برد: بەرد، بەرابەری دار، ئەشگونجێ تێکڕای «بردە» بەمەعنا «بەر دیهی» بێ واتە: بەری دێی.

«بَرد العَجوز»: برجی پیرەژن،

چەند ڕۆژێکە لە دوارۆژەکانی زستان، هەوایان تیا زۆر سارد ئەبێ.
بریشم تەنی: چنینی قوماشی ئاوریشم.
بزان: زانا.
بژانگ: برژانگ.
بفەرما: وشەیەکی فارسییە واتە: فەرموو.
بگرە و بەردە: کینایەیە لە هەرا و ئاژاوە و ئاگا نەبوونی کەس لە کەس.
بڵا: با، باوەکوو، لێی گەڕێ. با. چش.
بلوور: شووشە.
بنازم: شانازی پێوە بکەم.
بن زك: ژێر سك.
بنووڕم: نووڕە جۆرە دەنگێکی سەگە وەك لوورە و قووزە، لە کاتی هەست بەبێ دەسەلاتی و بێ چارەییدا لێیەوە دەرئەچێ.
بنوێنە: دەرخە.
بنیاد: بناخە.
بۆ: بۆن.
بوت: بت.
بۆتە: جێگای تاقی کردنەوەی مایە بۆ جوێ کردنەوەی بێ گەرد و ناپاکی لە یەکتر.
بوخار: هەڵم.
بوختی: وشتری دوو کۆپارە، جۆرە وشترێکی بەهێزە، باری زۆر هەڵئەگرێ و ڕەنگی سوورە.
بوخەلا، «بُخَلاء»: جەمعی بەخیلە واتە: ڕژد و پارە پیس.
بوراق: ئەو ئەسپەیە کە سیرەتنووسان ئەڵێن پێغەمبەر لە شەوی میعراجدا سواری بووە.
بورد: پارچە قوماشێکی جوان بووە پێیان وتووە «بوردی یەمانی».

بوردەبار: بـــــاربردوو، خۆڕاگرتوو.
بوردی یەمەن: جـــــۆرە قۆماشێکی خورییە لە یەمەن دروستی ئەکەن وەك شیرداخ هێڵی سپی و ڕەشی تیایە.
بورووج: جـەمعی بـورجـە، بەمەعنا قەڵا، یا هـەرکـام لە دوانزە بورجەکەی ئاسمان.
بورهان: بەڵگە.
بوریان: برژاو و هەڵقرچاو.
بوریانی: لاشـەی سـوورەوە کراو لە ڕۆندا پاش کوڵاندنی.
بوزان: جەمعی بوزە واتە بزن.
بوزورگ: گەورە.
بۆس: بۆسە، ماچ.
بوعد: دووری.
بوغز، «بُغض»: کینە.
بۆقلەموون: عەلی‌شیش.
بوکا، «بُکاء»: گریان.
بولهەوەس، «ابوالهَوَس»: ئـارەزووبـاز، دەس‌بـەتاڵ و پووچ و بێ‌مایە.
بونیان: کۆشك و سەرا.
بووعەلی سینا: زانـــــا و فـــەیلەسووفـــی بـەناوبانگی ئیسلام، «٩٨٠ ـ ١٠٧٣»، لە بـــوخـــارا لەدایك بـووە و لە هەمەدان مردووە.
بووم: کوندەبەبوو کە کەلاوە و وێرانە ئەکا بـە مـەنزڵگـای خۆی و نیشانەی نەگبەتییە، بایەقوش.
بوومئاسا: عـــــادەت وەك کوندەبەبوو.
بۆیا: بۆندار.
بە بەرگ و بار: پـۆشـتە و پەرداخ.
بە پایە: بە پێوەیە.
بە پێوان: بە پێوانە کردن.
بەت، «بَط»: مراوی، مەبەست سپییە.

بەتن، «بطن»: سك.
بەجان: بەگیان.
بەحرەین: گەورەترین دوڕگەکانی وڵاتی بەحرەینە کە لە ٣٣ دوڕگە پێکهاتووە لەناو کەنداودا.
بەحری فیرعەون: ئەو بەحرەی حەزرەتی مووسا و پەیڕەوەکانی لێی پەڕینەوە و فیرعەون و کۆمەڵەکەشی دوایان کەوتن و نیشتنە مل ئاو و خودا نوقمی کردن و خنکاندنی.
بەحری موحیت: دەریای بەرین و بێسنوور، ئوقیانووس.
بەخشان: بەخشینەوە.
بەد ئەختەر: بەد ئەستێرە، چارە شووم.
بەداو: سەر بە گۆبەند و دەم بە بیانوو، فێڵباز.
بەدر: غەزای بەدر. مانگی چواردە.
بەدری دوجا: مانگی چواردە کە شەوی تاریک ڕووناک ئەکاتەوە.
بەدء: سەرەتا.
بەڕ: بەڕە. وشکان.
بەرات: خەڵات.
بەرباد: فەوتاو، بابردوو.
بەرجەستە: دیار و دەرکەوتوو. هەڵکەوتوو.
بەرد: سەرما، بەرد، کوچك.
بەردەباز: ئەو بەردەی لە بوارا لەناو چەم و ڕووباری بچووکدا دائەنرێ و خەڵکی بەسەریا ئەپەڕنەوە.
بەرزنجە: مەڵبەندی ناوچەی سرۆچکە لە هەرێمی شارباژێڕ لە شارستانی سولەیمانی.
بەرزنجی: سەیدی بەرزنجەیی.
بەرق: برووسکەی هەور.

شەوق دانەوە.
بەرق و بەڕڕاقی: شەوق دانەوە.
بەرگ: پەڕە، گەڵا.
بەڕەزا: گیایەکی کوێستانییە و ئەخورێ.
بەریاوێت: بەری ئاوێت، بەری خست.
بەرین: پان و پۆڕ و گەورە.
بەزلەگۆیی: قسەی خۆش کردن.
بەس: زۆر.
بەست، «بَسط»: پەخشان.
بەستە: بەستراو، گیرۆدە، کراو بە چەپك. کەمەندکێش.
بەستە زوبان: زمان بەسراو، بێ دەسەڵات.
بەسەر، «بَصَر»: چاو، بینایی.
بەشارەت: مژدە.
«بَهَشْتَةً»: بەهەشتێك.
بەشووش: ڕووخۆش.
بەشیر: مژدەدەر.

بەقا: ژیانی هەمیشەیی لەو دنیادا و ناوی چاك لەم دنیادا.
بە قەد: ئەوەندەی.
بەقەم: ڕەنگێکی سوورە قوماشی پێ ڕەنگ ئەکەن.
بەقییە: پاشماوە.
بەکرەجۆ: شوێنێکە دە کیلۆمەترێك لە سولەیمانییەوە دوورە، جۆگایەکی لە سەرچنارەوە بۆ دێ.
بەڵا: بەڵام.
بەلقیس: شاژنی یەمەن.
بەم: دەنگی بەرز.
بەند: ڕاگیر بوون.
بەنەزەر: لە بەرچاودا.
بەنەفشە: وەنەوشە.
بەوبۆنەوە: بە بۆنی ئەو خاکەوە، یا بەهۆی ئەو خاکەوە.
بەها: بایی، نرخ. ڕازاوەیی.
بەیاز، «بیاض»: سپێتی؛ ئەو

پــارچــه‌یه‌ی له کــه‌ناری کــتێبــه‌کـانه‌وه بــه‌ سـپێتــی ئه‌مایه‌وه. سپێتــی قــه‌راخــی ده‌فته‌ری شیعر.

به‌یان: قسه و گفتوگۆ.

به‌یانی دا: ده‌رکه‌وت.

به‌یت: ماڵ. خانوو.

به‌یتوڵلا، «بيت‌الله»: ماڵی خوا، که‌عبه، مه‌ککه.

به‌یتی عه‌تیق: «البيت العتيق»، کۆنه‌ماڵ، که‌عبه. ئیشاره‌ته‌ به ئایه‌تی: ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكاً﴾.

به‌یتی مه‌عموور: مــــاڵی ئاوه‌دان، به ماڵی کــه‌عبه‌یش ئه‌ڵێن، شوێنێکیشه له ئاسمان.

به‌یدا: ده‌شت.

به‌یده‌ر: خه‌رمان.

به‌یده‌ق: ڕێگــا پــیشانده‌ری ڕێ، سه‌ربازی شه‌تره‌نــج، له «پیاده»وه کراوه به عه‌ره‌بی.

به‌یزا، «به‌يضاء»: سپی.

به‌یزاوی، «بَيضاوى»: ته‌فسیرێکه نــاوی «انــوارالتــنزيل و اسرارالتاويل»ه ئه‌بوو سه‌عید نــاسیروددیــن عــه‌بدوڵلای کــوڕی عــومــه‌ری بــه‌یزاوی داینـاوه کــه له «٦٨٥ی.ك - ١٢٨٥، ١٢٨٦ی.ز»دا مردووه.

به‌یزه، «بَيضة»: په‌رده‌ی بووك.

به‌یزێکی: هێلکه‌یه‌کی.

بێ: ئه‌گه‌ر بێتو. وه‌ره.

بێ‌ئه‌سه‌ر: ئــه‌و کــه‌سه‌ی ڕۆیشتبێ بۆ سه‌فه‌رێکی وه‌ك جه‌نگ و ماوه‌یــه‌کــی زۆری به‌سه‌را تێپــه‌ڕیــبێ و کــه‌س هه‌واڵێکی نه‌زانێ.

بێ‌بابی: بێ‌باوکی، هه‌تیوی.

بێ‌به‌ده‌ڵ: ئــه‌وه‌ی ئــه‌وه‌نــده‌ به‌نرخ بێ، شتێ نه‌بێ بۆ ئه‌وه بشێ له بریتی ئه‌وا بدرێ.

بێ‌به‌رگ و نه‌وا: ڕووت و

لات و بێ ناز.

بیبیێ: بیبیسێ.

بێ پەردە و کینایەت: ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا.

«بیت الحزن»: خەفەتخانە، دڵ.

بێ تووك: کینایەیە لە هەژار و ناچیز.

بێ تەزیینی: جوان نەکردن و نەڕازاندنەوە.

بیجادە: جۆرە یاقووتێکە.

بێ جان: بێ گیان.

بێ جیلوە: بێ مایە.

بێچوون: بێ هاوتا، بێ وێنە.

بێ خاو: بێ خەو.

بیدی مەجنوون: شۆڕەبی.

بێ زار: بێ دەم، یاخود بێزار بەمەعنا وەڕس و بێ تاقەت.

بێزاری: تووڕەیی و ناڕەزایی.

بێستوون: ئەو شاخەی فەرهاد تاشی، بە ئاسمانیش ئەڵێن، چونکە بێ ستوون واتە: بێ کۆڵەکە و ئاسمانیش کۆڵەکەی نییە.

بێش: زۆر.

بێ شەبیهـ: بێ وێنە.

بیعەینی: «بِعَيْنِهِ»، کوت ومت. دەق وەك.

بیکر: کچ، بەرابەری ژن.

بێ کەم: بێ چەندیەتی.

بیلال: بیلالی حەبەشی بانگدەری پێغەمبەرﷺ.

بیم: ترس.

بێ مایە: بێ کارە و بێ دەسەڵات و هیچ لە دەست نەهاتوو.

بێ مەغز: بێ مێشك و تێ نەگەیشتوو.

بێن: بۆن.

بێ نەوا: بێ ئاوازی مۆسیقا. هەژار و ڕووت و قووت.

بێ نێش: بێ چزوو، بێ ئازار.

بێ وجوود: ناچیز.

# پیتی پێ «پ»

پارچەڵۆك: پارچەی بچووك.
پارێك: پارەیەك.
پاساران: پەنا گوێسەوانە.
پاساری: چۆلەکە پاساری.
پاکی مەدار: خولگەی پاکی و خاوێنی.
پاڵان: کورتان. ئەسپی گێژ کە بۆ سواری دەس‌نەدا و هەر بۆ باربردن بەکار بهێنرێ. ئەسپی کۆتەڵ.
پاڵوو: لاپاڵ، لا پەراسووەکان.
پاوانە: خشڵێکی زێڕە ژنان ئەیکەنە پێ.
پدەر: وشەیەکی فارسییە بەمەعنا باوك.
پڕپێچش: ئەوەی لوولی زۆر تیابێ.
پڕتەو: تیشك، ڕووناکی.
پڕتەوبەخش: ڕووناکی‌دەر.
پرچ: زوڵف.
پڕخەم: پڕپێچ و لوول.
پردی سەرشەقام: پردێك بووە لە نزیکی مزگەوتی مامۆستا مەلا حوسەینی پیسکەندی لە سلێمانی.
پرسش: پرسیار.
پڕ کەباب: لەتاو دەردی دووری سووتاو و بە کەباب بوو.
پشتان: هاوباڵا.
پوختەگی: پوختەیی. کوڵان.
پودەر: باوك.
پوڕ: پڕ.
پۆست بەکۆڵ: ئەوەی پێستی حەیوان لەبەر ئەکا. مەبەست لە «مەجنوونی لەیلا»یە.
پوشت: پشت و پەنا.
پوشتان: هاوقەد و دەس‌لەمل.
پوول: نەختێکی کەم و بێ‌بایەخ بووە.

پەتك: ئەو بەنەی بەڕە و جەواڵی لێ دروست ئەکەن.
پەچە: ڕووپۆش.
پەخش: بڵاو.
پەرچەم: ئەو بەشە قژەی بەسەر ناوچاواندا دێتەوە. زوڵف.
پەروێزە: بێژنگ.
پەروین: چەند ئەستێرەیەکی وردن لە دەوری ئەستێرەی «سەور» کۆبوونەتەوە.
پەڕی تیر: پەڕێکی تیژ بووە بەسەر تیرەوە، کە تیرەکەیان تەقاندووەتە کەسێك و لێی‌داوە پەڕە تیژەکەی پیا چووە و لە لەشیا ماوەتەوە و تیرەکە خۆی کەوتووەتە خوارەوە.
پەرێشان: بڵاو، شێواو.
پەششە: مێشوولە.
پەشم: خوری. خەیاڵی خاو، خوری و موو. هیچ و پووچ.
پەڵاس: فەرشێکی ڕەنگاوڕەنگە لە خوری ئەچنرێ، کورکی نییە، وەك سوابێ وایە. بە کراسی زبر و ئەستووریش ئەڵێن کە دەروێشان لەبەری ئەکەن.
پەیاپەی: دەس‌بەجێ. یەك لەدوای یەك، لە پشتی سەری یەکەوە، لەدوای یەکەوە.
پەیام: نامە یا هەواڵی نێرراو.
پەی دەکا: پەی‌کردن واتە: بڕینەوە.
پەیغام‌بەر: پەیام‌بەر، پێغەمبەر.
پەیك: فروستادە، کەسێ بە کارێ نێررابێ بۆ شوێنێك. نامەبەر.
پەیکان: تیر.
پەی‌کردن: بڕین. بڕینەوەی چوار پەلی وڵاخە، قاچ‌بڕینەوە.

پەی‌کەر: ئەوەی پەی ئەکا.
پەیکەر: تیمسال، هەیکەل، موجەسەمە.
پەیمان: گفت.
پیاڵەی شۆخی مینا: ئەبێ مەبەست لێی ئاوێنەکەی جەمشید بێ کە ئەڵێن دنیای تیا دیوە.
پێچ: لوول خواردن.
پێچش: پێچ و ئەڵقە خواردن و لوول‌بوون.
پێچ و شکەن: لوول و تێك‌شکاو، چەمیوە و ئەڵقە ئەڵقە.
پێچە: پەچە، پارچەیەکی ڕەشی تەنکە ژنان جاران ئەیاندا بە ناوچاویاندا بۆ ئەوەی نامەحرەم نەیانبینێ، ئێستاش هێشتا لە هەندێ شوێنا هەر باوە بە تایبەتی لەناو ژنانی بەساڵاچوودا.
پێچیدە: لوول‌خواردوو و لەیەك‌ئاڵاو.
پیرمەسوور: پیر مەنسوور، پیاو چاکێك بووە شەخسەکەی لە داوێنی گەڕەکی مەڵکەندییەوەیە، ئێستا بەو دەوروبەرە ئەڵێن گەڕەکی پیرمەسوور.
پێشانی: ناوچاوان.
پێش‌خزمەت: خزمەتکار.
پێشین: کۆن.
پیلەتەنی: پاڵەوانی.
پێ‌مەلە: جۆرێ کە لە جۆرەکانی مەلە، ئاوی زیاتر بە پێ تیا لە ڕێ لائەدرێ.

## پیتی تێ «ت»

تا: تای بار، یاخود تاڵ. تای ترازوو. لەوکاتەوە.
تاب: تاو، گەرما. تاوی باران.
تابان: تیشك‌دەرەوە.
تابش: تاو، گەرمی، تین. گڕ سەندن.

تاب و تاو: گەرمی.
تابیع: شوێنکەوتوو.
تاتا: تەڵ تەڵ وەستاو.
تاجی عەرەب: پێغەمبەرﷺ.
تار: تاریك، تاڵی موو، تاڵ.
تارا: سەرپۆشی بووك.
تار و پۆ: تان و پۆ.
تار و مار: پـــرژ و بـــڵاو و ئـــاوارەکـراو، ڕەش و لوول. سەرەوژێر بوو و تێکچوو.
تاری: هەڵاتوو.
تار: ڕەش و تاریك.
تاریك: ئـەوەی واز لە شـتێ بێنێ.
تازە جەوان: جوانێ لە تـافی لاوێتیدا.
تازی: تانجی، سەگی ڕاو.
تاسات: جەمعی «تاسە»یە.
تاس، «طاس»: پیاڵەی مەی. تاسە، کاسە.
تاغی، «طاغي»: سەرکەش و ستەمکار.
تاق: تاق، پەنجەرەی هیلالی. تەریك کەوتوو. تەنها.
تاقە: قوماشێکی ئاوریشـمی جوان بوو جاران ئەیانکرد بە کەوا و لەبەر تیشکی خـۆردا ئەبریسکایەوە.
تاقەت: توانا.
تاقی دا: لەڕ بوو، چەمییەوە.
تاقی کیسرەوی: تاقی کیسرا کە پاشماوەکـەی ئـێستا لە نزیکی شاری سەلمان پاکەوەیە.
تاقی نەزارەت: شوێنێك بووە وەك باڵاخانە لە عـەمارەتـی گەورەکانا کە هەڵسوکەوت و هاتوچۆ بۆ دەر و ناو ماڵیان لەژێر چاوگرتووە.
تاڵی شاری: دەرمانێکـە بـۆ خۆش‌کردنی پێستە بەکاری دێنن.
تالیع، «طالع»: بـــەخت و

چاره. هەڵاتوو.
تانجەرۆ: چەمێکە لە سەرچاوەکانی سەرچنارەوە پەیدا ئەبێ و، لە داوێنی سولەیمانییەوە بە بناری چیای گڵەزەردەدا بەرەو شارەزوور مل ئەنێ و لە «دواوان»دا ئەڕژێتە سیروانەوە.
تاو: هێز و توانا. هەتاو، خۆر.
تاها، «طاها»: یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەرﷺ.
تاهیر: پاك.
تایەکی: تەڵە موویەکی.
ترکە: چارۆکەی کۆڵ.
﴿تَشْخَصُ أَبْصارُهُم﴾: چاویان ئەبڵەق ئەبێ.
تکاو: ڕژاوە خوار.
توحفە: دیاری. دیاری نایاب و گرانبەها، عەنتیکە.
توحەف: جەمعی توحفەیە واتە: نایاب و عەنتیکە.

توربەت: گۆڕ.
توڕڕە: ئیمزا. لوول. زوڵف. ئیمزای توغرایی. مووی ئەملا و ئەولای ناوچاو. مۆر، نیشانە.
توڕڕەنووس: ئەوەی نەخشی لوول و ئاڵۆز ئەنووسێ.
توروق، «طُرُق»: جەمعی «تەریقە»یە کە تەریقەتی ئەهلی تەسەووفە، یا جەمعی «تەریق»ە بەمەعنا ڕێگاوبان.
توشنە: تینوو.
توغرا: جۆرە مۆرێکی سوڵتانەکانی عوسمانییە. خاڵ. مۆری پادشا، زوڵفی لوول.
تۆفان: لافاو.
توففاح: سێو.
توفەیلی، «طُفَيْل»: ئەوەی لە خۆڕایی خۆی بە کەسێکدا هەڵواسێ، خوبزە.

تۆمار: جاران ئەو نامانەی بە خەتی خۆش ئەنووسران و ڕستەی جوانیان تیا ئەهۆنرایەوە، کۆیان ئەکردنەوە و بەڕیز ئەیانلکاندن بەیەکەوە و پاشان لوولیان ئەکرد و نامە نامە بە دەرس بە منداڵیان ئەوت بۆ ئەوەی نووسەری خەت خۆش و ڕەوانبێژیان لێ دەرچێ، بەوەیان ئەوت تۆمار.

توبا، «شجرة الطوبىٰ»: درەختی توبا، درەختێکە لە بەهەشتدا.

تووڕا: تووڕە.

توور، «طور»: کێوی توور.

توولانی: درێژەدار.

توول، «طول»: درێژی.

توولی ئەمەل: درێژی هیوا.

توهمەت: ئیفتیرا، بوختان.

تەئەممول: ورد بوونەوە.

تەبایی: نابووتی و کەڵك پێوەنەبوون.

تەبع، «طَبع»: تەبیعەت. سروشت.

تەبەسسوم: زەردەخەنە.

تەبەق، «طَبَق»: قاپی گەورەی چێشت.

تەبیب، «طبیب»: ئەوەی تیماری نەخۆشی ئەکا. پزیشك.

تەجرید: ڕووت بوونەوە لە ماددییات.

تەجەللی: دەرکەوتن، دەرکەوتنی نووری خودا.

تەحتانی: ژێرخان.

تەحریر: ئامادەکردن. نووسین.

تەحسیل، «تحصیل»: پەیداکردن. دەستخستن.

تەحەییور: سەرسامی.

تەخت: تەختی سینە و تەختی ڕوو.

تەختە بەند: شـوێنـێ بـە تەختەی بە بزمار داكـوتـراو فەرش كرابێ.

تەدارەك: ئامادە.

تەدقیق: وردەكاری.

تەرح، «طَرح»: شێوە.

تەڕدەستی: ئەوەتـە بـنیادەم زوو بـێتـە دەست و كـار هەڵسووڕێنێ.

تەڕ دەماخ: بە شەوق.

تەرز، «طَرز»: جۆر.

تەرك، تەرەك: كچی نەكراوە.

تەرەب: ساز و ئاواز.

تەرەح، تَرَح: خەفەت.

تەرەف: لا، بەش.

تەرەققی: سـەركـەوتـن و بەرزبوونەوە.

تەرەنوم: لەبەر خۆوە گۆرانی وتن.

تەریق، «طَریق»: ڕێگا.

تەزەرو: جۆرە چۆلەكەیەكە گۆشتی ئەخورێ، كلكێكی درێژ و پەڕێكی جوانی هەیە.

تەسبیح: سوبحانەڵڵا كردن.

تەسحیح: ســاغكردنـەوە، ڕاستكردنەوەی هەڵەی نـاو كتێب.

تەسخیر: داگیركردن و سـەر پێ نەویكردن. هێنانە ژێربار و ڕامكردن.

تەسكین: دامركـان، ئـۆقـرە گرتن.

تەسلیم: دانەوە.

تەسوید: نووسراوی پاكنووس نەكراو.

تەسویر، «تَصویر»: وێنەكێشان.

تەسەببور، «تَصبُّر»: ئەوەتـە بنیادەم خۆی وا پیشان بداكە لەعاستی دەرد و ناڕەحەتیدا دان بە خۆیدا ئەگرێ.

تەشریف: شەرەفمەند كردن. قەدردار كردن. قەدر زانین و

گەورە کردن.
تەشویر: گەلێ مەعنای هەیە وەك شەرمەزار کردن و ئاڵۆزاندن و سەر لێ شێواندن و خۆشی.
تەعبییە: کۆکردنەوە، زاراوەیەکی سوپاییشە.
تەعداد: ژمارە کردن.
تەعریف: کردنی نەکیرە بە مەعریفە، ناساندن.
تەعمیر: ئاوەدان کردنەوە.
تەعمیق: قووڵکردنەوە. ڕۆچوون.
تەعن، «طَعن»: ڕم پیا کردن.
تەعنە، «طَعنَة»: تانە و لۆمە.
تەغنیە: گۆرانی وتن.
تەفرەقە نەزەر: ئەوەی هێزی بینینی پەرێشانە و سەرنجی چاوی بەم‌لا و بەولادا ئەڕوا و یەکی بە دوان دێتە پێش چاو.
تەقبیل: ماچ کردن.
تەقریب: نزیك بوونەوە لە خوا.
تەقریر: بڕیاردان. ڕەزامەندی پێغەمبەر ﷺ لە شتێ بیستبێتی یا کردەوەیەك دیبێتی. جۆرێکە لە جۆرەکانی حەدیسی پێغەمبەر ﷺ، زاراوەیەکی مەلایانەیە، بەوە ئەڵێن کە مامۆستا بابەتێك بۆ فەقێ لێك ئەداتەوە.
تەقسیر: درێغی. کەمتەرخەمی.
تەکالیف: ئەرك، عیبادەت.
تەکلیفات، باری قورس لە ئەستۆ گرتن.
تەکلیفی «لا یُطاق»: داوای کردنی کارێ کە نەکرێ و لە توانای بنیادەما نەبێ بیکا.
تەکیە: ئەوەی پاڵی پێوە بدرێ، پشتی.
تەڵا: زێڕ.
تەڵای ئەحمەر: زێڕی سوور.
تەلبیس: ڕیا و فێڵبازی،

لەبەرکردن، پۆشین.
تەلبییە: خوێندنی دوعای «لَبَّيْكَ... اللَّهُمَّ لَبَّيكَ...» کە حاجی لەپاش ئیحرام دابەستن بۆ حەج و لەکاتی سووڕانەوەیاندا بەدەوری کەعبەدا و لە هەندێ کاتی تردا ئەیخوێنن.
تەلعەت: دەرکەوتن. ڕوو. ناوچاوان. هەڵاتن. دیمەن.
تەلوین: ڕەنگاوڕەنگ کردن. دوو زمانی و فرە ڕوویی.
تەلەئلوء: بریسکانەوە.
تەڵەب، «طَلَب»: پەیجۆر، داوا.
تەلەف: فەوتاو.
تەلیسم: ئەفسانە و جادووی پەی پێ نەبراو.
تەمام: هەموو. ڕاست.
تەمکین: ڕێز و قەدر لێ گرتن.
تەمەع، «طَمَع»: تەما.
تەمەننا: ئاوات.
تەن: لەش.
تەناب، «طناب»: تەناف، گوریس.
تەنپەروەری: خزمەتکردنی لەش.
تەندوورە: تەنوورە، گێژی قووڵی ئاو.
تەنکیر: نەکیرەیەتی، نەناسراوی.
تەنگە: تەنگانە.
تەنها: لەشەکان، جەمعی «تەن»ە واتە لەش.
تەنی: تەنین، چنینی ڕایەخ.
تەواف: یەکێکە لە کارەکانی حەج، گەڕانە بە دەوری ماڵی کەعبەدا.
تەور، «طَوْر»: کردار و ڕەوشت، گۆڕان.
تەوف، «طَوْف»: تەواف، بەدەوراگەڕان.

تەوق: کۆت. ملەوانە.
تەوەققوف: وەستان، چاوەڕوانی.
تەهوور: پاك کەرەوە.
تەیبە، «طَیْبە»: ناوی شاری مەدینەیە کە قەبری پیرۆزی پێغەمبەری تیایە.
تەی، «طَي»: پێچانەوە، تەیکردن. دوایی هێنان. دوابڕین.
تەیکەر: ڕێبڕ و ماندوو نەبوو.
تەییب و تاهیر، «طیّب و طاهر»: پاك و خاوێن.
تیب، «طیب»: بۆنخۆشی. شتی بۆنخۆش.
تیپ: تیپی لەشکر.
تیز: تیژ.
تیژاو: تێزاب، شلەیەکی کیمیاییە زێڕی بێ گەردی لە ناپاك پێ جیا ئەکرێتەوە.
تیلەسم، «طَلیسم»: پارچە کاغەزێك یا پارچە میتاڵێکە جادووگەران چەند وشەو نەخش و خشتەیەکی لێ ئەنووسن گوایە بۆ چاوەزار و شتیوا باشە.
تیمساح: گیان لەبەرێکی ئاوییە لەشێکی گەورە و کلکێکی درێژ و دەس و قاچێکی کورتی هەیە و قەپاغێکی ئەستووری هەیە وەك قەپاغی کیسەڵ.

## پیتی جیم «ج»

جا: جاه، پایە.
جادوو: سیحرباز.
جادوو مار: ماری سیحرباز.
جاڕووب: گسك.
جاری: ڕەوان.
جاریح: ڕەخنە گر و بریندارکەر.
جازیبە: ڕاکێشەر.

**جام:** پیاڵەی مەی.

**جامی جەم، جامی جەمشید:** جەمشید یەکێك بووە لە پادشا ناودارەکانی ئێران، ئەڵێن ئاوێنەیەکی بووە دنیای تیا دیوە. ئەوە جامەکەیەتی.

**جان:** گیان.

**جانباز:** ئەوەی گیانی خۆی ئەخاتە مەترسییەوە و مل ئەنێ و گوێ بە مەترسی نادا.

**جان بەر لەب:** ئەوەی گیانی گەیشتبێتە سەر لێوی.

**جان:** «جانّ»، جنۆکە.

**جان سەختی:** گیان سەختی، زوو گیان دەرنەچوون، خۆ بەدستەوە نەدان.

**جانیب:** لا.

**جانی جانان:** «روح الأرواح»، کینایەیە لە خوای گەورە و هێمایشە بۆ نازناوی یەکێ لە پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی کە ناوی «شێخ مەزهەر» بووە.

**جاو:** خامی گازری نەکراو.

**جاهیلییەت:** نەزانی، سەردەمی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام.

**جگەرگۆشە:** پارچەیەك لە جگەر. کینایەیە لە منداڵ کە پارچەیەکە لە جگەری دایك و باوکی.

**جلە:** «جِلَّة»، بە عەرەبی جۆرە بەلەمێکی گەورەیە.

**جڵەو:** جڵەوی ئەسپ.

**جڵەوکێشی تەماشا:** جڵەوی سەرنجی خەڵکی ڕائەکێشێ بۆ تەماشاکردنی ئەو جیلوەیە.

**«جنةالمأوی»:** بەهەشت.

**جۆبار:** جۆگە.

**جودا:** جیا.

**جوز:** پارچە. بەشێك لە چەند بەشێکی کتێبێك.

**جۆشش:** کوڵان. هاتنە جۆش و هەڵقوڵان.

جوعبه: تیردان.

جوعەل: قالۆنچە.

جوفتەلی: جووتە هاوێژ.

جونبوش: جم و جووڵ.

جووت: جووتە گا و جووت کردن، دوانە.

جوود: بەخشش.

جۆیا: ئەو کەسەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ.

جۆیایی بەقا: ئەوەی بەتەمای ژیانی هەمیشەیی یە.

جەبر: گرتنەوەی شکستە.

جەبری نوقسان: پڕکردنەوەی ناتەواوی.

جەبەل: چیا.

جەبهە: ناوچاوان. تەوێڵ.

جەبین: تەوێل، ناوچاو.

جەدوەل: جۆگا، ئەو خەتانەی جاران لەکاتی کتێب نووسینەوەدا بە مەرەکەبی سوور لەسەر کتێب ئەکێشران بۆ جیاکردنەوەی دێڕەکان و شوێنی دێڕەکان لە یەکتر.

جەدەل: بەرپەرچ دانەوەی یەکتر بە گفتوگۆ.

جەدەو: وڵاخێکە برین لە پشتی ملی هاتبێ و برینەکەی تەشەنەی کردبێ و چاك نەبێتەوە.

جەدی: یەکێکە لە برجەکانی ئاسمان.

جەڕ: بەستن. ژێر « ـِ »، ڕاکێشان.

جەڕڕاح: ئەوەی تیماری زام ئەکا.

جەڕڕاڕ: ڕاکێشەر، سوپای بێ شمار.

جەڕڕە: کووپە.

جەریر: جڵەو، ڕەشوەی وڵاخ.

جەزبە: هێزی ڕاکێشان. لای ئەهلی تەسەووفیش بارێکی دەروونی تایبەتییە بەسەر

بینادەمدا دێت.

جەزل: بە دەس و دەهەندە.

جەزم: زەنە «ـْـ»، تەواوکردن.

جەستە: لاشە. لەش.

جەفیر: هەگبەیەکە لە دار پێستی پێوە نەبێ، یا لە پێست داری تیا بەکار نەهێنرابێ، تیردان.

جەلا: ڕوشنی و پاکی و بێ گەردی، دەرکەوتن.

جەلال: گەورەیی.

جەلب: ڕاکێشان.

جەلوەتی: نیسبەتە ئەپاڵ جەلوە، واتە: نومایش و دەرکەوتن.

جەماڵ: جوانی.

جەمجا: جێ نیشنی جەمشید.

جەمع: کۆمەڵ. پرژ و بڵاو نەبوو.

جەمماز: وشتری تیژڕەو.

جەنان: دڵ.

جەنب: لا، تەنیشت.

جەننەتی: بەهەشتی.

جەنووب: بای گەرمی باشوور.

جەو: جۆ.

جەوابی نادەم: ڕێی لێ ناگرم، دڵی ناشکێنم. یاخود وەڵامی نادەمەوە، چی ئەکا با بۆ خۆی بیکا.

جەوت: کڵاوی بەڕووی بەری دار بەڕوو ئەیکوتن و پێستەی پێ خۆش ئەکەن و ئەیکەن بە کوندە و مەشکە.

جەور: ستەم.

جەوهەر: ئەو نەخشە ئاوییانەی لە خەنجەری دەبانا دەرئەکەون لە کاتی ئەمدیو و ئەودیو پێ کردنیا. جەوهەری فەرد، ئەو پارچەیەی کەرت ناکرێ.

جەوهەری: جەوهەردار، دەبان.

جەوهەری فەرد: ئەو ماددە بچکوولەیەی بەش کردن هەڵناگرێ. بەرابەرەکەی جەوهەری مورەککەبە.

جەهلی مورەککەب: نەزانینی دووباد، نەزانین و نەزانین بە نەزانینەکەش.

جەهوول: هیچ نەزان.

جەیحوون: ڕووبارێکە لە تورکمانیا.

جیرایەی ساڵحان: ئەو بەراتەی بۆ پیاوچاکان تەرخان ئەکرێ کە پێیبژین و خەریکی خواپەرستی خۆیان بن.

جیفە: بۆگەن، مردارەوەبوو.

جیفەخواری: خواردنی مردارەوەبوو.

جیلوە: دەرکەوتن. ورشە. ڕووناکی، ورشە، بەها.

جیلوەدەر: ورشەبەخش.

جیلوەگاه: جێگای دەرکەوتن و ورشەدانەوە.

جینان: جەمعی «جەننەت»ە بەمەعنا بەهەشت.

جینس و فەسڵ، «فَصل»: دوو زاراوەی عیلمی مەنتیقن.

جیوار: دراوسێیەتی.

## پیتی چیم «چ»

چ: چەند. هەر.

چا: چاك، یا چایی.

چاپلووس: مەرائیکەر و شانتەکێن.

چاك: کراوە و ئاشکرا. لەت. درز.

چاك چاك: لەتلەت.

چاکی دامەن: چاکی داوێن.

چاوە: سەرچاوە و کانیاو.

چاوەچاو: چاوەڕوانی.

چاوێنە: وەك لەناو چاڵ «چاڵە ئاو»دا.

چاه: چاڵ، کانی ئاو.

**چایر:** بەهاربەند، هەرێز و سەوزە گیا کە وڵاخی تیا ئەلەوەڕێ.

**چایەر:** بەهاربەند، تەویلە.

**چرووك:** پووچ.

**چللە:** ئەو ژێیەی کەوانە کە ئەچەمێنێتەوە.

**چلۆن:** چۆن.

**چنوور:** گیایەکی بۆنخۆشی کێوییە.

**چوار تاق:** جۆرە دەوارێکی چوار گۆشەییە.

**چوست:** چالاك.

**چەپکەن:** جل و بەرگی ڕازاوەی شەو.

**چەرخ:** ئاسمان. سووڕانەوە.

**چەرخی ئەتڵەس ڕەنگ:** ئاسمانی شین.

**چەرخی ئەخزەر، «أَخْضَر»:** ئاسمانی سەوز.

**چەرخی دەوران:** ئاسمانەکان.

**چەسپانی:** گورج و گۆڵی.

**چەسپیدە:** چەسپاو و پڕ بە پڕ.

**چەشمەسار:** سەرچاوە.

**چەمەن:** باخ و گوڵزار. چیمەن.

**چەمەن ئارا:** چیمەن ڕازێنەوە.

**چەمەن پیرا:** وشەیەکی فارسییە واتە: ئەوەی باخ ئەڕازێنێتەوە، باخەوان.

**چەمەنزار:** جێگای سەوزی.

**چەمەنی:** ئەوەی ڕەنگی وەك چیمەن سەوز بێ.

**چەنبەرە:** چەڵەمەی ملی گاجووت.

**چیا:** شاخ.

**چین و خەتا:** وڵاتی چین و وڵاتی خەتا و خوتەن.

**چین و ماچین:** وڵاتی چین.

## پیتی حێ «ح»

**حادی:** ئەوەی کە وشتر ڕائەکێشێ و وردە وردە لەبەر

خۆیەوە گۆرانی بۆ ئەڵێ.

**حادیس،** «حادث»: شـــتێ نەبووبێ و پەیدا بووبی، دژی «قەدیم»ە. حادیس و قەدیم لە بابەت و زاراوەکانی عیلمی کەلامن.

**حاریس:** پاسەوان.

**حازر،** «حاضر»: ئـامادە. لە عــیلمی نـەحویشدا جـۆرە زەمـــیرێك و لە عــیلمی سەرفیشدا جۆرە فیعلێکە.

**حاشا:** هەرگیز.

**حاکی:** ئەوەی شتێ بگێڕێتەوە.

**حاڵ:** حاڵ لێ هاتن، وەزعێکی تایبەتییە بـەسەر دەروێش و سـۆفـیدا دێت و جـڵەوی خـۆیـانیان تـیا لەدەست دەرئەچێ، تێکڕای بار و وەزع.

**حاڵاتی میحاق:** ئەو کـاتەی مــانگ ئـەگــاتە ڕادەی ئەوپەڕی باریکی و لاوازی و

لە بەرچاو ون ئەبێ.

**حامیل:** هەڵگر، دوو گیان.

**حلقه در گوش:** ڕستەیەکـی فارسییە، واتە: ئەڵقە لە گوێ، کینایەیە لە بەندە و خزمەتکار.

**حوبب:** خۆشەویستی.

**حوججەت:** بەڵگە.

**حوجرە:** ژوورێکـــە لەپـاڵ مزگەوتدا فەقێ تیا ئـەژین و تیا ئەخوێنن.

**حورمەت:** حەرامی.

**حورووفی جەڕڕە:** چـــەند وشەیەکن لە زمانی عەرەبـدا کە چوونە سەر ئیسم «ژێر»ی ئەدەنێ، ئەم لا و ئەولای گۆزە، چونکە «حورووف» جـەمعی «حەرف»ە واتە: ئەم لا و ئەولا «جەڕڕە»ش بەمەعنا گۆزەیە.

**حۆری:** حۆرییانی بەهەشت، کچانی جوان کە ئامادەکراون بۆ بەهەشتیەکان.

حوزوور: هاتنه خزمەت.

حوسن: جوانی.

حوسنی سوورەت: جوانی شێوە.

حوققە: ئاسمان، سندووقی بچکوولانەی بۆنخۆشی و وردە شتی پێویستی ئافرەتە، قوتووی بچووك.

حوققەی تیب، «طیب»: سندۆق یا قوتووی بۆن خۆشی.

حوکەما: جەمعی حەکیمە واتە: فەیلەسووف و زۆرزان.

حومق: بێعەقڵی.

حووری عینم: حۆرییە سپییەکانم، مەبەست لە گلێنەی چاوە. یاخود: حۆریی عەینم، واتە: چاوی وەك حۆریم.

حەبە: دەنك.

حەبەش‌زادە: بەچکەی ڕەشی حەبەشەیی، کۆیلە.

حەبیبە: یارەکەی نالی.

حەتا: هەتاوەکو، تەنانەت.

حەجلە: شوێنی تایبەتی یەکەم شەوی بووك و زاوا.

حەد: سزای شەرعی گوناه، توانا.

حەداسەت: لاوێتی، حەدیس بە «حدَّثَني» گێڕانەوە.

حەددی وەسەت، «وَسَط»: ڕادەی مامناوەندی. لە زانستی مەنتیقدا «حەددی ئەوسەت» وشەی دووبارە کراوەی ناو «سوغرا» و «کوبرا»یە.

حەدیس، «حدیث»: فەرموودە یا کردەوەی پێغەمبەر یا بێدەنگ‌بوونی لە شتێ.

حەرارەت: گەرما.

حەرارەت نوما: گەرما نوێن.

حەرباء: یەکێکە لە گیانلەبەرە خشۆکەکان ڕەنگی بە گوێرەی ئەو شوێنەی تیایەتی ئەگۆڕێ، حەزی زۆر لە بەرخۆرە.

کینایەیە لەو کەسانە کە بۆ هەر دەور و سەردەمێ بەرگی ئەو دەور و سەردەمە لەبەرئەکەن.

حەرەکات: جووڵە.

حەرەم: حەرەمی کەعبە کە ڕاوکردنی تیا قەدەغەیە، مەککە و دەوروبەری، ژن.

حەریر: ئاوریشم.

حەریف: هاودەم.

حەریق: سووتاو.

حەزرەت: حازری. دیاربوون.

حەزەر، «حَضَر»: خانەنشین.

حەزیرە، «حظیرة»: پەچە، مۆڵگە.

حەسات، «حصات»: وردە بەرد.

حەسار، «حَصار»: شوورە.

حەسرەت: داخ و خەفەت.

حەسنا: جوان. «حَسْناء»، ئافرەتی جوان.

حەسەن: جوان.

حەفیر: هەڵکەنراو، قووڵایی.

حەق: خوا.

حەقیقەت: ئەو وشەیەی بۆ مەعنای ڕاستەقینەی خۆی بەکار هێنرابێ.

حەلاوەت: شیرینی.

حەلق: گەروو.

حەڵقە: کۆبوونەوەی سۆفییەکان بۆ یادی خوا و پیرانی تەریقەت و بیرکردنەوە لە مەرگ و قەبر و قیامەت، لەگەڵ بەکارهێنانی وردە بەردی گوێ چەمدا لەجیاتی تەزبێح.

حەلقەیی دەر: ئەڵقەڕێزی دەرگا کە هەمیشە لە دەرەوەیە و سەر بائەدا و چاوەڕوانە...

حەڵقەیی زیکر: کۆبوونەوەی دەروێشی قادری یا سۆفی نەقشبەندی بۆ ناوهێنان و یادکردنەوەی خوا.

حەڵقەیی هیندووسیان: ئەڵقەی ڕەش وەك هیندۆكی كە پێستیان ڕەشتاڵەیە، لووتەوانە.

حەمامات: كۆترەكان.

حەمایێڵ: ئەوەی ڕاست و چەپ لە مل كرابێ وەك فیشەكلۆغ و شمشێر و شتیوا یا دوعای لە كیف گیراو.

حەمرا: سوور.

حەنا: خەنە.

حەنایی: سوور. خەناوی، گیراوە خەنە.

حەوادیس، «حوادِث»: جەمعی حادیسە «حادثة»یە واتە: ڕووداو.

حەی «حَيّ»: هۆز. زیندوو، مار، سووك كراوەی «حەییە»یە.

حەیران: سەرسام.

حەییی ئەكبەر: ئەوەی نامرێ و لە هەمووكەسێ و لە هەموو شتێ گەورەترە، خودا.

حیجاب: پەردە، دەرگاوان.

حیجاز: وڵاتی حیجاز، ئاوازێكی مۆسیقایە.

حیددەت: تیژ.

حیرس، «حِرص»: تەماع.

حیرەتزەدە: سەرسام و سەرگەردان.

حیفز، «حفظ»: پاراستن، پارێزگار.

حیكمەت: فەرموودەی بەمەعنا.

حیكمەتی شیعر: شیعر و هەڵبەستی وا كە پڕ بێ لە مەعنا و زانست.

حیكەم: جەمعی «حیكمەت»ە واتە: ژیری و زانایی، ناوی یەكێكیشە لە زانستەكان كە ئەگەر لەگەڵ زاراوەی زانستی ئەم چەرخەدا بەراوردی بكەین، فەلسەفە و پزیشكی و فیزیا و دەروونشناسی ئەگرێتەوە.

**حییەل «حِیَل»:** جـــەمعی حیلەیە واتە فێڵ.

## پیتی خێ «خ»

**خائیب:** نائومێد.

**خاتر:** دڵ و دەروون.

**خاتەمی شان:** مـــەشهوورە پێغەمبەر نـیشانەیەك بـەناو شانییەوە بووە: ئەوە نـیشانەی پێغەمبەری بووە. مەبەست لە «عالی خاتەمی شان» ئەوەیە مـۆری نـاوشـانی لە هـەموو کەس دیار و ئاشکرا بووە.

**خاتیمەی حوسن:** عـاقیبەت خێری، مردن.

**خار:** درِك.

**خارا:** جـۆرە قـومـاشێکـی ئاوریشمە لە جوانیدا وا دێتە پێش چاو کەوا شەپۆل ئەدا. دوو جـۆری هـەیە: سـادە و خەت خەت.

**خارخاری:** دڵەکوتە و یـاد و ئارەزوو.

**خاریقی عادات:** ئـــــەو کـــردارانـــەی لە تـــوانـای هەمووکەسدا نین و خواوەنـد بەهرەی لێهاتنیان تەنها بـە هەندێ کەسی هـەڵبژاردەی خۆی ئەدا.

**خاسیر:** دۆڕاندوو.

**خاسیەت:** نیشانەی تایبەتی.

**خاقان:** پادشا.

**خاقانی:** خاقانییەتی چین، یا تێکڕای گەورەیی، یا ئیشارەتە بۆ «خاقانی»ی شاعیر.

**خاکستەر:** خۆڵەکەوە.

**خاکستەری:** ڕەنگ وەك خۆڵەمێش، هەژار و بێئازار.

**خاك و خۆڵ:** دێیـەکـە لە نزیکی چەمی تانجەرۆوە، لە نـاوچـەی «عـەربەت»، ٢٤ کیلۆمـەترێك لە ڕۆژهەڵاتـی

سولەیمانییەوەیە.
**خاکی بەری پێت:** ئـــەو خاکەی تۆ بەسەریا ئەڕۆی.
**خاکی دامەن:** ئـەو خـۆڵ و تۆزەی ئەنووسێ بە داوێنەوە.
**خاڵ:** جەوهەری فەرد کە بـە هیچ بارێکا بەش ناکرێ.
**خاڵی:** چۆڵ.
**خالیس، «خالِص»:** بێ گەرد.
**خام:** کـــاڵ، نـــەبرژاو، پێ نەگەیشتوو.
**خامۆش:** بێ دەنگ، کوژاوە.
**خامە:** قەڵەم.
**خامەك:** قوماشێکی ئاوریشمە گەلێ ڕەنگی هەیە، ڕەنگـی هەرە باوی مۆرە.
**خانم:** ئــافرەتـــی گـەورە و سەرۆك.
**خان و مان:** جێگە و ڕێگە و ماڵ و مەڵبەند.
**خانە:** خانوو. ماڵ.

**خانەزا:** لە ماڵا لەدایك بـوو، ماڵی.
**خانەقا:** جێگای خواپەرستی پـــەیڕەوانـــی تـــەریقەتی نـــەقشبەندی. خـــانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، لە گەڕەکی «دەرگەزێن» کـە مـەحموود پـاشای بـابان دروستی کـردووە، جـێگـای خـواپـەرستی پـەیڕەوانـی تەریقەتی نەقشبەندی.
**خانێکە:** خانەیەکە، خانوێکە.
**خاو:** دژی کرژ.
**خرچە:** کاڵەکی نەگەیوو.
**خڕخاڵ:** بازنگ.
**خڕیدار:** کڕیار.
**خزر، «خضر»:** حـەزرەتـی «خزر» پێغەمبەر، یـا «مـەلا خدری نالی» خۆی.
**خزری زیندە:** خدری زیندە کە ئەڵێن تا ڕۆژی قـیامەت

نامرێ چونکه ئـاوی ژیـانی خواردووه‌ته‌وه.
خڵخاڵ: پاوانه.
خوار: بخۆر. نزم.
خواری: زه‌لیلی.
خواسته: داوا.
خوان: سفره.
خواهیش: داوا. ئاره‌زوو.
خوتوور: «خطور»: ئـه‌وه‌ی به‌دڵدا بێ. تێپه‌ڕین. خه‌یاڵ.
خود به خود: له‌خـۆوه. له خۆیه‌وه.
خودبین: ئه‌وه‌ی هه‌ر خۆی له به‌رچاو بێ.
خوددام: جـه‌معی خـادیمه واته: نۆکه‌ر.
خودنومایی: خۆده‌رخستن.
خودی: ئاگا لای خۆ بوون.
خوردسال: مناڵ.
خورڕه‌م: تازه و تێراو.
خورسه‌ندی: شادمانی.
خورشید: خۆر.
خوست: داوێن.
خرووس: که‌ڵه‌شێر.
خوسر: زیان تووش بوون.
خوسره‌و: پادشا، خوسـره‌وی په‌روێز پادشای ساسانی.
خوسره‌وی خاوه‌ر: پـادشای ڕۆژهه‌ڵات، کینایه‌یه له خۆر.
خۆش: چاك.
خوش: خۆش.
خۆشا: چه‌ند خۆشه، خۆزگه‌ی پێ بێ! ڕه‌ند: ئه‌وه‌ی خـۆی به‌هیچه‌وه نه‌به‌ستبێته‌وه.
خۆشاهه‌نگ: خۆش ئاواز و خـۆش بزووتـن، پـووره‌ی هه‌نگ که له ده‌وری کووره‌که کۆئه‌بنه‌وه.
خۆش سلووك‌تر: ڕه‌وشت باشتر.
خۆشه‌چین: گوڵۆچن، ئه‌وه‌ی له‌به‌ر ده‌س‌کـورتـی خـۆی، پاش خه‌رمان هه‌ڵگرتـن بـه

شوێن دەغڵەکەدا ئەگەڕێ، ئەگەر گوڵە گەنمێك بەپێوە مابێ یا لە زەویدا کەوتبێ هەڵیئەگرێ. هەروەها خۆشەچین بەوکەسەش ئەوترێ لەکوێ گوڵێ یا هێشوویەکی جوان بەدی بکا، ئەیکاتەوە. گوڵۆچنیکەر، ئەوەی خێر و بەرەکەتێکی زۆری دەسگیر ببێ.

**خوفیە:** نهێنی.

**خۆکردییە:** دەسکردی خۆماڵییە.

**خوم:** کووپەی گەورەی مەی و سرکە و شتیوا، خاسەڕەنگ کەجلی پێ شین ئەکەن.

**خووبان:** جوانان.

**خوونچەکە:** ڕەوانبوونی خوێن.

**خوونکار:** خوێنڕێژ، پادشا.

**خەبایا:** شاردراوە.

**خەبەر:** دەنگوباس.

**خەبەری بێئەسەر:** دەنگ و باسی بێسەر و شوێن.

**خەت:** پێلێنان. خەتی جەوهەری کە لای فەیلەسووفەکان شتێکی وەهمییە و تەنها بە باری درێژیدا بەش ئەکرێ. دێڕ. ڕازاندنەوەی مووی برۆ. گەنە مووی تازە ڕواوی سەر ڕووی نازداران. مووی تازە دەرهاتووی سمێڵ، ئەڵێن فڵانکەس خەتی داوە واتە: سمێڵی بۆز کردووە. جارانیش لە داوێنی لێوی خوارووەوە بۆسەر لووتکەی چەناکە نەخشێکی ستوونیان ئەکوتا، بەوەشیان ئەوت خەت.

**خەتا:** خەتا و خوتەن، دوو ناوچەن لە تورکمانستان. هەڵە.

**خەتیرە، «خطيرة»:** گرنگ و

خاوەن پایە.
خەتی سەبز: گـــەنەمووی سمێڵی تازە دەرهاتوو.
خەجڵەت: خـــەجاڵەتـــی، شەرمەزاری.
خەد: کوڵم.
خەدەنگ: تیر.
خەراب: ئەو سەرخـۆشـەی لەتام‌بەدەر سەرخۆش بێ، کە پێیشـی ئـەڵێن بـەدمەست. وێران.
خەرابات: کـەلاوە کـۆن و وێرانە. وێرانە و کاول.
خەراجات: خەرج و باج.
خەرافات: خەڵەفان.
خەرامیدەن: لارە و لەنجە کردن.
خەرج: بەش. سەرف کردن.
خەرزیە: ئالەتی پیاو.
خەرقە: عابا، پاڵتۆ.
خەرقەپۆش: سۆفی.
خەرقەی ئەزرەق: پـاڵتـۆی شین.
خەرکوڕڕە: جاشوولکە.
خەرمەن: خەرمان.
خەرەف: خەڵەفاو.
خەڕەك: ئالەتێکی دەستییە ژنـــان لە مـاڵا لۆکـەی پـێ ئەڕێسن و ئەیکەن بە دەزوو.
خەریك: گـــیرخـــواردوو و داماو.
خەز: ئاوریشم.
خەزرا، «خَضراء»: ســەوز، مەبەست ئاسمانە.
خەزز و بەز: غەز و بەز، پیو و چەوری.
خەس: وشتر خوار.
خەستە: نەخۆش، کەوتوو.
خەسف: ڕۆچوون.
خەسم، «خَصْم»: دوژمن.
خەسەکزار: شوێنی دڕکاوی.
خەشین‌پۆشی: لەبەرکـردنـی بەرگی زبر.

خەفی: نادیار، نهێنی.

خەلاسی: ڕزگاربوون.

خەلعەت: خەڵات. بەرگ.

خەڵوەت: گۆشەگیری سۆفییانە کە ماوەیەك لە ژوورێکدا ئەمێننەوە و ناچنە دەرەوە.

خەڵوەتنشین: ئەوەی لە شوێنێکی چۆڵدا بەتەنها دائەنیشێ خەریکی خواپەرستی ئەبێ.

خەڵوەتی: خەڵوەتنشین. گۆشەگیر.

خەلەف: پاشماوە.

خەم: پێچ و لوول. چەمیوە.

خەمڵابێ: ڕازابێتەوە.

خەملیوە: ڕازاوەتەوە.

خەمۆش: بێدەنگ.

خەمی: چەماوەیی.

خەندە: پێکەنین، کرانەوە.

خەوف: ترس.

خەوفناك: دڵ پڕ لە ترس.

خەیاڵ: خەیاڵ کردنەوە، سێبەر.

خەیمە: خێوەت. دەوار.

خیابان: ئەو هێڵە سپییەی لەنێوان دوو نیوە بەیتی قەسیدەدا ستوونی دائەکشێ، هەروەها سپێتی نێوان دێڕێك و دێڕێك. شەقام.

خیتاب، «خِطاب»: فەرموودە. لە عیلمی نەحویشدا جۆرە زەمیرێك و لە عیلمی سەرفیشدا جۆرە فیعلێکە.

خیتتە، «خِطَّة»: پارچە زەوی، ناوچە.

خیتمی، «خِطمی»: هێرۆ.

«خیرالبشر»: چاترینی ئادەمیزاد.

خیرس: ورچ.

## پیتی دال «د»

دا: تا. تاوەکوو.

دائیرە: باخ و باخچەی دەوری ماڵ. بازنە، خولە. دەوروبەر.

خڕ و بازنەیی. کۆڕبەستن و خڕبوونەوە.

داخۆ: ئاخۆ، ئایا.

دادەڕەس: کەسێ دادی کەسێ بدا.

دار: داری بەرابەری بەرد، ماڵ.

دارا: داریووش، دوا پادشای بنەماڵەی هەخامەنشی کە ئەسکەندەری مەکدۆنی بەزاندی.

«دارالعلم»: خوێندن‌خانە.

دارِ زَردە: داری زەرد، شاخێکە لە قەرەداغ.

داری هیند: داری بخوور کە بۆ بۆن‌خۆشی ئەیسووتێنن.

داغ: داخ. سووتاو و ڕەش هەڵگەڕاو.

داغات: داخەکانی.

داکەوێتن: داکەوێ.

دام: داو.

داماد: زاوا.

دامەن: داوێن، بەشی خوارووی هەر چوار پەل.

دامێن: داوێن، بنار.

دانایی: زانایی.

دانش: زانین.

دان‌کەندن: کینایەیە لە دەس‌بەردار بوون.

دانگ: بەشێك لە شتێك، کینایەیە لە کەمی.

دانە: ئەو دانەی بۆ پەلەوەر دائەکرێ. ئەو گەنمەی لەبەر داوا دائەکرێ تا چۆلەکە بێتە سەری و ببێ بە تەڵەوە. دەنك.

دانی: نزیك.

داوە شەعر: تاڵە موو.

دراو: سکە، لێ‌دراو، بەخشراو.

دَردَتیِ: دەردی من.

درێغا: داخەکەم.

دَشْتَةً: دەشتێك.

دڵارامی: دڵ ئارامی، ئارامی

دڵ. مایەی ئارامی دڵەکەی، یارەکەی.
دلاوێز: دڵ پیاهەڵواسراو.
دڵ بەردی: دڵڕەقی وەك بەرد، بێڕەحمی.
دڵبەستە: ئــەوەی دڵی بــە شتێکەوە پەیوەند بێ.
دڵجۆ: ئەوەی دڵ بیەوێ.
دڵخواە: ئەوەی دڵ بیەوێ.
دڵفریب: ئــەوەی دڵی دڵدار هەڵخەڵەتێنێ و گـرەویـدەی خۆیی بکا
دڵکەش: دڵگیر.
دڵکێش: ئەوەی دڵی خــەڵك ڕاکێشێ بۆلای خۆی.
دڵنەواز: ئەوەی دڵی خــەڵك بداتەوە.
دوتا: دوو باد.
دورج: قــوتــووی بـچووك. قوتوویەکە ژنان زێڕ و خشڵ و شتی گرانبەهای خۆیانی تیا هەڵئەگرن.
دوڕدانە: دەنکــی مــرواری، فرمێسك.
دوڕڕی یەکتا: ئەو دوڕڕەی کە بەتەنها لە سکی مـاسیدا ئەبێ، لەبەر ئەوە دوڕڕێکـی گەورە و گرانبەها ئەبێ.
دورووج: جەمعی دورجە.
دورەر: جــەمعی «دوڕڕ»ی عەرببیە.
دۆزەخی: جەهەننەمی.
دوژمنی خوێنیی: دوژمنێ کە بەهۆی خوێن ڕشتنەوە بووبێ بە دوژمن.
دوگمە: قۆپچە.
دوم نێش: چزوو ئازاراوی.
دوو: دوا.
دووباد: کرژ، توند و تێکسمڕاو، دژی خاو و خلیچك.
دوو تا: دوولا.
دوو تاو: ئەوەی بە دوو جۆر

هۆنرابێتەوە.
دووخ: ئەویش هەر خەڕەکە، ئەبێ ئەو بەشەی بێ کە لۆکەکە ئەڕێسێ.
دوود: دووکەڵ.
دوو فاق: دوو فلیچقان.
دوو لانە: دووباد.
دوون: بێبایەخ. سووك و پەست.
دەئب: نەریت.
دەبوستان: قوتابخانە.
دەبوور: ڕەشەبا.
دەبێژم: ئەڵێم، لە بێژنگ یا لە هێڵەکی ئەدەم.
دەپێون: وەك پێوانە کردن هەڵئەگۆزن.
دەجال: هەڵخەڵەتێن و درۆزن، کابرایەکی ساختەچییە بەر لە قیامەت پەیدا ئەبێ و خەڵکێکی زۆری پێ هەڵئەخەڵەتێ و پاشان لەسەر دەستی حەزرەتی عیسا ئەکوژرێ.
دەخڵ: پەیوەند. دەسکەوت.
دەخیل: پەنا هاوردوو.
دەر: بەردەرگا. دەرگا.
دەراتوو: دەرهاتوو.
دەربان: دەرگاوان.
دەرت: دەرگات.
دەرج: نووسراو، تیا دانراو.
دەرك: لێ حاڵی بوون، دەرگا.
دەرماندە: داماو.
دەرِەقسێ: سەمائەکا.
دەرهەم: تێکشکاو، لەخەفەتابوو.
دەریای عومان: دەریایەکە لە ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەب، لە باشووری ڕۆژاوایەوە وڵاتی «عومان»یش هەیە کە پایتەختەکەی شاری «مەسقەت»ە.

دەزێن بە ئاو: بەهاران کە کانی ئەتەقیٚ و ئاوێکی ئێجگار لە جاران زۆرتری پیادیٚ.

دەس بەند: دەستگرتنی هەڵپەڕکیٚ.

دەستاڕ: دەساڕ، دەس هاڕ، دوو بەردی خڕی پانی تاشراون دانەوێڵەی پیٚ ئەهاڕن.

دەستار: مێزەر.

دەستان: داستانی.

دەست بەند: دەستی یەك گرتن.

دەست ڕەس: دەست پیٚ گەیشتن.

دەستەمۆ: ئەو پەلەوەرەی سڵ نەکاتەوە لە خەڵك و بەئاسانی بگیریٚ.ماڵی و بەئاسانی گیراو.

دەستیار: یارمەتی دەر.

دەستی کەر: کینایەیە لە کەسیٚ یا شتیٚ کەڵکی هیچی پێوە نەمابیٚ و فڕیٚ درابێتە لاوە.

دەسرازە: دوو پارچە قوماشی بەر و پشت دارە، لۆکەی تیٚ خراوە و پەتێکی هۆنراوەی ڕەنگاورەنگی پێوە یە، منداڵی ناو بێشکەی پیٚ ئەپێچرێتەوە.

دەسرۆکە: دەستەسڕی بچووك، سەرپۆش.

دەس کوژ: بە دەس کوژراو.

دەس گر: دیل، دەستگیر.

دەشتی فەقێکان: تەختانێك بووە لەسەر کارێز لەبەر گردی سەیواندا و تۆزیٚ بەلای گردی حاجی ئەوڵاوە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری سولەیمانییەوە، پردێکی بچکۆلەی دار هەبوو لە شیوەکەی سەرقەبران ئەپەڕیتەوە ئەچوویتە ناو دەشتی فەقێیانەوە.

دەعوا: کێشە و هەرا.

دەفتەری ئەعمال: کردارنامە. لە ئایەتدا هەیە کە خوا لە ڕۆژی داوەریدا ئەفەرموێت هەر کەسێك کردارنامەی خۆی بدرێتێ کە ڕیزی ئەو چاکە و خراپانەی تیا نووسراوە کە لە دنیادا کردوونی. وشەی «دەفتەری ئەعمال» لەوە وەرگیراوە.

دەقیق: ورد و باریك.

دەقیقی: بە وردی وەك ئارد.

دەڵ: مێچکە، مێچکەکەر بۆ ئەم و ئەو.

دەلاقە: کون. کەلەبەر. پەنجەرە.

دەڵەك: گیانلەبەرێکی کێوییە پێستەکەی پارەیەکی زۆر ئەکا.

دەم: کات. هەناسە، دەم، دەمەی ئاسنگەر، مووشە دەمە.

دەمادەم: پەی دەرپەی. دەم لەسەر دەم، جاروبار.

دەماڵی: ئەکوتایەوە.

دەم دەم: جار جار.

دەم نۆش: خوێن مژ، ماچ کەر و شیلەگری دەمی وەك گوڵ.

دەمەکەت: خوێنەکەت، ئەو خوێنەی کردت، دەمت، «دە وامەکە»ت.

دەن: کووپەی شەراب کە ئەیخەنە ژێر چاڵ بۆئەوەی شەرابە کە کۆن ببێ و شەرابێکی چاکی لێ دەرچێ.

دەندووك: نووك.

دەنوێنێ: دەرئەخا.

دەنی: سووك.

دەوات: شووشەی مەرەکەب.

دەوان: ئەوەی بە ڕاکردن بڕوا.

دەور: خول. زەمانە. سووڕان. نۆبە.

دەوران: خول خواردنەوە، سووڕانەوە. هەڵسووڕانی گەردوون.

دەورانی: ئەوەی بە دەوری خۆیا خول بخوا، یا ئەمدەس و ئەودەسی پێ بکەن.
دەورە: خول. خول بە دەورا خواردن. زاراوەی جەنگە.
دەوەن: وردە دار کە لەپاشاندا ئەبنە داری گەورە.
دەهەن (دهان): فارسییە واتە: دەم.
دەیبیێ: ئەیبیسێ.
دەیجوور: شەوی زۆر تاریک و درێژ.
دیار: وڵات.
دیبا: ئاوریشمی هەمەڕەنگ. پارچە قوماشی نەخش لەسەر کراو.
دیدە: چاو. دیتن.
دیدە باز: چاوکراوە و وریا، یان چاو وەك چاوی باز.
دیدەجۆ: ئەوەی چاو بەدوایا بگەڕێ.
دیدەیی تەڕ: چاوی فرمێسکاوی.
دیدەیی گریان: چاوێ کە بگرییێت.
دێر: درەنگ.
دیرهەم: پارەی زیو.
دیققەت: وردی، باریکی.
دیمەن: جەمعی دیمنە یە واتە: سەر سەلوێنك.
دین: ئایین، بینین، چاو پێکەوتن.
دێنا: ئەهێنا.
دیوان: بارەگای حوکمڕانی، دیوانی شیعر.
دێوانە: شێت، دەروێش.

## پیتی ڕێ «ڕ»

ڕائیج: ڕەواجدار.
ڕابیت: ئەو تەختەیەی ئەیخەنە سەر ئێسقانی شکستە بۆ ئەوەی بگیرسێتەوە و چاك

بێتەوە، جۆرە ڕەمزێکی تایبەتی بوون وەك «،» و «؛» و «!» و «:» و «.»ی ئێستا لەسەر کتێب ئەیاننووسین بۆ ئەوەی خوێندەوار بەئاسانی ڕستەکانی کتێبەکەی بەیەکەوە ببەستێ.

ڕاجیع: گەڕاوە. لە عیلمی نەحویشدا زەمیرێکە بگەڕێتەوە سەر ئیسمێك.

ڕاچنی: داچڵەکا.

ڕاح: مەی، بەری دەست. پێك.

ڕاحەت: حەسانەوە.

ڕاحەتی ئەرواح: ئارامی گیان.

ڕادەکا: غار ئەکا، یا ڕائەهێنێ.

ڕاڕەو: ڕێبوار.

ڕاز: قسە.

ڕاستی سەبا، «صبا»: ئیشارەتە بە دوو ئاوازی مۆسیقا: «ڕاست» و «سەبا».

ڕاغ: مێرغوزار. بناری سەوز.

ڕاغیب: ئەوەی ئارەزووی لە شتێ بێ.

ڕاوی: ئەوە قسەی پێغەمبەر ئەگێڕێتەوە دەماودەم.

ڕاوییە: حوشتر یا هەر وڵاخێکی تر کە ئاوی پێ بگوێزنەوە. وشەکە بە عەرەبی واتە: ئاودەر. جاران لە سەردەمی حەجدا بە وڵاخ ئاویان بەسەر ڕەشماڵی حاجییەکاندا بەشیوەتەوە.

ڕاە: ڕێگا.

ڕایەڵ: ئەو دارە ئەستوورانەی بەسەر دیواری ئەمسەر و ئەوسەری خانوودا ڕائەکێشرێن و پاشان وردە دار و تەنکە بەرد و گەڵا و قوڕ و ئەمجار خۆڵیان ئەکرێ بەسەردا و بانەکەیان پێ دائەپۆشرێ.

تان «تانی تان و پۆ».

ڕاییڵ: ڕایەڵ، تان، ئەو تاڵە بەن یا دەزووە ستوونییانەی لەکاتی تەنینی شاڵ یا جاو یا بەڕە و قاڵی و شتیوادا تاڵە ئاسۆییەکانیان پیا تێئەپەڕێنرێ.

«رأى العين»: ئەوەی زەق بە چاو ببینرێ.

ڕدێن: ڕیش.

ڕست: ئەو پەتەیە ئەکرێتە ملی تانجی. پەتی گەردنبەند.

ڕشایەوە: ڕشانەوەی ترێ لە کوردەواریدا بەو کاتە ئەوترێ کە تازە هێشتووی بەرسیلە دەرئەکەوێ و دەنکەکانی ئێجگار وردن.

ڕشتە: دەزووی پێ هۆنینەوەی تەزبیح و ملوانکە و شتیوا. تاڵ.

رَشّ رَشاشا: ئاوڕشێن کە بە ئاوڕشێن کردن.

ڕوتاب: خورمای شلی تازە.

ڕۆح: «روح الأمین»، جوبرەئیلی فریشتەی سرووش هێنان بۆ پێغەمبەران، یان کینایە لە پێغەمبەرﷺ چونکە لای ئەهلی دڵ بە «روح الأرواح»ی ناو ئەبەن.

ڕۆح سەخت: ئەوەی بە زەحمەت گیان بەدەستەوە بدا و بمرێ.

ڕوخ: ڕوو.، ئەسپی شەترەنج.

ڕوخسارە: ڕوخسار، ڕوو. ڕوومەت.

ڕوخسەت: ڕێگادان.

ڕۆژ: خۆر.

ڕۆژپەرست: گوڵی ڕۆژگارپەرست، گوڵێکی زەردە هەمیشە لەگەڵ گەڕانی ڕۆژدا ڕوو وەرئەچەرخێنێ.

ڕۆژی زینەت: ڕۆژی شایی و ئاهەنگ لە میسر کە حەزرەتی

مووسا دەستی لە ڕووی فیرعەونا تیا کرد بە باخەڵیا و دەری هێنا وەك چرا گڕا و یەکی جادووی جادووگەرانی فیرعەونی پێخست، وەك لە ئایەتی: ﴿قالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ﴾دا ئیشارەتی بۆ کراوە.

ڕۆستەماسا: ڕۆستەمئاسا، وەك ڕۆستەم.

ڕوسووم: داب و نەریت.

ڕوعوون: جەمعی «ڕەعن»ە بەمەعنا لووتکەی شاخ.

ڕوعوونەت: بێعەقڵی.

ڕوقبەت: گەردن.

ڕوقعە: کاغەز.

ڕوقوود: خەو، ڕاکشان.

ڕوقەبا: جەمعی ڕەقیبە واتە: بەدکار.

ڕوممان «رُمّان»: هەنار.

ڕوممانی «رُمّان»ی: وەك هەنار.

ڕوموز: جەمعی «ڕەمز»ە واتە ئیشارەت.

ڕووبار: چەم.

ڕووت: دەم و چاوت، ڕووت و قووت. ڕوومەتت.

ڕوودبار: چەم، ناوی دێیەکە لە هەورامانی بەری ئێران، خەڵکی پێی ئەڵێن «ڕووار».

ڕووزەردی: خەجاڵەتی و شەرمەزاری، کاڵی و زەردی.

ڕووسپی: ئافرەتی داوێن پیس.

ڕوو سیا: ڕوو ڕەش.

ڕووگەردان: ڕوو وەرچەرخاندن.

ڕوونما: ئەو ئاوێنەیەی لەکاتی گواستنەوەی بووکدا ئەیگرن بەڕوویەوە و تیا دەرئەکەوێ.

ڕەئس: سەر.

ڕەبیع: بەهار، گژ و گیای بەهار.

ڕەجا: ئومێد. خەوف و ڕەجا دوو حـاڵەتـی تـایبەتین لە مـوسـوڵمـانی ڕاستەقینەدا کۆئەبنەوە، لەلایەکەوە هەرگیز ترسی خودای لە دڵ دەرناچێ و، لە لایەکی‌کەشەوە هەمیشە هـیوای ڕەحـمی خـوای لە دڵدایە و نائومێد نابێ.

ڕەجمی نەجم: لە قـورئـانا هەیە کەوا کاتێ ئـەستێرە بـە شەو ئەکشـێ، بـۆ ڕاونـان و دەرکردنی ئـەو ئـەهریمەنانە ئـەچێ کـە چـوون گـوێ لە دەنگ‌وباسی فـریشتەکـانی ئاسمان بگرن.

ڕەجول: پیاو.

ڕەحڕاح: ژیانی خۆش.

ڕەحمەت: بارانی ڕەحمەت.

ڕەحیق: مەی.

ڕەخش: ناوی ئـەسپەکـەی ڕۆسـتەمی زاڵە، لێرەدا لەو مەعنایەوە خوازراوە بۆ بوراق.

ڕەخشان: تـیشك‌دەرەوە. درەخشان.

ڕەدیف: هاوسەر.

ڕەزیع، «رضیع»: شیرە خۆرە.

ڕەسمی ئولفەت: ئـوسـووڵی ناسیاوی.

ڕەسوول: فروستادە.

ڕەشاو: ئاوی ڕەش.

ڕەشبەڵەك: هـەڵپـەڕکێی پێکەوەی پیاو و ژن.

ڕەشك: بەخیلی، ئێرەیی.

ڕەعد: گرمەی هەور.

ڕەفڕەف: ڕایـەخی جـوان، تەختانی پڕ لە گوڵ و سەوزی. سـیرەت‌نـووسـان ئـەڵێـن پێغەمبەر پاش دابـەزینی لە بوراق لە شـەوی مـیعراجـدا سواری ئەو بووە.

ڕەفع: بۆر «ــُـ»، هەڵبڕین.

ڕەق: بە تورکی واتە: عەرەقی

خواردنەوە.
ڕەقس: هەڵپەڕکێ. سەما.
ڕەققی: سابوونی ڕەقی.
ڕەقیب: بەدکاری نێوان یاران و دڵداران.
ڕەقیبانە: وەك ڕەقیب، وەك بەدکار.
ڕەمز: ئیشارەت.
ڕەمە: ڕەوگ، گەلە.
ڕەمەق: نیوە گیان.
ڕەمیدە: هەڵاتوو، ڕاکردوو.
ڕەند: زیرەك، کەمتەرخەم، سەربەست. قۆشمە و کەیفچی و خۆش. عاشق.
ڕەنگ‌ڕژیی: ڕەنگ‌ڕشتن.
ڕەنگ‌نوما: ئەوەی تیشك بداتەوە.
ڕەوا: شایان.
ڕەواج: ڕۆیشتنی پارە لە بازاڕا.
ڕەواق: هەیوان.

ڕەوان: جاری. ڕاست. ڕۆیشتوو. ڕێك و پێك.
ڕەوح: فێنکی. هەناسە.
ڕەوزە، «روضة»: باخ. باخچە، مەبەست حەوشی حەرەمی مەککەیە. مەرقەدی پێغەمبەر ﷺ.
ڕەوش: ڕەوشت. ڕۆیشتن.
ڕەوغەن: ڕۆن.
ڕەوم: جۆرە شەرابێکە لە قامیشی شەکر دروست ئەکرێ.
ڕەه: ڕێگا.
ڕەهڕەو: ڕێگا تەیکەر، ڕێبوار.
ڕەهزەن: چەتە و جەردە، ڕێ گر.
ڕەهن: مەرهوون، ڕاگیراو.
ڕەیاحین: جەمعی ڕەیحانە.
ڕەیبەت: گومان و دوودڵی.
ڕەیحانی: بۆن‌خۆش وەك ڕێحان.
ڕیا: دووڕوویی. ڕووپاماڵی.

ڕیاز، «ریاض»: باخچەکان، جەمعی ڕەوزە «روضة»یە.

ڕیبح: قازانج کردن.

ڕیزوان، «رِضْوان»: ڕەزامەندی خــوا و، نـاوی دەرگـاوانــی بەهەشتیشە.

ڕیس: موو و خوری ڕێسراو.

ڕیسوایی: بێئابڕوویی.

ڕێش: بە وڵاخێك ئەڵێن پشتە ڕێشە بووبێ.

ڕیش بەڵم: ڕیش سپی مەیلە و زەرد و ڕیش زۆر و فش و فۆڵ.

ڕێشکاندن: هات‌وچۆ کردن.

ڕیفعەت: بەرزی. پایەبەرزی.

ڕیققەت: ناسکی.

ڕێگەی عەدەم: ڕێگـــای مەرگ.

ڕیگی ڕەوان: ئــەو جــۆرە لمەی لە شوێنێکـا جـێگـیر نابێ و بەدەم باوە ئەڕوا.

# پیتی زێ «ز»

زابیتەی تەبعم، «ضابِطه»ی «طبع»م: تەبیعەتی بەزەوق و ڕێك و پێکم.

زار: دەم. بریندار. داماو، لاواز. دەرد و ئازاراوی.

زاناندمان: زانیمان.

زاوییە: سووچ، گۆشە.

زاهیدی خاڵی: سۆفی بەدیمەن دەست لە دنیا هەڵگرتوو.

زایع، «ضایع»: فــەوتــاو: تەدارەك: فریاکەوتن.

زایەوە: تەقی.

زرێ: جــۆرە کـراسێکـی کــون‌کــونـی مـیتاڵی بـووە جەنگاوەرانی کۆن لەبـەریان کردووە لە لێدانی شیر و تـیر پاراستوونی.

زرێدۆز: زرێسم.

زگ: سك.

زورەفا، «ظُرَفاء»: جەمعی زەریفە، واتە: مرۆی ڕووخوش و خۆش‌کردار و قسەخۆش.

زوشتی: ناشیرینی.

زولال: سازگار.

زوڵفەین: هەردوو زوڵفەکە.

زوڵفی بەهلوولی: زوڵفی ئاڵۆز و پرژ و بڵاو.

زوڵفی چین: زوڵفی جوانی چین لەسەر چین.

زوڵمات، «ظُلمات»: تاریکایی.

زوڵماتی بەقا: ئەو تاریکاییەی سەرچاوەی ژیان و مانەوەی بەرەی ئادەمیزادە، منداڵدانی ئافرەت.

زوڵمەت: تاریکستانی. تاریکی.

زوڵمەت ئاباد: تاریکستان.

زولەیخا: ژنی عەزیزی میسر کە دڵی چووبوو لە یووسف.

زوود: زوو.

زوور: زبر، ساختە و دەست هەڵبەست.

زووەم: زوو ئەم.

زوهرە: ئەستێرەی ناهید. یەکێکە لە ئەستێرە گەورە گەڕۆکەکان، پێیشی ئەڵێن زوهرەی ڕەققاس، واتە سەماکەر.

زوهووورات، «ظُهورات»: دەرکەوتن و دیاریی‌دان.

زوهھاد: جەمعی زاهیدە، واتە: ئەوەی دەستی لە دنیا داشۆریبێ.

زەبانییە: ئەو فریشتانەی بەرپرسی ئاگری دۆزەخن.

زەبوون‌گیریی خوێنم: خوێنی بە داماوی و بێ کەسی کوشتنم.

زەبەر: سەر.

زەجر: سەرکوتاندنەوە.

زەححاك: ئەژدەهایەکی بەناوبانگ.

زەدە: لێ دراو، دەست لێ وەشێنراو.

زەڕ: زێڕ.

زەرب، «ضَرْب»: دراو لێدان.

زەربی لازیب: لێدانی وا کە بە بنیادەمەوە بنووسێ و لێی نەبێتەوە.

زەڕتا: ئەوەی تاڵەکانی لە زێڕ بێ.

زەرد ڕوو: شەرمەزار و ترسنۆك.

زەڕڕات: جەمعی زەڕڕەیە واتە: تۆز یا وردە.

زەڕڕە: تۆز، وردە.

زەڕڕەیی خورشید: وردە تیشکی خۆر.

زەرق: ئارایش و ڕەنگا و ڕەنگی.

زەرقا: شین، دەریا. کانییە کە لەسەر ڕێی مەدینە.

زەرق و زەڕڕاقی: شین ڕەنگی.

زەروە، «ذَرْوَة»: چڵە پۆپە، لووتکە.

زەریف، «ظَریف»: خۆش.

زەعیف: لاواز، ئەو حەدیسەی کەوا ئەوانەی ئەیگێڕنەوە لەبارەی بێ گوناهی و متمانە پێ کراوییەوە نەگەنە ڕادەی ئەوانەی حەدیسی «حەسەن» ئەگێڕنەوە.

زەفافەتگاه: شوێنی گواستنەوە، پەردە کە بووکی تێ ئەبرێ بۆ زاوا.

زەفەر: دەستکەوتن.

زەقووم: خۆراکی دۆزەخییەکان.

زەلالەت، «ضلالت»: گومڕایی.

زەلزەلە: بوومەلەرزە.

زەمزەم: بیرێکە لە مەککە، حاجییان ئاوی لێ ئەخۆنەوە بۆ پیرۆزی و لێیشی دێننەوە بۆ ماڵی خۆیان.

زەمزەمە: شەوق و سۆز. گۆرانی لەبەر خۆوە وتن. هەرا و زەنا.

زەمەن: زەمان، کات.

زەمهەریر: شوێنێکی ئێجگار

سارده لە جەهەننەمدا، پلەی سەرمای لەئاستی گەرمای ئاگرەکەیدایە.

زەمیر، «ضمیر»: وشەیەکە لەجیاتی ئیسمی زاهیر بەکاردێ، دڵ.

زەنابیل: جەمعی «زەنبیل»ە، جۆرە سەبەتەیەکی دەستییە میوە و سەوزە و شتی وای تێ ئەکرێ.

زەنبوور: مێش هەنگ، مەبەست لێی ئارەزووی بنیادەمە.

زەند و زەندە: دوو وشەی عەرەبین، دوو جۆرە دارن، سەروویان زەند و ژێروویان زەندەیە، لە بەیەك گەیاندن و لێكدانیان ئاگر پەیدا ئەبێ.

زەن، «ظَن»: گومان.

زەنگڵە: زەنگ.

زەنگ و قۆڕ: ئەو زەنگڵەی ئەکرێتە ملی وڵاخی باری کاروان لە سەفەری دووردا و لە دوورەوە دەنگی دێ.

زەنگی: ڕەش. قولەڕەش کە جاران کۆیلە بوون و کڕراون و فرۆشراون.

زەنەخدان: چاڵایی سەر چەناکە.

زەوقی لەب: تامی لێو.

زەوء، «ضَوء»: ڕووناکی.

زەهرا: جوان.

زەهرفرۆش، سرکەفرۆش: کینایەیە لە ڕووگرژ و ڕووترش.

زیارەت: زیارەتی گۆڕ.

زیا، «ضیاء»: تیشك. ڕۆشنی.

زیب: جوانی.

زیبا: جوان.

زیر: دەنگی نزم.

زێر: ژێر.

زیڕۆح: گیانلەبەر.

زیشان، «ذيشَأن»: خاوەن

پایە.

زیق «ضیق»: تەنگی.

زیلل، «ظلّ»: سێبەر.

زیللەت، «ذلّت»: زەلیلی.

زیهن: بیر.

## پیتی ژێ «ژ»

ژالە: وشـەیەکـی فـارسـییە بەمەعنا شەونم یا تەرزە.

ژاوەژاو: دەنگی بۆقـە لەنـاو ئاودا.

ژۆلیدە: ئاڵۆز و تێکچوو.

ژیلەمۆ: خۆڵەمێش کە چینی بنەوەی ئاگر بێ.

## پیتی سین «س»

سائیب، «صائب»: ڕاست و دروست.

سائیلی مەحرووم: سواڵکەری بێبەش.

سابیت، «ثابت»: ڕەنگـــێ نەچێتەوە.

ساحێبی تەشریح: خـاوەنـی لێکۆڵینەوە و لێکـدانـەوە و یەکالاکردنەوە.

سادە: بێموو.

سارا: سەحرا، دەشت.

سارەبان: حوشـترەوان، ئـەو زەلامەی لەگەڵ وشتردا ئەڕوا و ئاگاداری ئەکا.

ساعید «ساعد»: باسک.

ساعید، «صاعِد»: سەرکەوتوو.

ساعیقە: هەورە برووسکە، یا گرمەی وەك هەورە برووسکە لەسەر گوێ قورس.

سافی: سادە لەوح و نەفام.

ساق: باڵا. پووز.

ساقی: مـەیگێڕ؛ جـاران لە کۆڕی خواردنـەوەدا کـچانی شۆخ مەییان گێڕاوە، لەوەوە «ساقی» بـووە بـە کـینایە لە کچی جوان.

ساقِیان: کچە ئاوگێڕەکان.

ساقییە: ئاوگێڕ.

سالووس: فڕ و فێڵ.

سالیك: ئەهلی سولووك بەگوێرەی ڕێ و شوێنی ئەهلی تەسەووف، ڕێ گرتووەبەر. ڕێبوار. ڕێ گرتووەبەر.

سالیکی ڕاه: ڕێ گرتووەبەر.

سالیکی سەبر و تەحەممول: ڕێگای سەبرکردن و باری مەینەت هەڵگرتنی گرتبووە بەر.

سانییە: ئەو حوشترەی ئاوی لە بیر پێ هەڵئەگۆزن.

سایِق: جووتیار، لێخوڕی گای جووت. لێخوڕی چەرخی گەردوون، خوا، بهێن و ببەری پیالەی شەراب، یار.

سایە: پەنا. سێبەر.

سپی نەزیر: توقێنەری سپی. جاران خێڵە عەرەب کە دوژمن بهاتایاتە سەریان یەکێکیان بەرگێکی ئاودامانی سپی ئەکردەبەر و ئەچووە سەر بەرزاییەك هاواری ئەکرد کە فریایان کەون. سپی نەزیر، یاخود «النذیرالعریان» بەوە ئەڵێن.

مونەووەر: ڕووناك، نوورانی.

سپی واش: سپی ڕەنگ، مەیلەو سپی.

ستارە: ئەستێرە.

ستوور: چوارپێ.

سرد: سارد. ئەشگونجێ تێکڕای «سردە» بەمەعنا «سەر دیهی» بێ واتە: لای سەرووی ئاواییەکەی.

سستی: لاوازی و نەخۆشی.

سفت و سۆ: دەست پیاهێنانی شت و ئەمدیو و ئەودیو کردنی تا هیچی پێوە نەمێنێ.

سفری خاڵ: خاڵی وەك نوختەی سفر، «صفر» خۆیشی واتە بۆش و پووچ.

سفیدە: سپیدە، ڕووناکی، کازیوە.

سلووك: گرتنی ڕێگای سۆفییەتی.

سماق: ترشە سماق.

سوارە: بە نەشئەیە و لەسەر پێیە.

سوبحان: مەبەست لێی سوورەتی «ئیسراء»ە کە سەرەتاکەی بەم ئایەتە دەست پێ ئەکا ﴿سُبْحانَ الَّذي أَسْرىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذي بارَكْنا حَوْلَهُ..﴾.

سوبحدەم: دەمەوبەیان. بەرەبەیان، یان دەمی وەك ڕۆژ پاك و ڕۆشن.

سوبحی کازیب «صُبح کاذِب»: کاتێ کە پێش ڕۆژبوونەوە کەناری ئاسمان تۆزێ ڕۆشن ئەبێتەوە و نەشارەزا وا ئەزانێ بەرەبەیانە.

سوبووت، «ثبوت»: بوون.

سوپەند: گیایەکی کێوییە تۆوێکی وردی ڕەشی هەیە ئەیکەنە ناو ئاگرەوە ئەیسووتێنن بۆنێکی خۆشی هەیە. ئەڵێن بۆ چاوەزار باشە!

سوپەهـ: لەشکر.

سوپیهر: ئاسمان، گەردوون.

سوجوود: جەمعی «ساجید»ە واتە: سوجدەبەر.

سوحبەت: هاوڕێیەتی.

سوحبەت، «صُحبت»: ڕابواردن.

سوختە: فەقێ لە پلە سەرەتاییەکانی خوێندندا.

سوخەندان: قسەزان.

سوروشك: فرمێسك.

سورور: خۆشی.

سورەییا «ثريّا»: کۆمەڵە ئەستێرەیەکن لە گەردنی «سەور»دا لێی جوێ نابنەوە.

سورین: سمت.

سۆزان: گڕ تێ بەر بوو.

سۆزش: سۆز. سووتان.

سوقاق: ناگاتە ڕادەی شەقام و لە کۆڵانیش گەورەترە.

سوڵتان: خاوەن دەسەڵات.

سوڵح: ئاشت بوونەوە.

سولووك: ڕێ گرتنەبەر. ڕەوشت، خواپەرستی ئەهلی تەسەووف.

سولەحا، «صُلَحاء»: جەمعی سالیحە.

سولەیمان: حەزرەتی سولەیمان. یەکێکە لە بەناوبانگترین شارەکانی کوردستان، ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٤دا دروستی کردووە و، پێتەختی میرنیشینی بابانی لە قەڵا چوالانەوە بۆ ئەوێ گواستووەتەوە.

سونبول: جۆرە گوڵێکە لە گوڵدانا ئەینێژن و بۆ نەورۆزی ئامادە ئەکەن «قضیب البان»ی: وەك لقی بان، بان: درەختێکە گەڵایەکی سەوز و بۆنخۆشی هەیە.

سونع، «صُنع»: کردار.

سوننەت: گوفتار و ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ.

سونووح: لاکردنەوە.

سونووف، «صنوف»: جەمعی «سینف»ە واتە جۆر.

سووت: سووتا.

سووتن: سووتان.

سوور: شایی. ڕەنگی سوور. شاخێکە لە ڕۆژی قیامەتدا ئیسرافیلی فریشتەی مراندن و ژیاندنەوە دوو جار فووی

پیا ئەکا. بە فووی یەکەم هەموو زیندووان ئەمرێنێ و، بە فووی دووهەم هەموو مردووان زیندوو ئەکاتەوە.

سوورەت، «صورت»: دیمەن.

سوورەتی بەشەری: وێنەی ئادەمیزاد.

سووف پۆش صَوْف: کەسێ بەرگی خوری لەبەر کردبێ.

سووەیدا: ڕەشێنەی چاو. ناوکورۆکی دڵ.

سوویەت: بەرەوتۆ «بە فارسی».

سوها: یەکێکە لە ئەستێرەکانی حەوتەوانە بەئاسانی نابینرێ.

سوهەیل: ئەستێرەی گەشی سوهەیل کە نیشانەی پاییزە و کە هەڵات ئیتر گەڵای دار دەست ئەکا بە زەرد بوون.

سەب: جنێو.

سەبا، سەبەء، «سَبَأْ»: دەوڵەتی سەبەء لە یەمەن. : پایتەختی ئەو سەردەمەی یەمەن.

سەبوك بار: بار سووك، کینایەیە لە بنیادەمی بۆش و هیچ و پووچ کە شتێك نەبێ مێشکی پێوە خەریك بکا.

سەحب، «صَحب»: ئەسحابە، ئەو کەسانەی بەموسوڵمانی پێغەمبەریان دیبێ و بە موسوڵمانی مردبن.

سەححار: جادووگەر.

سەحن: مەیدان، یاخود سینی.

سەحوی زەمیر: وشیار بوونەوەی زەمیر.

سەحەن، «صَحَن»: قاپ و قاچاخ.

سەحیفە: پەڕە، چین.

سەخا: بەرچاو فراوانی و بە دەس و دەهەنەیی.

سەد: هەرچەند.

سەدارەت: کەوتنە لای سەرەوە، ئیشارەتیشە بە

زاراوەی «سـەدر» کـە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە سەرۆك وەزیران وتراوە.

سەد پارە: پینە پینەی لە سەد پارچە دراوە یەك.

سەدر، «صدر»: جاران لەقەبی سەرۆکی وەزیران بـووە. لای سەرووی مەجلیس.

سەدەف: گـیانلەبەرێکـی دەریاییە بەهاران دێتە سەر ئاو و سکی ئەکاتەوە دڵۆپـێ بارانی تـێ ئـەکـەوێ ئـەنجا سکی ئەنێتەوە بە یەکدا، ئەو دڵۆپە بارانانە لە سکیا ئەبن بە مرواری، جا ئەگـەر پـتر لە دڵۆپێکی تێکەوتبوو، پـتر لە مروارییەکی تیا پەیدا ئەبێ، بەڵام مروارییەکانی ورد ئەبن و زۆر گرانبەها نابن. ئەگـەر تاقە یەك دڵۆپیشی تێکەوتبوو تاقە مروارییەکـی لێ پـەیدا ئەبێ و ئـەو مـرواریـیە زۆر گرانبەها ئەبێ. ئێستا هەرچی زۆر نایاب و گرانـبەها بـێ، پێی ئەوترێ «دوڕڕی یەتیم».

سەر: تای ترازوو. لا، ڕیز.

سەراب: وردە زیخی بریقەدار کە ڕێبوار لە دوورەوە وائەزانێ ئاوە. سەراو.

سەراپا: سەر تا پێ، هـەموو گیان.

سەراسیمە: سەرسام و داماو.

سەراو: کانی.

سەراوێزە: سەری داهێڵراو و شۆڕ کراوە.

سەرتیلەك: لووتکەی بەرزایی دەوار، ئەو شوێنەی دەوار کە لای سەرەوە هەردوو سـەری دەوارەکەی تیا بەیەك ئەگەنەوە.

سەرچنار: کانی و سەراوێکە لە سـولەیمانی، جـێگـای ڕابواردنی خەڵکی شارە.

سەڕڕاف، «صَرّاف»: ئەوەی پارە ئەگۆڕێتەوە و ساغ ئەکاتەوە، زەڕشناس.

سەرڕشتە: سەرتاڵ، سەرەتا.

سەرزەدە: سەرگەردان.

سەرسەری باز: ئەوەی خەریکی شتی هیچ و پووچ بێ، بازی بێ‌سەر و پێ و بێکارە.

سەرشار: لێشاو کردوو.

سەرشەقام: گەرەکێکە لە گەڕەکەکانی سولەیمانی.

سەرف: زانستی داتاشینی فیعل لە زمانی عەرەبدا، ڕوولادان.

سەرفی مەغفیرەت، «صَرْف مَغفِرَت»: جێ‌بەجێ کردنی لێ‌خۆش بوونەکە.

سەرقەتار: سەرقافڵە.

سەرکەش: یاخی و مل‌بەرز.

سەرکەشی: یاخیگەری.

سەرگران: خەریك.

سەرگەلە: ئەو حەیوانەی لەپێشی ڕانەوە ئەڕوا کە سابرێنێکی ڕیش درێژە.

سەرمیچ: سەقف.

سەرنگوون: سەرەوخوار بووەوە. وون.

سەر و پەیوەند: سەر و ساخت.

سەروکار: سەرپەرشتی.

سەریر، «صَرير»: جیڕە جیڕ.

سەعی: کارێکی تری حەجە، ڕاکردنە لەنێوان «سەفا» و «مەروە»دا کە دوو شوێنن.

سەف: ڕیز.

سەفاسەف: ڕیز بە ڕیز و چین چین.

سەفا، «صَفا»: ڕابواردن. بێ گەردی و خاوێنی.

سەفاگاه: جێگای ڕابواردن.

سەفا و مەروە، «صَفا و مَروَة»: دوو بەرزایین لە مەککە

حاجی بەنێوانیانا ڕائەکەن و ئەوە بەشێکە لە نەریتی حەج.
سەفحە، «صفحة»: ڕوو، لاپەڕە. تەخت.
سەف، «صف»: ڕیز.
سەفەرمام: سەفەرمدام.
سەفینە: کەشتی.
سەفیه: نەفام.
سەقا: ئاوهەڵگر، ئاوڕشێنیکەر.
سەقت «سقْط»: کەوتە خوار.
سەقەت، «سَقَط»: پەك کەوتوو.
سەقەر: دۆزەخ.
سەقیم: پڕ لە هەڵە، نەخۆش. ڕستەیەك کە مەعناکەی نەیەت بەدەستەوە.
سەکەنات: دامرکان.
سەگ مەگەس: مێشە سەگانە، ئەو مێشەی بە سەر و چاوی سەگەوە ئەنووسێ.
سەگی موعەللەم: سەگی فێر کراو.
سەڵا هەستا: بانگ بەرز بووەوە.
سەلما: بێجگە لە مەعنا لەفزییەکەی کە ساغی ئەگەیەنێ و لەوەش کە ناوی ئافرەتە، ئیشارەتیشە بۆ «سەلما»ی ڕەمزی دڵداری لە ئەدەبی عەرەبدا.
سەلمان: سەلمان فارسی، یەکێکی ترە لە هاوڕێکانی پێغەمبەر.
سەلم و توور: دوو کوڕی فەرەیدوونی پادشای پێشدادی بوون، لەنێوانی خۆیانا بووە بە شەڕیان و لەو شوێنەدا کە شەڕەکەیان تیا کردووە و کوشتارێکی گەورەیان لە یەکتری کردووە و قەلاچۆیان خستووەتە یەك. ئێستا بە هەر شوێنێ وێران و چۆڵ بێ، ئەڵێن بووە بە چۆڵی

سەلم و توور.

سەلیقی: لە «سـەلیقە»وە هاتوو، ئەوەی لەخۆیەوە بێت و خۆ پێوە ماندووکردنی نەوێ.

سەم: زەهر.

سەما: ئاسمان، سەماکردن.

سەماع: گوێ لە گۆرانی گرتن.

سەمع: گوێ لێ گرتن.

سەمەدانی: خوایی.

سەمەن: یـاسەمەن، گـوڵی شـینابییە کـە پـێی ئـەڵێن سێ پەڕە، سەد گەڵای هەیە، گوڵی زەرد و سپی و شینی هـەیە. دووریش نـییە لە ئەسڵدا «سیمین» بـووبـێ، واتە: باڵا سپی وەك زیو.

سەمەندەر: گیان لەبەرێکـی ئەفسانەیییە ئەڵێن هەر لەناو ئاگرا ئەژی و هێلکە ئەکـا و هەڵی دێنێ و، ئـەگـەر بـێتـە دەرەوە ئەمرێ!

سەنا: بەرزی و شکۆ.

سەناخوان: تەعریف کەر.

سەناخوانی: پـیاهەڵدان و ستایش کردن.

سەنگ دڵ: دڵڕەق وەك بەرد.

سەنگی سییەھ: بەردە ڕەشە.

سەواد: خەتی ڕەشی بەردەست، جاران بـە خـوێنـدەواریش ئەوترا. ڕەشی.

سەوت، «صَوط»: دەنگ.

سەودا: پەرێشان. سەرەخولە تووش هاتوو. عەشق. مامەڵە. ئارەزوو.

سەودازەدە: ئـەوەی دەردی عەشق لێی دابێ.

سەور، «ثور»: گـاجووت. یەکێکی ترە لە برجەکان.

سەوسەن: گیایەکە گەڵایەکی باریك و درێژ و گوڵی جوان و ڕەنگاوڕەنگی هەیە.

سەولەت: هەڵمەت. هێرش.

سەوم، «صَوم»: ڕۆژوو.
سەهران: شەونوخونی کێش.
سەهم: تیر.
سەهم و نەسیب: بەش و چارەنووس.
سەیر: ڕێ تەی کردن. گەڕان، تەماشا.
سەیرانی: سەیرانکەر، جێگایەك بۆ سەیران بشێ.
سەیقەل، «صَیْقَل»: زاخاو دەرەوە.
سەیل: لافاو.
سەیوان: گردی سەیوان، گردێکە لە بەری ڕۆژەلاتی سولەیمانییەوە، ناوبانگی بە گۆڕستانەکەیەوە دەرچووە. وەك لە پارچە شیعرێکی «شێخ ڕەزا»وە دەرئەکەوێ لە سەردەمی بابانەکاندا جێگای ڕابواردنی میرەکان بووە.
سەییار: ڕەوندە. ئەستێرە گەڕۆکەکان.
سەییارە: کاروان.
سیا: ڕەش.
سیاتاو: هەوری ڕەشی باراناوی.
سیادەت: سەییدایەتی.
سیاسەنگ: بەردی ڕەش، کینایەیە لە ڕەقی.
سیان: سێن. سیاهن، ڕەشن.
سیاهن: ڕەشن.
سیاهی: ڕەشی.
سێب: سێو.
سیحەت: دروستی.
سیحری بەیان: وتەیەك ئەوەندە جوان بێ وەك سیحر خەڵك سەرسام بکا.
سیداق: مارەیی.
سیددیق، «صدّیق»: زۆر ڕاستگۆ، حەزرەتی یووسف. لە قورئاندا هەیە ﴿یُوسُفُ أَیُّهَا الصِّدیقُ...﴾ واتە: یووسف، هەی پیاوی ڕاستگۆ!...

سیدیقەیی مەعسوومە: ئافرەتی باوەڕ پێ کراوی بێ گوناه، حەزرەتی مریەمی دایکی مەسیح.
سیدق، «صدق»: ڕاستی.
سیدقی نییەت: ڕاستی نیاز.
سێراب: تێراو. بەو چیمەنە ئەڵێن کە ئاوی زۆری ئەدرێ بۆ ئەوەی هەمیشە گەش و تێراو بێ.
سیراج: چرا.
سیڕ: ڕاز و نهێنی.
سیرف: ڕووت.
سێ قەدەم: سێ پێ، سێ باز، جۆرە بازدانێکە، لە پارچە شیعری پێشوودا بەدرێژی لێی دواین.
سیلسیلە: زنجیرە.
سیلەی ڕەحم: بەسەر کردنەوەی خزم و کەس و کار.
سیم: زیو.
سیمار، «ثمار»: جەمعی سەمەرە بەمەعنا میوە.
سیمین: سپی وەك زیو.
سیمین بەدەن: لەش وەك زیو سپی.
سییەه: سیاه، ڕەش.
سییەه ڕوو: ڕووڕەش.
سییەه مار: ڕەشمار.
سییەه مەست: بەدمەست، زۆر سەرخۆش.

## پیتی شین «ش»

شا: کورت کراوەی وشەی «شاء»یە هەمزەکەی لابراوە واتە: بیەوێ، پاشا.
شاخ: لق.
شاد: شادمان و گەش.
شاداب: تێراو.
شارەزوور: ئێستا ناوچەیەکی بچووکە لە پارێزگای سولەیمانی.
شاریح: لێکدەرەوە و

یە کاڵا کە رەوە.

**شام:** ئێوارە.

**شامات:** یا مەبەست وڵاتی شامە، یا جەمعی «شامە»ی بە مەعنا خاڵە، یا ڕستەی «شاە مات»ە کە لە زاراوە کانی شە ترەنجە.

**شان:** سەرشان. شەئن، پایە. بار.

**شانامە:** شاهنامەی فیردەوسی، شاکاری ئەدەبی فارسی.

**شاهی:** پادشایەتی، یاخود ئیشارەتە بۆ «شاهی»ی شاعیر.

**شاهی ئاسەف:** حەزرەتی سولەیمان.

**شاهی ئاسەفی سانی:** سولەیمان پاشای بابان.

**شاهید:** نازدار. یار.

**شاهیدی چینی:** کینایەیە لە نازداری ئێجگار جوان.

**شاهیدی سیدق:** شاهیدی ڕاستی.

**شاهیدی فیکر:** ئەو مەبەستەی کە شاعیر کردوویە بە شامەبەستی بەیتێك یا غەزەلێك، واتە: ئەو مەعنا وردەی کە شیعرەکەی بە دەورا ئەسوورێتەوە.

**شاهێن:** لە فارسیدا «شاهین» میلی تەرازووە کە تاکانی تەرازوەکەی پێوە شۆڕ ئەکرێنەوە. لە دیالێکتی هەورامیشدا بە تەرازوو ئەڵێن: شایەن.

**شایستە:** شایان.

**شایەد:** بەڵکوو.

**شتورمورغ:** باڵندەیەکی گەورەیە پێی درێژ و کلکی کورت و باڵی بچووکە، ناتوانێ بفڕێ، بەڵام زۆر تیژڕەو، بە سەعاتێ ٤٠ کیلۆمەتر ڕێ ئەکا، باڵای دوو میتر و

نیو بەرزە، ئـاڵف و گـیانەوەر ئەخوا، بـەسەر تـەپۆڵکـەی چەو و وردە بەردەوە هـێلانـە ئەکا.
شك: گومان.
شكار: ڕاو، ڕاوکراو.
شكاری: ڕاوی.
شكاف: ئاوریشمی کڵافە کراو. درز. لەت.
شكستە: ئەو زوڵفەی ڕاست نەبێ، لوول بێ. تـێك‌شكـاو، شكاو، تـێکـەڵ و پـێکـەڵ. خـەتی شكسـتە کـە جـۆرە خەتێکی فارسییە.
شكۆف: شكۆفـە، هـەلاڵەی درەخت.
شكۆفە: خـونـچە، گـوڵی درەختی بەردار. پشكووتـوو. گۆپکە، هەلاڵە.
شكەم: سك
شكەنج: ئاڵۆزی و باخواردن و شكانەوەی زوڵف.
شگۆفە: هەلاڵە.
شمشاد: داری شمشاڵ.
شوانی: شـەوانـی، یـاخود برژاندمی.
شوبباك: پەنجەرە، شیش‌بەند، چوار چـێوەیـەکـی ئـاسنی تان‌وپۆی کـون‌کـونـی سـەر بـەرەڵڵایـە، بـەسەر قـەبری پیاوچاکانیەوە دائەمەزرێـنن بۆئەوەی پـێ نـەنێنە سـەر قەبرەکە.
شوبهەت: گومان.
شوتور: حوشتر.
شوتوربان: وشترەوان.
شوتورمورغی: وەك هـــی وشترمورغ.
شۆخ: ساز.
شۆر: سوێراو. هەرا و زەنا.
شۆراو: شۆرئاو، ئاوی سوێر.
شۆڕش: دەنگ و هەرا. هەرا

و هوریا.
شۆره شەت، «شَط»: سوێره چەم، فرمێسك.
شوست‌وشۆ: داشتن، شۆردن.
شوشتن: شۆردن.
شوعاع: تیشك.
شوعلەرێژ: تیشك بڵاوكەرەوە.
شوهب: ئەو ئەستێرانەی بە ئاسمانا ئەكشێن.
شوهوود: یەكێكە لەو حاڵەتانەی بەسەر ئەهلی تەسەووفدا دێن و، وایان تیا دێتە پێش چاو كە هەمیشە لە حوزووری خوادان.
شەب ئەندەر ڕۆژ: شەو لەناو رۆژا، شەبەنگە بە ڕۆژ، كینایەیە لە كۆبوونەوەی هەموو ڕەنگە ڕۆشن و تاریكەكان.
شەبان: شوان.
شەبستان: تاریكستانی.

شەبنم: شەونم.
شەبوستان: حەرەمسەرای شاهان و تەختی نووستنیان كە تەنیا مۆمێكیان تیا دائەگیرساند...
شەبە: شەوە، مووروویەكی ڕەشە.
شەبەه: وەك. موورووی شەوە.
شەت، «شَطْ»: ڕووبار.
شەجەر: درەخت. ئیشارەتە بۆ ئەو درەختەی كە لەنزیكیەوە بانگ كرایە حەزرەتی مووسا.
شەخس: بنیادەم، یاخود قەبری پیاوچاك.
شەرار: شەرارە، بڵێسە.
شەراو: شەراب.
شەرح: لێكدانەوە، ئەو كتێبەی كە تێكستی كتێبێكی تریان وشە وشە و ڕستە ڕستە خستبێتە ناویەوە و مەعنای ئەو وشە و ڕستانەیان پێ

لێك دابێتەوە.
شەرزە: شێر بەچە، شێرزاد، ئازا.
شەرەر: پزیسکە.
شەڕییە: شەڕیەتی، یا شەڕانییە.
شەش جانیب: شەش لا، سەر و خوار و ڕاست و چەپ و بەر و دوا.
شەش دانگ: بێ کەم و کورتی.
شەش دەر: زاراوەیەکە لە یاریکردن بە «نەرد»دا بەکار ئەهێنرێ.
شەعائیر: جەمعی شەعیرەیە بەو کردەوانە ئەڵێن کە پیویستە لە حەجدا بکرێن.
شەفیر: لێوار.
شەفیع: شەفاعەتکار، مەبەست لە پێغەمبەرە.
شەق: درز تێبوون. لەت.
شەقاوەت: بەدبەختی.
شەققە: پارچە قوماش.
شەقی: ستەمکار، چارەڕەش.
شەککەربار: شەکر هەڵگر، شەکر بارێن، مەبەست شیرینە.
شەکەربێز: ئەوەی ئەوەندە شیرین و خۆش بێ شەکر لە بەرچاوی خەڵك ببێزرێنێ.
شەکەرخەند: پێکەنینی وەك شەکر شیرین.
شەڵتە: دەفرێکی دوولایی شاش تەنراوە وەك ڕەشکە، پەین و کا و شتیوای پێ ئەگوێزنەوە.
شەم: شەمع، مۆم.
شەمام: شەمامە، مەمك.
شەمع: مۆم.
شەمەت، «شَمَط»: بۆزی، شاڵ.
شەناوەر: مەلەوان.
شەوارە: ئەو باڵندەیەیە کە بە شەوی تاریك ڕووشنایی ئەبینێ و ڕێ ون ئەکا و بە

ئاسانی ئەگیرێ.

شەوچرا: گەوهەری شەوچراغ، گەوهەرێکە بە شەو وەك چرا ئەدرەوشێتەوە، چرای شەو، جۆرە کرمێکە بە شەو تیشك ئەداتەوە، بە کوردی «گوو ئەستێرە»ی پێ ئەڵێن.

شەوچراغ: گەوهەری شەوچراغ.

شەوکە: دڕك.

شەوکەت ئارا: ئەوەی شان و شکۆ بەوەوە بڕازێتەوە.

شەوگەردان: جەمعی شەوگەردە، واتە: ئەوەی بە شەو بگەڕێ لە مانگ و ئەستێرە و بنیادەم و هەرچی تر.

شەوەمما: شەو ئەمما.

شەوی قەدر: شەوە تاکەکانی دەی دوایی مانگی ڕەمەزان کە زۆرکەس لە موسوڵمانان تا بەیانی نانوون و خواپەرستی ئەکەن.

شەوی قەدر و مەعاریج: شەوی ڕێز لێ گرتن و سەرکەوتن بۆ ئاسمان.

شەوی میحاق: شەوی سی مانگی عەرەبی کە مانگی تیا دەرناکەوێ.

شەهادەت: شەهیدی، شایەتی.

شەهپەڕ: شاپەڕ.

شەهد: شیلەی هەنگوین. هەنگوین.

شەهد لەب: ئەوەی لێوی وەك هەنگوین خۆش و شیرینە.

شەهسەوار: شاسوار، شۆڕەسوار و لاوچاك.

شەهلا: چاوێ ڕەشییەکەی مەیلەو شین بێ.

شەهیدی کەربەلا: حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلی.

شەیب: پیری.

شەیپوور: ئالەتێکی مۆسیقایە

فووی پیا ئەکرێ.

شێخ: پیری تەریقەت. شێخی تەریقەت.

شێخ هەباس: شێخ عەبباس، یەکێك بووە لە سەییدەکانی بەرزنجە، قەبرەکەی زیارەتگای خەڵکە، کەوتووەتە داوێنی سولەیمانییەوە.

شیرە: شیلە.

شیرین: بێجگە لە مەعنا لەفزییەکەی و لەوەش کە ناوی ئافرەتە، ئیشارەتیشە بۆ شیرینی خوسرەو و فەرهاد.

شیرین قەلەم: قەوارە ڕێختە و ڕێك و پێك.

شیفتە: دڵدارێ کە یار دڵی بردبێ. شێواو، ئاڵۆز.

شیمال: بای شەماڵ.

شین: گریان، ڕەنگی شین، دروشمی کەس مردوویی، گریانی بە کوڵ.

شیوەسوور: شیوێکە لەنزیك چەمچەماڵەوە.

شیوەنم یەگجارییە: شیوەنی مەرگمە.

شیوی ئاودار: شیوێکە لە ڕۆژاوای باکووری سولەیمانییەوە بەلای سەرچناردا.

## پیتی صاد «ص»

«صائِمُ‌الدَّهر»: ئەوەی بە درێژایی ساڵ بەڕۆژوو بێ.

«صبغة الله»: کردەی بێ گەردی خوا. ئیشارەتە بە ئایەتی: ﴿صِبْغَةَ اللّٰهِ، وَ مَن أحْسَنُ مِنَ اللّٰهِ صِبْغَةً﴾.

## پیتی عەین «ع»

عاتر، «عاطر» شەمیم: بۆن خۆش.

عاتیل: پەك کەوتوو.

عار: نەنگ و شوورەیی.
عارف و مەعرووف: ئەو دوو فریشتەیەی لە قەبرا پرسیار لە پیاوی چاك ئەکەن.
عارەق نەڕێژ: ماندوو نەبوو.
عاریز، «عارض»: ڕوومەت، کوڵم.
عاریف: خواناس. خوداناسی دڵ وریا.
عاریە: خواستەمەنی. عەیب و شوورەیی لێ دێ.
عاسا: داری دەست.
عاسیان، «عاصیان»: گوناهباران.
عاسی، «عاصي»: گوناهبار. عاسی بووە، گیری خواردووە.
عاشقی تەجریدی: ئـەوەی دوور لە ماددە دڵداری بکا.
عاشقی زارت: عاشقی تۆ کە لاواز و بێ گیانە، یا عـاشقی دەمت چونکە «زار» بە مەعنا دەمیش هاتووە.

عالەمی باڵا: جیهانی گـیان کە دوورە لە هەموو ڕواڵەتێکی دنیا.
عالەمی عولویی: جیهانی باڵا.
عالەمی قەلب: جیهانی دڵ، جیهانی خۆشەویستی.
عالی دەست: بەدەستەڵات.
عالی دەماغ: بیر و سروشت بەرز.
عالی سەدر، «عالي صَدر»: سنگ بەرز: کینایەیە لە پیاوی دەرکەوتوو و خاوەن شکۆ.
عالی فیترەت، «عالي فطرت»: ئەوەی خوا بە بەرزی دروستی کردبێ.
عالی قەدر: پایە بڵند.
عالی کەعب: کەسێ ئەوەندە پایە بەرز بێ کەس نەگاتەوە بە قولە پێیدا.
عام: خەڵك، گشتی.
عامیری: ئـەوەی لە هـۆزی

«بنی عامر» بوو.
**عامیلی تەقدیر:** لە نەحوی زمانی عەرەبیدا جۆرە عامیلێك هەیە كاریش ئەكاتە پاشەوەی و خۆیشی نییە، بە خەیاڵ دائەنرێ، ئەوە پێی ئەڵێن عامیلی تەقدیری. قەزا و قەدەری خوا.
**عَرْد:** عەرد، عەرز، زەوی.
**عوبوور:** پەڕینەوە.
**عوجب:** لەخۆ ڕازیبوون.
**عورووج:** بۆ سەركەوتن.
**عوریان:** ڕووت و قووت.
**عوزار:** بناگوێ. مووی ناوچاو.
**عوزر مەسموعە:** واتە: ئەو عوزر و بیانووەی ئەیهێنمەوە بۆت بۆ ئەوەی لێمببووری كەوا نەهاتم، شایانی ئەوەیە گوێی لێ بگیرێ.
**عوسات:** گوناهباران، جەمعی عاسییە.

**عوسەیلە:** شیلە، ئاوی بنیادەم.
**عوشرەت:** ڕابواردن.
**عوششاق:** جەمعی عاشقە واتە دڵدار.
**عوقدە:** گرێ.
**عوقدەگوشا:** گرێ كەرەوە.
**عوقوود:** جەمعی «عەقد»ە بەمەعنای ملوانكە.
**عوقەلا:** جەمعی عاقلە.
**عوكووس:** شەوق و ڕووناكی ڕۆژ.
**عولیا:** بەرز.
**عوممان:** دەریای عوممان.
**عونناب:** عەنناب، درەختێكی دڕكاوییە، شەش میترێك بڵندە، گەڵاكانی هێلكەیی و ددانەدارن. گوڵێكی زەرد و هێشوویی ئەگرێ، دارەكەی ڕەق و سوورە. بەرێكی ورد و خڕ و بەتام و شیرینی هەیە. لە پاییزا پێ ئەگا. بۆ دەرمانیش

بەکار دێ.
عووج: عووجی کوڕی عەنەق، زەلامێکی ئەفسانەییە ئەڵێن باڵای ئەوەندە بەرز بووە بە دەستێکی ماسی لە بنی دەریا دەرهێناوە، بەو دەستەکەی داویەتە بەر خۆر و برژاندوویەتی!
عوود: دارێکی بۆنخۆشە ئەیسووتێنن بۆ ئەوەی بۆن بداتەوە.
عوور: عوریان، ڕووت.
عویوون: جەمعی «عەین»ە بەمەعنا سەرچاوەی ئاو.
عەبووس: ڕوو گرژ. ناوچاو گرژ.
عەبەس، «عَبَث»: پڕو پووچ.
عەبهەر: کەڵەگەت و زەلام، نەرگس.
عەتا، «عَطا»: دان، بەخشین.
عەتبە: عەتەبە، بەردەرگا، کەوشکەن.
عەتتار: گوڵاوگر.
عەترفشان: ئەوەی بۆنی خۆش بڵاو ئەکاتەوە.
عەترناك: عەتراوی، بۆنخۆش.
عەجووزە: پیر و فەرتووت.
عەجەب: چەندسەیر.
عەدل: عادل، بەداد.
عەدیل: هاوتا، هاوڕێ.
عەرار: گوڵە گاچاو.
عەربەدە: سەرخۆشی و بەدمەستی، هەراو هوریا لە کاتی شەڕ و کێشە یان دوای خواردنەوە و سەرخۆشی.
عەرز، «عَرض»: پانایی. پانی. پیشاندان.
عەرسە، «عَرصة»: پارچە زەوی.
عەرش: عەرشی خوا.
عەرعەر: درەختی سەروی

شاخی، درەختێکە لە چەشنی سنەوبەر.
عەرفەج: ڕووەکێکی دەشتییە.
عەزات، «عَضات»: دارێکی دڕکاوییە.
عەزرا، «عَذرا»: بێجگە لە مەعنا لەفزییەکەی کە واتە «کچی دەست بۆ نەبراو» و لەوەش کە ناوی ئافرەتە، ئیشارەتیشە بۆ مەریەمی دایکی عیسا و بۆ عەزرای قارەمانی ڕازی خۆشەویستی وامیق و عەزرا.
عەزل: لەکار خستن.
عەزیر: عەزیزی میسر، مێردی زولەیخا. خاوەن دەسەڵات بە جۆرێ کەس نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ.
عەزیزان: خۆشەویستان، ئیشارەتە بۆ نازناوی یەکێکی تر لە پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی کە ناوی «سەیید عەلی ڕامیتەنی»ی مامۆستای «بابا موحەممەدی سەمماس»ی مامۆستای «ئەمیر کولال»ی مامۆستای «شاهی نەقشبەند»ە.
عەزیزی: خاوەن عیزەتی.
عەسر، «عَصر»: چەرخ.
عەسەس: پاسەوانی شەوی ناو شار.
عەسەل: هەنگوین.
عەفار: جۆرە دارێکە ئاگری لێ ئەبێتەوە.
عەف عەف: حەوحەو، وەڕەی سەگ.
عەقرەب: دووپشك.
عەقیق: ئاقیق، بەردێکی گرانبەهای سووری ترە. مووروویەکی سووری گرانبەهایە.
عەقیم: نەزۆك.
عەکس: دەرخستن، پێچەوانە. وێنە.

عەکسی بەقیع: پێچەوانـەی بەقیع کە «عەبیق»ە واتە: بۆن و بەرامەی خۆش. ئیشارەتیشە بۆ گۆرستانی «جنةالبقیع» کە یـەکـێکـە لە گـۆڕستانە بەناوبانگەکانی موسوڵمانان و بـەشێکـی زۆر لە هـاوڕێ گەورەکانی پێغـەمبەر لەوێ نێژراون.

عەکسی عەسەل: پێچەوانەی هـەنگوین، تـاڵ، لەسـەع، «لَسَـعْ» واتـە: پـێوەدان و گەستن.

عەلا: «علیٰ»، یـەکـێکـە لە حەرفەکانی جـەڕ مـەعنای سەرکەوتـنی شـتێك بـەسەر شتێکدا ئەبەخشی.

عەلامەت: نیشانە.

عەلایق: پەیوەند.

عەلقەم: کاڵەکە مارانە.

عەلەم: ئـاڵا. وشـەیەکـە لە خۆیەوە کەسێك یا شـتێکـی دیاری بگەیەنێ.

عەلەمدار: داری ئـاڵایـی و پەڕۆ پیا هەڵواسراو، یا مرۆی ئاڵا هەڵگر.

عەلەن: ئاشکرا.

عەماری: کەژاوە.

عەمدەن، «عمداً»: دەسەنقەست.

عەمرە: واجبێکی تری وەکوو حەجە، جـیاوازی لە حـەج لەوەدایە مەرج نییە هەر لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی قوربانا بکرێ و وەستانی «عەرەفە»شی تیا پێویست نییە.

عەمەل: کار. کردەوە.

عەمیق: قووڵ.

عەن: «عَـنْ»، یـەکـێکـە لە حەرفەکانی جەڕ بۆ لادانـی شـتێکـە لە شـتێکـی کـە، ئیشارەتیشە بە «عَـنّ»ی بـە مەعنا شلەپەتەیی.

عەنان: جڵەو.
عەنبەر: شتێکی بۆن خۆشە، ڕەنگی وەك ڕەنگی گڵ وایە لە گەدە یا لە ڕیخۆڵەی جۆرە ماسییەکی دەرئەهێنن.
عەنبەر ئەفشانی: عەنبەر بڵاوکردنەوە، کینایەیە لە قسەی نەستەق و شیعری نایاب وتن.
عەنعەن: عەن عەن، لە فڵانەوە و ئەویش لە فڵانی ترەوە و بەوجۆرە... حەدیسی موعەنعەن ئەو حەدیسەیە کە تیا بووترێ فڵان کەس لە فڵان کەسی گێڕایەوە بۆم، بێ ئەوەی بڵێ ئەو فڵانە قسەی بۆ کردم کەوا فڵان کەس قسەی بۆ کردووە... تاد، یا لێی بیستووە.
عەنقا: باڵدارێکی ئەفسانەییە دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە.
عەنکەبووت: جاڵجاڵۆکە.
عەوامیل: ناوی کتێبێکی سەرەتاییە لە زانستی نەحودا و، ئیشارەتیشە بۆ هەر وشەیەك بەپێی ئەو زانستە کار لە وشەیەکی تردا بکا، هۆیەکانی ئیش‌کردن.
عەود: گەڕانەوە، مەبەست زیندوو کردنەوەی بنیادەمە لەو دنیادا.
عەوسەج: درەختێکی بچکۆلەیە لقی دڕکاوی و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەیە.
عەیادەت: سەرلێدانی نەخۆش.
عەیان: ئاشکرا و دیاری.
عەین: کانی. چەشن. چاو، زات.
عەینی عەسا: هەروەك عاسا، کینایەیە لە کوێری و بێ چاوی.
عەییار: فێڵباز.
عیادەت: هەواڵ پرسی نەخۆش.
عیتاب: گلەیی و بناشت. لۆمە.
عیجز: بێ دەسەلاتی. عاجزی.

عیسمەت: پاراستن.
عیشقی مەجازی: لای ئەهلی دڵ عیشق دوو جۆرە، عیشقی حەقیقی کە عیشقی خوایە و عیشقی مەجازی کە عیشقی جینسییە.
عیشوە: ناز.
عیقد: گوارە.
عیلاقە: ئەوەی بە شتێکدا هەڵواسرابێ.
عیلمی بەسیت: زانستی سادەی بێ پێچ و پەنا.
عینایەت: گوێ پێدان و خزمەتکردن.
عینەب: ترێ.
«عینَة»: کەرەستە.
عیهن «عِهْن»: خوری.

## پیتی غەین «غ»

غائیب: نادیار، ئەوەی ماڵ و حاڵ و کەس و کاری خۆی بەجێ هێشتبێ و نەزانن لەکوێیە. لە عیلمی نەحویشدا جۆرە زەمیرێك و لە عیلمی سەرفیشدا جۆرە فیعلێکە.
غار: ئەشکەوت.
غارات: تاڵان. غارەت، تاڵان.
غارەتگەر: تاڵانکەر.
غافڵ: بێ ئاگا.
غالیە: دەرمانێکی زۆر بۆنخۆشە لە چەند ماددەی جیاجیا دروست ئەکرا و بۆ بەهێزکردنی دڵ و بیر بەکار ئەهێنرا.
غوبار: تۆز.
غوربەت: غەریبی.
غوربەتکەش: ئەوەی لە نامۆییدا بژی.
غوڕڕە: ناوچاوان.
غوڵام: نۆکەر.
غونچە پشکووت: خونچە پشکووتوو، دەم کراوە.

غونچێکه: غونچه یه که.
غه‌برا: تۆزاوی.
غه‌رامه‌ت: ده‌رد و ئازار.
غه‌ڕڕا: بایی.
غه‌رغه‌ره: خڕه‌خڕ و گیرانی قوڕگ و ده‌نگ ده‌رنه‌هاتن. کاتی گیانه‌ڵا، دوا قۆناغی ژیان و سه‌ره‌تای مه‌رگ.
غه‌رق: غه‌ریق، خنکاو.
غه‌رقه: غه‌رق، نوقم.
غه‌ریق: خنکاو، نوقم.
غه‌زال: ئاسك.
غه‌زه‌ل: پارچه شیعر. جۆره قوماشێکی جوانه.
غه‌زه‌نفه‌ر، «غَضَنْفَر»: به‌سام وه‌ك شێر.
غه‌ڵتان، «غَلطان»: تێکه‌ڵ، تێوه گلاو.
غه‌ڵه‌تاوه: وه‌رچه‌رخاوه، وه‌رگه‌ڕاوه‌ته‌وه.
غه‌مزه: ئیشاره‌ت به چاو. چاو داگرتن.
غه‌مزه سووك: ئه‌وه‌ی به تیلی چاو ئیشاره‌تێکی زۆر که‌م بکات.
غه‌نی: ده‌وڵه‌مه‌ند، بێ ئیحتیاج.
غه‌وس، «غَوْث»: فریادڕه‌س.
غه‌وواس، «غوّاص»: ئه‌وه‌ی ئه‌چێته بنی ده‌ریا دوڕ و گه‌وهه‌ر و مرواری ده‌رئه‌هێنێ.
غه‌یب: نادیاری.
غه‌یر: «غیر»، وشه‌یه‌که له زمانی عه‌ره‌بیدا ئه‌گه‌ر ئیزافه‌ش بکرێته پاڵ مه‌عریفه‌یه‌ك هه‌ر نابێ به مه‌عریفه و به نه‌کیره‌یی ئه‌مێنێته‌وه.
غه‌یوور: به‌غیره‌ت.
غیبته، «غِبطة»: ئه‌وه‌ته که‌سێك ئاواتی ئه‌وه بخوازێ شتێکی باشی ده‌سگیر ببێ که که‌سێکی تر هه‌یبێ.
غیلمان: جه‌معی غولامه

بەمەعنا بەندە. کوڕی تازە پێگەیشتوو.

**غینا:** دەوڵەمەندی. گۆرانی.

## پیتی فێ «ف»

**فائیز، «فائض»:** خاوەن فەیز، بەهرەمەند.

**فائیق:** لای سەرووی گەردن کە سەر و ملی تیا یەك ئەگرێتەوە.

**فائیقە:** حوشترێکە هەر لەگەڵ دۆشینیا گوانی پڕ ببێتەوە لە شیر.

**فاتیح:** وڵاتان داگیرکەر.

**فاتیحە:** سوورەتی «الفاتحة»، داوای خوێندنی سوورەتی فاتیحە بۆ گیانی کەسێکی مردوو.

**فاحیشە:** ئافرەتی داوێن پیس.

**فاخیر:** نایاب و گرانبەها.

**فاریغ:** بۆش.

**فاسیل، «فاصِل»:** جویّ کەرەوە.

**فاقە:** تەڵە، داو.

**فانۆس:** چرادان.

**فانی:** فەوتاو.

**فَرْد:** تاك.

**فرزەند:** کۆرپە، مناڵ.

**فرووغ:** گەشی و ڕووناکی.

**فریب:** هەڵخەڵەتاندن.

**«فنا فی النور»:** لە زاراوەیەکی سۆفییانە وەرگیراوە، واتە: توانەوە لە ڕووناکیدا.

**فوتادە:** ئوفتادە، کەوتوو.

**فوتووح:** کردنەوە.

**فوتووحات:** بەرەکەت.

**فوتوور:** ساردی و بێمەیلی. مەستی و سستی.

**فورات:** سازگار و ساف و بێ گەرد، ڕووبارێکە لە عێراقا ناوبانگی ئاوەکەی بە خۆشی دەرچووە.

**فورزەندی فەیلەقووس:**

ئەسکەندەری کوڕی فیلیپی مەکدۆنی.

فوسوول، «فُصول»: وەرزەکانی ساڵ.

فوغان: هاوار و گریان.

فویووزات، «فیوضات»: لافاوی بەرەکەت.

فەتتاح: خوا کە دەرگای ڕەحمەتی خۆی بۆ بەندە ئەکاتەوە.

فەتح: کردنەوە.

فەتەرات: فەوتان.

فەج: ڕێگای دوور.

فەڕ: جوانی.

فەرد: تاقانە.

فەردا: سبەینێ.

فەرزن، «فَرضاً»: گریمان، با وای دانێین.

فەرش: تۆپی زەوی. ڕایەخ. ژێرەخەر.

فەرع: لق.

فەرق: تەپڵی سەر. تەوقەسەر.

فەرهاد: دڵداری شیرین، بە هەر بەدبەختێکی هاوارکەریش ئەڵێن و لە وشەی «فەریاد»یشەوە نزیکە.

فەرەق: فەراق، تەق، تەقینەوە. سەرچاوەکەی هەر وشەی «فیراق»ە.

فەزا، «فضا»: بۆشایی. تەختان.

فەساحەت، «فَصاحَة»: قسە ڕەوانی.

فەساد: خراپ بوون و فەوتان.

فەغفوور: لەقەبی پادشاهانی چین بووە.

فەقر: لاتی.

فەقر و فاقە: لاتی و هەژاری.

فەقێ: کەسانێك بوون لە تەمەنی ١٠ ـ ١٢ ساڵانەوە حوجرەی تایبەتیان لە مزگەوتەکاندا هەبوو،

زانستەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی و هەندێ بابەتی فەلسەفە و ماتماتیك و ئاسمانشناسیشیان ئەخوێند. تا پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش بناخەی خوێندن و خوێندەواری لە کوردستانا ئەوان بوون. کە لە خوێندن ئەبوونەوە، ئەبوون بە مەلا. لەناو ئەم مەلایانەدا زانای گەورە گەورە هەڵکەوتووە. دەوری گەورەی پەیدا بوون و گەشە پێدان و پاراستنی ئەدەبی کورد ئەم مەلا و فەقێیانە دیویانە. ئێستاش لە زۆر لای کوردستانا فەقێیەتی ماوە، بەڵام زۆر ڕووی کردووەتە کزی.

فەلەك: ئاسمان. گەردوون.

فەلەکولئەتلەس «فَلَكُ الأَطْلَسْ»: لای فەیلەسووفە کۆنەکان ناوی ئاسمانی نۆهەمە چونکە ئەوان «عەرش» و «کورسی»یشیان بە ئاسمان داناوە.

فەن: هونەر و جوانی، فڕوفێڵ.

فەنەر: پارچە کاغەز یا پارچە قوماشێکە وەك لوولە لوول ئەدرێ و مۆمی داگیرساوی ئەخرێتە ناو بۆئەوەی کە لەشوێنێکەوە برا بۆ شوێنێکی کە با نەیکوژێنێتەوە، بە هەر شتێکی لوول دراویش ئەوترێ.

فەنەن: لقی ڕاست.

فەور: پەلە.

فەوران: فەوەران، هەڵقوڵان.

فەوقانی: سەرخان.

فەهیم: تێگەیشتوو و فامیدە.

فەیز، «فَیْض»: میهرەبانی و ڕووخۆشی. لافاوی بەرەکەت. لێشاو.

فەییاز «فَیّاض»: بارانڕێژ،

بەرەکەت بەخش.
**فیتنە:** گرفتار و گیرۆدەکردن. مایەی نەگبەتی و خراپە.
**فیراق:** دووری لە یار.
**فیردەوس:** بەهەشت.
**فیرقە:** تاقم.
**فیرقەت:** جیایی.
**فیکر:** بیر لێ کردنەوە.
**فیکرەت:** بیر و ڕا.
**فیلکە:** سەرە خڕەکەی تەشییەکە کە کراوە بەسەر دارە ستوونییەکەیدا و قولاپەکەی لێ گیر کراوە.

## پیتی قاف «ق»

**«قائم‌اللّیل»:** ئەوەی بە شەو هیچ نەخەوێ.
**قائیم:** بنیادەمی قنج و قیت. بێدار، هەستاو. ڕاوەستاو، بەپێوەبوو.
**قاب قوسین:** ئەوەندەی دوو کەوان.
**قابیلە:** وەرگر، ڕەزامەند.
**قابیلی قیسمەت:** ئەوەی بە بەشی خۆی ڕازی بێ یا ئەوەی بۆ دابەش کردن بشێ.
**قاتیعی ڕێگەی سەفەر:** ڕێگەی سەفەری ئەبڕی. یاخود بوو بە چەتەی ڕێگەی سەفەر.
**قاڕوون:** دەوڵەمەندێکی جوولەکە بووە لە خۆی بایی بووە، خوایش غەزەبی لێ گرتووە، دارایی و سامانی بردووە بە ناخی زەویدا.
**قاسی، «قاصي»:** دوور. ڕەق.
**قاعیدە:** بناغە.
**قاف:** کێوی ئەفسانەیی قاف.
**قافڵەسالار:** پێشڕەوی کاروان.
**قامەت:** باڵا.
**قانگ:** دووکەڵی پەنگ خواردووەوە.

قانیعی بابی ڕەزا: لە دەرگای ڕەزامەندیدا بە بەشی خۆی قنیات کردوو.
قاو: پووشوو، پیفوو، ناوپۆرگی پیرەدارە.
«قَد قامت»: ڕستەیەکە، بەشێکە لە دوعایەکی تایبەتی بەر لە دابەستنی نوێژی جەماعەت ئەخوێنرێ.
«قُمْ قُمْ»: هەستە! هەستە!
قوببە: گومەز. گۆپکە.
قوبلە: ماچ.
قوبوور: جەمعی قەبرە.
قوت: ڕۆزی.
قوتب، «قُطب» و وەلی: لای ئەهلی تەسەووف دوو پلەن لەو پلانەی بنیادەمی خواناسیان پێ ئەگا.
قودرەتی ئینشا: توانای وتن یا دروست کردن.
قودس: پیرۆز.
قودس ئاشیان: ئەوەی ئاسمان جێی بێ.
قوربان: قوربانی.
قوربەت: نزیکی.
قورسی نمەك: پارچە خوێ کە بووبێ بە کوڵۆ.
قوسوور: کورتی.
قوش: پەلەوەرێکە وەك باز ڕاوی پێ ئەکەن.
قوڵقوڵ: قوڵەقوڵ، قوڵدان.
قوللە: لووتکە.
قوڵنگ: چەکوشی بەرد پێ تاشین.
قوم: لم.
قومری: باڵندەیەکە لە کۆتر بچووکترە.
قووەتی دڵ: هێزی دڵ.
قەبەس: دەسەچیلە، چەپکێك پووش یا چیلکە بنرێ بە ئاگرێکەوە تا داگیرسێ و ببرێ لە شوێنێکی تر ئاگری

پێ بکرێتەوە.
قەتاد: دارێکی سەختە دڕکێکی وەك دەرزی تیژی هەیە.
قەتار، «قَطار»: کاروان، ڕیز.
قەتع: بڕین، حەدیسی مەقتووع ئەو حەدیسەیە زنجیرەی گێڕانەوەی نەگاتەوە سەر ئەسحابە، بەڵکوو لە تابیعین یا لە خواری ئەوانەوە بپچڕێ.
قەد: باڵا. قەد«ی دووهەم» مەعنای چەماندنەوەش ئەگەیەنێ.
قەدکەوان: ئەوەی قەدی وەك کەوان چەمیبێتەوە.
قەدەح: پیاڵە.
قەدەحنۆش: نۆشکەری پیاڵەی مەی.
قەدەم: هاتن، پێ و قودووم.
قەدەم ڕەنجەکە: ئازاری پێت بدە، کینایەیە لە داوای هاتن لە کەسێکی خاوەن پایە و ڕێ و شوێن.
قەدیفە: قەیفە.
قەراح: ئاوی سازگار.
قەرار داوە: داناوە.
قەڕڕال: قەڕاڵ، پادشا.
قەرقەف: مەی.
قەرنی غەزالە: شاخی ئاسك. یەکەم سەردەرهێنانی خۆر لە سبەینێدا.
قەرەداغ: ناوچەی «قەرەداغ» لە هەرێمی سلێمانی.
قەزا، «قضا»: قەزاوقەدەری خوا.
قەسر، «قصر»: کۆشك و تەلار.
قەسری موعەللا: کۆشکی بەرز.
قەسوەت: دڵڕەقی.
قەشقە: نیشانەیەکە هیندییەکان لە تەختی نێوچاویاندا دایدەنێن بۆ ئەوەی تیرە و تائیفەیان لەیەك

جویٚ ببیٚتەوە.

قەعر: بن.

قەل: قەلەڕەش کە هەر ئەقڕیٚنیٚ و خەڵك بە نیشانەی خێری نازانن، مەبەستیش ڕەشیٚنەی چاوە.

قەلادە: گەردن بەند.

قەلب: دڵ، دەروون، ناوەوە. گۆڕین. یان قەڵب، واتە: ناچیز و بیٚ نرخ.

قەڵبەزەن: بیٚ کارە.

قەلع: هەڵکەندن و لەبن هیٚنان.

قەلعە: قەڵا.

قەڵغان: بەرگریٚکی لە پۆڵا دروست کراوە لە چەشنی ساج، جاران شەڕکەر گرتوویانە بە ڕوویانەوە بۆ خۆپاراستن لە تیر و شیری دوژمن.

قەل‌فڕ: کینایەیە لە دەرکردن و دوورخستنەوە.

قەللاب: بیٚ بار.

قەلەندەر: کەسیٚ هیچ پەیوەندیٚکی بە دنیاوە نەبیٚ.

قەمتەریر، «قَمْطَرير»: دژوار و تەنگ و نالەبار.

قەمچی نەچیٚژ: ئەوەندە باش و گورج، پیٚویست بە قامچی پیادان نەکردوو.

قەنارە: داریٚکە قولاپی ئاسنی پیٚوەیە قەساب گۆشتی پیا هەڵئەواسن.

قەندیل: چیای قەندیل لە ڕۆژهەڵاتی باکووری کوردستانی عیٚراق.

قەوام: هۆی ڕاگیر بوون.

قەوس: کەوان.

قەید: زنجیر. کۆت.

قەیسەر: لەقەبی پادشاهانی ڕۆم و رووس بووە.

قەی‌کردنەوە: ڕشانەوە.

قیا: کورت کراوەی «قیام» یا «قیامەت»ە.

قیاسی موسبەت: لە عـیلمی مـەنتیقدا «قـیاس» بـە دوو ڕستە ئەڵێن هەریەکـی لای کەمی لە دوو وشە پـێك دێن. جا ئەگەر هەردوو ڕستەکـە مەعنای بوونیان ئـەگـەیاند، ئەوە قیاسەکە قیاسی موسبەتە و دیارە ئەنجامەکەشی هـەر بوون ئەگەیەنێ.

قیباب: جەمعی قوببەیە.

قیبلە: ماڵی خوا لە مەککە کە موسوڵمانان پێنج فەرزە ڕووی تێ ئەکەن. یار، کە وەك قیبلە دڵان هەموو ڕووی تێ ئەکەن.

قیبلە برۆ: ئەوەی برۆی بـووە بە قیبلەی دڵداران.

قیبلە قوزە: ئـارەزووبـاز و شەهوەت پەرست.

قیبلەیی حاجات: ئەو شوێنەی موحتاجان ڕووی تێ ئەکەن.

قیتمیر، «قطمیر»: نـاوی سەگەکەی ئەسحابولکەهفە.

قیروسیا: کینایەیە لەوەی بـە هیچ دابنرێ و گوێی نەدرێتێ ئەگەر لەناو بچێ. یاخود «قیر و سیا»یە واتە: قیر و ڕەش.

قیسسە، «قِصّة»: قسە.

قیندیل: چرا. چرادان.

## پیتی کاف «ك»

کابین: ئەو ئەندازە پارەیەی پیاو لەکاتی ژنهـێنانا لە ئەستۆی ئـەگـرێ بـیدا بـە ژنـەکـە؛ لەو مـەعنایەشەوە وەرگیراوە بۆ هەرشتێ مرۆ لە ئەستۆی خۆی بگرێ.

کاتیب: نووسەر، مەبەست لە خوایە.

کادینی: نیشتەجێی کادان.

کاسات: جەمعی «کاسە»یە.

کاشانە: خـانووی بـچووك و بێبایەخ کە هـەژارانـی تیا

ئەژین.
**کافرسانی:** کافرستانی، وڵاتی کافران.
**کافر نیگەهـ:** ئەوەی بێ ڕەحمانە بڕوانێتە یەکێك.
**کافوور:** دەرمانێکی بۆن خۆشی سپی ڕەنگە، لە درەختێکی ئەکەنەوە.
**کافووری:** سپی وەك کافوور کە بەرێکی سپی و بۆن خۆشی درەختێکە.
**کافووری کفن:** کفنی سپی وەك کافوور.
**کافووری کەشیدە:** خەتی کێشراوی سپی وەك کافوور، ئەو خەتەی کە لەئەنجامی لە میستەرەدانی کاغەزەوە بە کاغەزەکەوە دەرئەکەوت.
**کاکۆڵ:** قژەسەر. کاکۆڵ، قژی درێژی لاوان.
**کاکە سوور:** پیاوێکی پیری بەساڵاچوو بووە لەو سەردەمەدا لە سولەیمانی. خۆی سوور بووە و ئەڵێن ناوی عەوڵا بووە، ڕیشێکی تۆزێ درێژی هەبووە.
**کاڵا:** پارچە، کەل و پەل.
**کانی ئاسکان:** کانی و سەراوێك بووە لە ڕۆژاوای سولەیمانییەوە، ئێستا گەڕەکێکە. لە سەردەمی بابانەکاندا، وەك لە شیعرێکی شێخ ڕەزاوە دەرئەکەوێ، مەیدانی ڕمبازی و پێشبڕکەی سواری بووە.
**کانی با:** کانی و سەراوێکە لەودیوی گردی سەیوانەوە سەیرانگای بەهارانی خەڵکی سولەیمانییە. نەزەرگەی شەخسێکیشە ئەڵێن چاك کردنەوەی باداری گرتووەتە خۆی.

کایە حەشیش: ئەوەی خەریکی کاری هیچ و پووچ بێ.
کرمی قەز: کرمی ئاوریشم.
کرێژ: کرێش.
«کَفَه»: کەففە، «کفّ»، کەف، لەپی دەست.
کلك ئێستر: کلك وەك کلکی ئێستر.
«کُنْ»: ئیشارەتە بۆ فەرمانی خوا، لە ﴿کُنْ فیکون﴾ەوە هاتووە.
کَنار: کەنار، قەراغ.
کۆ: کۆلان، بەردەرگای ماڵ. کۆمەڵ، کۆگا.
کوانی: کێوەکانی، یان: «کَوانی»، واتە: داخی کردم.
کوحل «کُحل»: کلە.
کودوورات: تۆز و خۆڵ.
کۆدەك «کودک»، وشەیەکی فارسییە: مناڵ.
کۆسار: کوێستان.

کوشت‌وگیر: جۆرە زۆران‌گرتنێکی بێ‌نەخشە و پلانە.
کوشتە: کوژراو.
کوشندە: بکوژ.
کوفر: کافری.
کولاه: کڵاو، سایە: سێبەر.
کولبە: کەلاوە.
کولووە بەفر: دانە دانەی بەفری شی کە بە توندی و گەورەیی بباریٚ یا با لە شوێنێکەوە هەڵیگریٚ بۆ شوێنێکی کە.
کوم: قۆڵ.
کووچە: کۆلان.
کۆه: کێو.
کەئس: پیاڵە.
کەبك: کەو.
کەتم: شاردنەوە.
کەچ: لار.
کەچ ئاین: بێ دین.

کەچکولاه: کڵاولار.
کەچ نەزەر: ئەو کەسەی کە ڕاست نەبینێ.
کەردڕ: گیایەکە لە چەشنی کنگرە کەرانە.
کەرگەس: داڵە کەرخۆرە، کە لاشەی گیانداری تۆپیو ئەخوا.
کەرم: داری مێو.
کەسب: پەیدا کردن. کاسبی.
کەسر: شکان. شکستە.
کەسەل: تەمەڵی.
کەشش: بەکێش کردن. هاتوچۆ و بەیەکا هاتن.
کەششاف: تەفسیرێکی قورئانە ناوی «الکشاف عن حقائق التنزیل، و عیون الأقاویل، في وجوه التأویل»ە، موحەممەدی کوڕی عومەری خوارەزمی «٤٧٦_٥٣٨ ی.ك ١٠٨٣،١٠٨٤ ـ ١١٤٣، ١١٤٤ ی.ز» دایناوە. تەفسیرێکە بەپێی ڕێبازی بیری موعتەزیلە و لەبارەی دەربڕینی ڕووەکانی ڕەوانبێژی قورئانەوە پایەیەکی باڵای هەیە.
کەشف: دەرخستن. زاراوەی ئەهلی تەسەووفە، بە حاڵەتێك ئەڵێن لە قۆناغێکی تایبەتیدا بۆ پیاوانی خوا پەیدا ئەبێ و توانایان ئەبێ هەندێ شتیوا بزانن بنیادەمی تر نەیزانێ و لە ڕێگای خوێندن و فێربوونیشەوە نایزانن.
کەشمەکەش: بگرە و بەردە، کێشمەنکێش.
کەشندە: ئەوەی بکشێ و نەبڕێتەوە.
کەف: دەست. سۆل، بەری دەست.
کەفارەت: ئەوەی گوناه، یا شتێکی ماددی دابشوا.
«کَهفُ الأنام»: ئەشکەوتی

پەناگای خەڵك.
کەففە: تای تەرازوو. کەففەی
میزان: تای تەرازوو.
کەففی پێ: بەری پێ.
کەفەن: کفن.
کەل: ددان کەوتوو.
کەلب: سەگ.
کەماڵ: وێڵ و فام.
کەمانین: وەك کەوان لێ ھاتوو.
کەمعەیار: ئەو زێرەی
بێ گەرد نەبێ، سووك.
کەمەر: پشتێنە.
کەمەند: پەتێکی ئەستووری
درێژە بۆ گرفتارکردنی کەسێك
یا گیانلەبەرێك بەکار دێ.
جۆرە تەنافێك بووە جاران لە
جەنگدا بەکار ھێنراوە بۆ
خستنەمل و بەکێش کردنی
جەنگاوەری بەرەی ئەولا.
کەمین: سپێر، ئەو شوێنەی
تفەنگچی خۆی تیا حەشار
ئەدا بۆ تەقە.
کەمینە: کەمتر و بێبایەختر.
کەنار: داوێن. دوورەپەرێز.
قەراخ. لا، پاڵ. لەباوەش گرتن.
لێوار.
کەندوو: کەندووی قوڕ یا
قامیش کە لە ماڵانی لادێدا
زەخیرەی زستانی تێ ئەکەن.
کەنز: گەنجینە.
کەنزی موتەلسەم، «مُطَلْسَم»:
گەنجینەی تەلیسماوی.
کەوسەر، «کَوثَر»: حەوزی
کەوسەر لە بەھەشتدا.
کەوشەك: یارییە کە یەك بازی
تیا ئەبرێ و، لەدوا شوێنی
بازدا کەوشێك دائەنرێ.
لەمیشا کێ لە ھەموان
کورت‌تری بڕی دائەبێ و،
کێ لە ھەموان زۆرتری بڕی،
ئەبێ بە ئیمام و بەر لە ھەموان
بازی بەسەرا ئەبا. لەگەڵ ھەر

بازێکی ئیمامدا دابووە کە بە ئەندازەی کەوشێك ئەچێتە پێشەوە. بازدەر نابێ قاچی لە کەوشەکە بکەوێ. ئەگەر لێی کەوت خۆی دائەبێ.
کەوکەب: ئەستێرە:
کەوکەبە: شان و شکۆ.
کۆمەڵی بەشانو شکۆ.
کەون: بوون.
کەهکەشان: کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان، کە لە دوورەوە سپی ئەکاتەوە. مەبەست لە ئاسمانە.
کەی: کەیخوسرەو یا کەیکاوس کە دوو شای ئێران بوون.
کەید: فێڵ.
کەیف: چۆنیەتی.
کەیل: پڕ، لێوانلێو.
کەیوان: ئەستێرەی «زُحَل» کە بازنەیەکی زۆر ڕووناکی بە دەورایە و بووە بە نموونەی شتی زۆر ڕۆشن.
کیبر: فیز.
کیسرا: نازناوی پادشاکانی ساسانییە.
کیسە: ئەندازەیەك پارە بووە وەك بڵێی هەزار دینار، خراوەتە توورەکەیەك و بە دەست هەڵگیراوە.
کێوان: شاخەکان، یاخود کەیوان واتە ئاسمان.
کێوی توور: ئەو کێوەی خوا قسەی لەگەڵ حەزرەتی مووسا تیا کرد و نووری خۆی تیا پیشان دا.

## پیتی گاف «گ»

گاهێ: هەندێجار. جارێکیان.
گرانبار: ئەوەی باری گرانی لەسەر شان بێ. بار قورس.
گراننار: ئەوەی نازی بە گران بکەوێتە سەر خەڵك.

گردەك: تەپۆڵکەی بچکوڵەی سەر گرد.
گریە: گـــریان، مــەبەست فرمێسکە.
گڵاوی ڕەفع ئەکا: گــڵاوی لائەبا. ئەگەر سـەگـێك یـا بەرازێك دەم بخەنە قاپێك یا بکەون لە کەسێك یا لە شتێك و سەگەکە یا بـەرازەکـە یـا ئەوەی لێی کەوتوون، یەکێکیان تەڕ بێ، ئەوە قاپەکە، یا ئـەو کەسە یا ئەو شتە، بەگوێرەی شەرع گڵاو ئەبێ و پێویستە حـەوت جـار بشۆرریێ کـە جارێکـیان بـە قـوڕاوێکـی خاوێن بێ. بەو شۆرینە ئەڵێن گــڵاوی دەرکـردن. گـڵاوی لێرەدا کینایەیە لە گـونـاهبار بوون.
گڵ و بەرد: وادیارە مەبەست لێی ئەو گڵمتك و بەردانەیە کە سۆفی لەکـاتی «خـەتمە»دا لەجیاتی تەزبێح بەدەستیەوە ئەگرن.
گلە: گلەیی.
گۆ: جۆرە تۆپێکی دارینە بە دارێك لێیان داوە و یـارییان پێ کـردووە، بـە دارەکـەیان وتووە چەوگان واتە: گۆچان.
گورگەمێش: گورگ لە پێستی مەڕدا.
گورگی سەفەر: وەك گـورگ ڕاکەر لە سەفەردا.
گورگین: گەڕۆڵ.
گوزین: هــــەڵاوێردوو و پەسەند کردوو.
گوشایش: کردنەوە.
گۆشە: سووچ.
گۆشەگیر: دوورەپەرێز.
گۆشەوارە: گوارە.
گول: گوڵ.
گوڵئاتەشی: گـــوڵەهــەنار،

گوڵێکی سووره.

**گوڵاته‌شین:** گوڵ ئاته‌شین، گوڵی وه‌ك ئاگر سوور.

**گوڵامێز:** گوڵئامێز، تێکه‌ڵ به گوڵ.

**گوڵبن:** دره‌ختی گوڵ. چه‌پکه گوڵ. گوڵبه‌ن.

**گوڵچین:** ئه‌وه‌ی گوڵ کۆئه‌کاته‌وه و ئه‌یکا به چه‌پك.

**گوڵچیهره:** ئه‌و نازدارانه‌ی ڕوویان وه‌ك گوڵ وایه.

**گوڵخه‌ن:** توونی حه‌مام.

**گوڵ خه‌نده‌ران:** گوڵێکی سووره، ئه‌ڵێن که بنیاده‌م پێ‌بکه‌نێ ئه‌و له ناسکیدا له‌ت ئه‌بێ.

**گوڵزاران:** ئه‌وانه‌ی ده‌میان وه‌ك گوڵ جوان و بۆن‌خۆش و نازداره.

**گوڵزاران:** باخچه‌کان.

**گوڵشه‌ن:** باخێ که گوڵی زۆری تیابێ.

**گوڵ گوڵی:** گوڵ گوڵین. ئه‌وه‌ی هه‌موو گیانی گوڵ بێ.

**گوڵنار:** گوڵی هه‌نار، به گوڵی هه‌ناری کێویش ئه‌ڵێن که هه‌ر گوڵه‌که ئه‌کا و به‌ری نییه. گوڵه‌که‌ی گوڵێکی سووری جوانه سه‌د په‌ڕه‌ی هه‌یه.

**گوڵووك:** ورده گوڵ.

**گوڵی ئاته‌شی:** گوڵێکی سووره.

**گوڵی هێرۆ:** گوڵێکه ڕیشه‌ی به ناخی زه‌ویدا ئه‌چێته خواره‌وه و هه‌میشه له‌و شوێنه‌یدا ئه‌ڕوێته‌وه، بۆنی هیچ نییه، به‌ڵام به‌دیمه‌ن زۆر جوانه، گوڵه هه‌رمه‌ڵه‌شی پێ ئه‌ڵێن.

**گومبه‌د:** گومه‌ز.

**گوم‌گه‌شته:** ون‌بوو.

**گۆنا:** ڕوخسار.

**گونبه‌د:** گومه‌ز.

گونجایش: گونجان.
گۆنه: چەشن. گۆنا.
گوهەر: گەوهەر.
گۆیا: گوایە. هاتووە زمان.
گەبر: ئاگرپەرست.
گەپ: گاڵتە.
گەدا: لات و بێ کەس.
گەردان: سووڕاوە.
گەردش: سووڕانەوە. هەڵسووڕان.
گەردنلغ: خشڵێکی زێڕە ئەکرێتە مل و بە لیرەیەکی زۆر ڕازاوەتەوە.
گەردەن: گەردنبەند، گەردانە.
گەرمابە: گەرماو، حەمام.
گەرمڕەو: ئەوەی توند و تیژ ڕێ ببڕێ، کەسێ زۆر پەلەی بێ بە مەبەستی خۆی بگا.
گەزەند: زیان.
گەشا: گەشایەوە.
گەلووگیر: لە قوڕگا گیراو.
گەنج: گەنجینە، خەزێنە.
گەنجوور: گەنجینەدار.
گەند: بۆ گەن، مرۆی بێ کەلك.
گەه: جار جار. هەندێ جاری کەش.
گەهێ: گاهێ، هەندێ جار.
گیاه: گیا، سەوزە.
گیرو دار: وشەیەکی فارسییە بەمەعنا بگرە و ڕاگرە. ئێستا بەمەعنا هەرا و کێشە بەکار دێت.
گێسوو: زوڵف.

## پیتی لام «ل»

لا: لامەلفەلا کەواتە نەء، کە ئەگەر وا بنووسرێ: «لا»، تا ڕادەیەك وەك کەوانی لێ دەرئەچێ لە برۆ ئەچێ.
لاجانگ: نێوانی چاو و گوێ.
لاڕەیبی: خوای گومان لێنەکراو.

**لازەمان**: ئەوەی لە کاتا نییە، کینایەیە لە خوا.

**لاشە**: لاشەی گیانداری تۆپیو.

**لاعیب**: یاری کەر.

**لاف**: ئیددیعا و دەم درێژی. هاش و هووش.

**لاك**: زەبوون و بێ دەسەڵات.

**لالا**: لەءلاء، تیشك دەرەوە.

**لالە**: گیایەکی بچووکی کێوییە زیاتر لە شوێنی شێداردا ئەڕوێ، ماڵییش ئەکرێ، لە سەرەتای ناوەڕاست مانگی بەهارا پێ ئەگا، جۆرە کێوییەکەی گوڵێکی سووری هەیە، مێلاقە.

**لالە کولاه**: کڵاو سوور وەك گوڵی لالە.

**لامەکان**: ئەوەی لە شوێندا نییە، کینایەیە لە خوا.

**لامەکان سەیران**: ئەو کەسەی لە شوێنی ناشوێندا سەیرانی کردووە.

**لامەلفەلا**: لا.

**لانکە**: بێشکە.

**لِسَبزِیً**: لەبەر سەوزیی...

**لوئلوء**: مرواری.

**لوببی لوباب، «لب اللباب»**: کتێبێکە «سیف الدین»ی ئامودی نووسیویەکە لە ٦٣١ ی.ك «١٢٣٣ـ١٢٣٤ ی.ز»دا مردووە.

**لوتف**: ناسکی.

**لوخت**: ڕووت.

**لوسووق، «لُصوق»**: ئەو مەعنای کە حەرفی جەڕی «بێ» ئەیگەیەنێ.

**لوعاب**: شتێکە وەك تەنراوی جاڵجاڵۆکە لە گەرمای نیوەڕۆکاندا ئەبینرێ لە ئاسمانەوە بەرەو خوار ئەبێتەوە.

**لووتەخۆر**: بخۆری پارووی زل.

**لوولوو**: لوءلوء.

لەئالی: جەمعی لوئلوئە بەمەعنا مرواری.
لەب: لێو.
لەبالەب: لێو لەسەر لێو، لێوان لێو.
لەبیب: عاقڵ.
لەبی مەرجان: لێوی وەك مەرجان سوور.
لەتمە، «لَطْمة»: شەقازلە.
لەتیف: ناسك.
لەجووج: منجڕ.
لەحزە ژمێر: تاو تاو ژمێر.
لەحزە، «لَحظَة»: ماوەی چاوکردنەوەیەك.
لەرزش: لەرز.
لەرەزان: لەریوە.
لەعب: یاری.
لەعل: بەردێکی گرانبەهای سوورە.
لەعین: مەلعوون، دوور لە ڕەحمەتی خودا.
لەککە: پەڵە.
لەمحە: ماوەی تێپەڕینی برووسکەیەك.
لەمێ: لێرە.
لەندەهوور: چوارشانە و کەڵەگەت، مەبەست لە کەسانی وایە ئەوەندە زەبەللاح بن خەڵك لێیان بترسێ.
لەنگەر: لەنگەری.
لەنێو: لەناو.
لەوح: تەختەی لەسەر نووسین، یا «لوح المحفوظ» کە ئەو تەختەیە هەرچی لە جیهانا ڕوو بدا و بە عیلمی خوادا ڕابووردبێ، تیا نووسراوە. هەر شتێکی پانتایی‌دار.
لەومە: سەرزەنشت.
لەهجە: زمان.
لەهیب: بڵێسە.
لەیلا: بێجگە لە مەعنا لەفزییەکەی کە نەشەی کاتی

سەر خۆشییە و لەوەش کە
ناوی ئافرەتە، ئیشارەتیشە بۆ
لەیلای قەیسی عامیری.
لێژ: بەرەوخوارە.

## پیتی میم «م»

**ما:** ئێمە، وشەیەکی فارسییە.
**مائیدە:** سفرە و خوان.
**مائیل:** ئارەزوومەند، لار.
**ماتەم:** ئازیەتباری. خەمباری
بەبۆنەی مردنی کەسێکەوە.
**ماجەرا:** ڕووداو، ئەنجام.
**ماحی:** لەناوبەر و کوژێنەوە.
**مادەر:** دایك.
**ماری ئەژدەر:** ئـەژدەهـا،
بەگوێرەی ئـەفسانەی کـۆن
جۆرە مارێکی ئێجگار گەورەیە
ئاگر لە دەمیەوە دەرئەچێ.
**مازی، «ماضي»:** ڕابردوو.
**ماسیوای:** لەو بەولاوە.
**ماش و برنج:** ئەو ڕیشەی بە
ڕەشی نەمابێتەوە و هـێشتا
تەواویش سپی نەبووبێ.
**«مافیها»ی زەمان:** ئەوەی لە
جیهاندا هەیە.
**ماڵ براو:** ئـەوەی دز مـاڵی
بردبێ.
**ماڵ بڕاو:** ئەوەی کون کرابێتە
دیـواری مـاڵی بـۆ دزی
لێ کردنی، کـینایەیە لە دزی
لێ کران.
**مام:** مامەوە.
**مان:** مانەوە.
**مانەند:** وێنە.
**مانی:** وێنە کێشێکی بەناوبانگی
ئێرانی بووە.
**ماوا:** مەئوا، جێگە.
**ماوەرد:** «ماءالورد»، گوڵاو.
**ماوی:** شینی کاڵ، ئاسمانی.
**ماه:** شار «وشەیەکی کۆنـی
زمانی پەهلەوییە»، مانگ.
**ماهی:** مانگی.

ماهی نەو: مانگی نوێ.

مایل: حەزکردوو.

مایە: سەرمایە. ماددە.

مایە پەروەر: ئەوەی کە ماددەکان پەروەردە ئەکات.

ماینە: ئاواوی، تێکەڵ بە ئاو.

«ماءالخضر»: ئاوی خزر، ئەو ئاوەی حەزرەتی خزر پێغەمبەر لێی خواردووەتەوە و بۆیە نامرێ.

مرواریی ئەشك: فرمێسکی وەك دەنکی مرواری سپی.

مروور: گوزەر، تێپەڕین.

مست: مستە کۆڵە.

مسکێن: فەلاحی بێ زەوی.

مشت: مشتوو.

مشتی مەلا: کینایەیە لە نەکرانەوە و هیچ لێ نەبوونەوە.

«معاذ الله»: پەنا بە خوا، خوا نەکا، هەرگیز ڕوو نادا.

مفت: خۆڕایی.

مل عەلەم: مل وەك ئاڵایی بەرز.

مِنْدَلْ: چیلکەی بۆن خۆش.

موئمین: کەسێ باوەڕی بە خودا هەبێ.

موئەخخەر: دواخراو.

موباهات: شانازی و فیزکردن. کەش و فش.

موبەڕڕا: پاك.

موبەششەر: مژدە پێدراو.

موبەییەن: ڕوون کراوە.

موبین: ئاشکرا و دیاری.

موتابیع: ئەوەی چاو لەدووی شتێك بێ.

موتاڵا: تەماشا کردن و خوێندنەوەی کتێب.

موتتەحید: بە یەك بوو.

موتڵەق: بەرەڵڵا.

موتمەئین خاتر، «مطمئن خاطر»: دڵنیا.

موتوربە: پێوەند، «تلقیح».

موتەنەففیس: هەناسەدەر، گیانلەبەر.
موتەووەق: تەوق لە گەردن.
موتەوەحیش: هەڵاتوو و داوە کێو.
موجەڕڕەد: ڕووت.
موجەززا: لە یەك جیا بووەوە و شیرازە تێکچوو، پارچە پارچە بوو.
موجەوهەر: پڕ لە گەوهەر. گەوهەراوی، بە گەوهەر ڕازێنراوە.
موحابات: هەڵاویردن.
موحتەشەم دیوان: دیوەخانی قەرەباڵغ، یا دیوانی شیعری گەورە، یان ئیشارەتە بە گەورەیەکی «محتشم الدّیوان» ناو.
موحریم: ئەوکەسەی نیازی حەجی هەبێ و چووبێتە ئیحرامەوە و جلوبەرگی نەدووراوی ئیحرامی پۆشیبێ و سەری ڕووت کردبێ.
موحەققەق: دیارە، بێ گومان.
موحەووەل: سپاردە.
موحەییا: تەوێڵ.
موحەییر: سەرسام.
موحیبب: خۆشەویست.
موخاتەب: گفتوگۆ لە گەڵ کراو.
موخالیف: ناحەز، ئاوازێکی مۆسیقایە.
موخالیف: پێچەوانە، ئاوازێکی مۆسیقایە. ناحەز.
موختەلەت، «مُختَلَط»: تێکەڵ.
موخەتتەت: خەت خەت کراو لە میستەرە دراو. جاران کە کاغەزی خەت خەتکراو نەبوو مەقەبایەکیان ئەهێنا، چۆنیان بویستایە دێرەکانی کتێبەکە ڕێك بخەن، بەوجۆرە تاڵە کندری چەند لۆ بادراویان

تێ هەڵئەکێشا، پاشان پەڕەی
کاغەزی سپییان ئەخستە
سەری و توند پەنجەیان
پیائەهێنا، جێگەی کندرە
بادراوەکەی لەسەر نەخش
ئەبوو، ئەوجا بەسەر ئەو
نەخشانەدا ئەیاننووسی. بەو
مەقەباکندر تێ هەڵکێشراوەیان
ئەوت میستەرە.

موخەلخەل: پێ بە زنجیر.

موددەعی: ئەوەی لەخۆیەوە
ئیددیعای خۆشەویستی یار
ئەکا و بەدرۆ خۆی پیا
هەڵئەواسێ.

مورائی: ڕیاباز.

موراد: ئارەزوو، مەبەست.

مورتەعیش: موچوڕکە پیاهاتوو.

مورسەل: فروستادە.

مورغ: پەلەوەر. مریشک.

مورغی چەمەن: پەلەوەری
ناو مێرغوزار.

موزمەحیل: فەوتاو.

موزنیب، «مُذنِب»: گوناهبار.

موزەخرەف: ئەوەی خەریکی
شتی هیچ و پووچ بێ و خۆی
هەر بەدیمەن جوان کردبێ.

موزەففەر: سەرکەوتوو.

موژگان: برژانگ.

موژە: برژانگ.

موساوی: چون یەك.

موسوەدە: موسەوەدە،
ڕەش‌نووس، نووسراو بەر لە
پاکنووس‌کردنی.

موسەففا، «مُصَفّا»: پاڵفتە.

موسەمما: ناونراو.

موسەییەر: ڕەوێنراو،
خراوەگەڕ.

موسیب، «مُصیب»: ئەوەی
باش بۆ شتێ بچێ و بیپێکێ.

مۆسیقار: سازێکی سێ
سووچە لە قامیشی گەورە و
بچووك دروستی ئەکەن.

وتراویشە کەوا ناوی پەلەوەرێکە کونی زۆر لە دەنووکیدا هەیە، ئاوازی جۆراوجۆر لەو کونانەوە دەرئەچێ.

موشابیهـ: وەك.

موشکیل: زەحمەت.

موشکین: مـــوشکـــاوی، بـــۆن خـــۆش وەك کـەسێك موشکی لە باخەڵدا بێ.

موشکین نەفەس: ئـــەوەی هەناسەی بوونی موشك بدا.

موشەببەك «مُشَبَّك»: کون کون وەك پەنجەرە.

موشەخخەس: دیاری و ئاشکرا.

موعتەدیل: گونجاو، فێنك.

موعتەریف: کـەسێ دان بـە شتێکا بنێ.

موعجیز: یا موعـجیزە، ئـەو کردەوە لە عادەت بەدەرەیە کە تەنها لەو کەسانە ئەوەشێتەوە کە ئـیددیعای پـێغـەمبەری ئەکەن.

موعریب: ئەوەی سەر و ژێر ئەکا بۆ وشـە و ڕسـتە لێك ئەداتەوە.

موعەببەر: تـەعبیر لێ دراوە، ڕوون کراوە.

موعەتتەر، «معطّر»: بۆن خوش.

موعەللەق: زاراوەیەکی زانستی نـەحوە بـەجۆرە عـامیلێك ئـەڵێن لە هـەندێ حـاڵدا لە لەفزدا کار ناکا و لە مەعنادا ئەیکا، شۆڕبووەوە. هەڵواسراو.

موعەوزە، مووعەوویزە، «مُعَوِّذ»: شتێ کە پەنای پێ بگیرێ لە مەترسییەك.

موعەییەن، مُعَیَّن: ئـاشکرا و دیاری.

موغبەڕ: تۆزاوی.

موغلەق: داخراو، قووچاو.

موغەیلان: دارێکی دڕکاوییە لە بیاباندا ئەڕوێ.

موقتەدا: چاولێ کراو.
موقەددەم: پێش‌خراو.
موقەددیمە: لای پێشەوە، سەرەتا.
موقەڕڕەڕ: بڕیار دراو، جێ گیر کراو.
موقەییەد: دەست بەسراو.
موقیڕ: پێ‌لێ‌نەر.
موکەددەر: لێڵ، عاجز و خەمبار.
مول: مەی، شەراب.
مولازیم: هاوسەر.
مولغا: زاراوەیەکی تری زانستی نەحوە بە جۆرە عامیلێك ئەڵێن لە هەندێ حاڵدا نە لە لەفز و نە لە مەعنادا کار ناکا، لە کار کەوتوو.
مولووك: جەمعی مەلیکە بە مەعنا پادشاه.
مولەووەس، «مُلوّث»: پیس.
مولهەم: لە خواوە هاتوو و خوا خستووە دڵ.
موناجات: پاڕانەوە لە خوا لەژێر لێوەوە.
موناجاتی سەحەر: پاڕانەوە لە خوا لە کاتی بەرەبەیاندا.
مونتەزیر، «مُنتظِر»: چاوەڕوان.
مونتەفیع: کەڵك وەرگر.
مونتیج: بەرهەمدار.
مونجەمید: مەیبو.
مونزەجیر: ئەوەی لەسەر کردنی شتێ لێی تووڕە ببن و ئەویش لە کردنی ئەو شتە دەس‌بەردار ببێ.
مونزەوی: گۆشەگیر و کەنارەنشین.
مونعەقید: بەیەکەوە نووساو.
مونکەر: هاوڕێکەی نەکیر.
مونەججیم: ئەستێرە گرەوە.
مونەووەر: نوورانی، ڕووناك.
مونیر: ڕووناك کەرەوە.
مووچە: مووچ، دەست.

موودن: دار جگەرە.
موور: مێروولە.
موزیحە گوشا، «موضِحَة»: ڕوونکەرەوەی لێکدانەوە، برینێك بگاتە سەر ئێسك.
موو سونبول: ئەوەی تازە مووی لێ هاتبێ و مووەکانی ڕووی وەك سونبول ناسك بن.
مووکار: ئەڵێن ئەو تێغە موو ئەکا واتە: زۆر تیژە تەنانەت موو لەژێریا نانووشێتەوە، بەڵکوو ئەقرتێ.
موو کەمەر: قەد باریك وەك موو.
موهرەگشا: سەرقاپ کراوە، کینایەیە لە کچی بە ژن کراو.
موێ: موویەك.
مەئال: سەرەنجام.
مەئموول: چاوەڕوانی کراو.
مەبال: جێی میزکردن.
مەبحەسە، «مبحثة»: جێگای باس و لێکۆڵینەوە.
مەبزوول: ئاسان.
مەبهووت: سەرسام.
مەتاع: کەل و پەلی فرۆتەنی.
مەتبەخ، «مَطْبَخ»: چێشتخانە.
مەترووك: خراوە لاوە، ئەو حەدیسەی تاقە یەك کەس گێڕابێتیەوە و بەئاشکرا گوناهبار بێ یا گێژ و وێژ بێ یا شتی لە بیر بچێ یا قسەی لێ بکەن کەوا درۆزنە.
مەتڵەع: ئەو شوێنەی خۆر و مانگی لێوە هەڵدێ.
مەتن: کتێبی خوێندنی مەلایانە کە بەتەنها خۆی ڕاست نەکرێتەوە و پێویستی بە لێکدانەوە و لەسەر نووسین بێ، پشت.
مەتهەر، «مَطهَر»: شوێنی پاك بوونەوەی گیانی گوناهبار لە گوناه.

مەتین: پتەو و توند.

مەجاز: ئەو وشەیەی لە غەیری مەعنای ڕاستەقینەیدا بەکار هێنرابێ بەمەرجی بوونی پەیوەندییەك لەنێوان مەعنا ڕاستەقینەکە و مەعنا مەجازییەکەدا.

مەجرا: شوێنی پیا ڕۆیشتنی ئاو.

مەجزووبە، «مجذوبة»: ژنی جەزبە لێهاتوو، جەزبە حاڵەتێکە لەو حاڵەتانەی بەسەر پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندیدا دێن.

مەجمەر: مەقەڵی، جێگای پشکۆی ئاگر.

مەجنوون: شێت، یاخود قەیسی لەیلای بەناوبانگ.

مەجووسی: ئاگرپەرست.

مەجەڕە: کۆمەڵە ئەستێرەی کاکێشان.

مەحابا: لایەنگری.

مەحاسین: چاکە و جوانی.

مەحبەرە: دەوات، شووشەی مەرەکەب.

مەحبەسە: حەپسخانە.

مەحجووب: شەرمەزار.

مەحزەر، «مَحضَر»: خزمەت، حوزوور.

مەحفەر: جێگای چاڵ هەڵکەندن، گۆڕستان.

مەحفەل: جێگای کۆبوونەوەی خەڵك.

مەحەففە: کەژاوە.

مەحەك: بەردێکە زێڕی بێگەرد و ناپاکی پێ لە یەك جوێ ئەکرێتەوە.

مەحەلل: شوێن.

مەحەللە: گەڕەك.

مەختووم: مۆرکراو.

مەخزوون: خراوە عەمار، نووسراوە.

مەخزەنی ئەسرار: جێگای ڕاگرتنی ڕاز و نهێنی.
مەخزەنی تەبع: شوێنی چاپ.
مەخموور: سەرخۆش و بەدمەست. مەست.
مەخمەڵ: جۆرە قوماشێکی قەیفەیی جوانە.
مەخە: لەوانەیە کورتکراوەی «مەخوول» بێ کە ئەویش کورتکراوەی «مەحمود»ە. دیارە ناوی شێتێکی دیاری بووە لە سولەیمانی سەردەمی نالیدا، زۆر جار بە ڕووت و قووتی گەڕاوە.
مەدام: هەمیشە.
مەدرەسە: حوجرەی فەقێ.
مەدعوو: بانگکراو.
مەدمەع: ئەو شوێنەی فرمێسکی لێوە ئەڕژێ، چاو.
مەدەد: یارمەتی.
مەدەدکار: یارمەتیدەر.

مەدینەی مونەووەرە: شاری نوورانی پیرۆز، شاری مەدینە کە پێغەمبەر لە مەککەوە کۆچی بۆ کرد و لەوێ وەفاتی کرد.
مەرتەع: لەوەڕگە.
مەرجان: گیاندارێکی دەریاییە وەك گیا وایە، چەسپ بووە بە زەویەوە، سوور و سپی و ڕەشی هەیە. بۆ جوانی لە جەواهیرسازیدا بەکاری دێنن.
مەرحەمە: ڕەحمەت.
مەرخ: وشەیەکی عەرەبییە بە جۆرە دارێکی ناسك ئەڵێن زوو دائەگیرسێ.
مەردوم: خەڵك، بیبیلەی چاو.
مەردی: پیاوەتی.
مەرز و بووم: لە دوو وشەی «مەرز» و «بووم» پێکهاتووە

کە یەکەمیان واتە: سنوور و دووهەمیان واتە: ڕێ و شوێن و خاك و وڵات. ئێستا تێکڕا بەمەعنا وڵات و ناوچەیە

مەرەز، «مَرَض»: نەخۆشی.

مەرهەم: مەڵهەم، دەرمان.

مەرید: یاخی، کینایەیە لە شەیتان.

مەزبەلە: شوێنی تێ ڕشتنی پل و پووش و پیسایی ناوماڵ.

مەزرەع: مەزرەعە، جێگای کشت وکاڵ.

مەزرەعە: کێڵگە. دێبەر.

مەزهەر: شوێنی دیاریدان.

مەسئەلە: پرس، داوا، سواڵ.

مەسئەلە بیکر: مەسئەلەی بیکر، ئەو بابەتەی کەس ڕێی بە لێکدانەوەی نەبردبێ.

مەساعی: جەمعی مەسعایە واتە: هەوڵ و تەقەلا.

مەساف، «مَصاف»: مەیدانی جەنگ. ئەوەی لە ڕیزدا بێ.

مەستوور: داپۆشراو، شارراو.

مەستەبێ: مەست ئەبێ.

مەسجید: مزگەوت.

مەسرەع، «مَصرع»: نیوەبەیت.

مەسلوول: ڕووت کراو.

مەسلەك: ڕێگا.

مەسنەد: جێگای پاڵدانەوە، پاڵپشت.

مەسنەوی، «مَثنوی»: کتێبێکی بەناوبانگی شیعری سۆفیانەیە بە فارسی، مەولانا «جلال‌الدین»ی ڕۆمی نووسیویە کە لە ٦٧٠ی.ك «١٢٧١ ـ ١٢٧٢ ی.ز»دا مردووە.

مەسەل: نموونە.

مەسەلا، «مثلاً»: بۆ نموونە.

مەسەل، «مَثَل»: قسەی نەستەق و بەتوێکڵ. وەك.

مەسیحا: حەزرەتی عیسا کە

بە چاك كردنەوەی نەخۆش بەناوبانگ بووە.
مەشرەب: چەش، ئارەزوو، ڕێباز. خوو و ڕەوشت. زەوق. كانی.
مەشعەلە: چرا. شەمعدان.
مەشغەڵە: سەر قاڵی و هەرا و ئاشووب.
مەشق: خۆڕاهێنان لەسەر فێربوونی شتێ. ڕوونووس كردنەوەی خەتی خۆش بۆ فێربوونی نووسینی جوان.
مەشكوور: سوپاس كراو.
مەشهەد: جێگەی كۆبوونەوەی خەڵك، شوێنی كە شەهدی تیا نێژابێ.
مەعاریف: زانست.
مەعبەر: شوێنی پەڕینەوە.
مەعتەرە، «مَعْطَر»: شوێنی عەتر و بۆنخۆشی، دووكانی عەتاری.

مەعدەن: كان.
مەعزوور: بیانوودار.
مەعزوول: عەزڵكراو و لە كار خراو.
مەعموورە: ئاوەدانی.
مەعنائارایی: مەعنا ڕازاندنەوە.
مەغاك: ڕۆچوو.
مەغز: مێشك.
مەغشووش: تێكچوو، زێڕی مس تێكەڵ كراو.
مەغفیرەت: لە گوناهـ خۆش بوون.
مەقامات: جۆرە پەخشانێكی ئەدەبی كۆنی عەرەبییە ناوەرۆكی زیاتر لە چیرۆك ئەچێ. ئیشارەتە بەو كتێبانەی بەمناوەوە نووسراون وەك «مەقاماتی بدیع‌الزمانی هەمەدانی» و «مەقاماتی حەریری».
مەقام: مەقامی حەزرەتی ئیبراهیم، شوێنێكە لە كەعبە

ئەڵێن حەزرەتی ئیبراهیم نوێژی تیا کردووە. ئاهەنگ و ئاوازی مۆسیقا. بە ئاوازێکی تایبەتیش ئەوترێ.

مەقتوول: کوژراو.

مەقدەم: هاتن.

مەکان: شوێن.

مەکانەت بەخش: هۆی قەدر و پایە.

مەکتووم: شاراوە.

مەکسوور: شکاو.

مەکووك: مەکۆ.

مەکە: وازبێنە. بێدەنگ بە. تومەز.

مەکین: پایەدار.

مەگەس: مێش.

مەلاحەتی تەکەللوم: خۆشی و بەتامی قسە.

مەلایك: مەلائیکە، فریشتە.

مەلعەبە: گاڵتەجاڕ.

مەلەکولموت، مەلەکولمەوت (ملك‌الموت): فریشتەی گیان‌کێشان، عیزرائیل.

مەم: مەمك.

مەملووك: بەندە.

مەمە: مەمك.

مەنجەنیق: ئالەتێك بووە لە شەڕەکانی کۆنا بەردی زل یا گوللەی ئاگریان پێ فڕێ داوەتەوە ناو لەشکری دوژمنەوە.

مەندەبوور: بەدبەخت.

مەنزڵ بڕ: ڕێگای دوور و درێژ تەیکەر.

مەنزوور: تەماشاکراو. مەبەست.

مەنزەر، «مَنْظر»: تەماشا، بەرچاو.

مەنزەرە، «مَنْظَرة»: جێگای تەماشا.

مەنسوور، «منصور»: حوسەینی کوڕی مەنسووری حەللاج،

یەکێکە لە خواناسانی بەناوبانگی سەدەی سێهەمی کۆچی. کە وەجدی سۆفیانە ئەیگرت دەستی ئەکرد بە هاواری «أنا الحقّ». سەرەنجام لەسەر قسەی مەلاکانی بەغدا گیرا و هەشت ساڵ خرایە بەندیخانەوە. لە سەردەمی خەلیفە ئەلموقتەدیری عەبباسیدا لە زیندان هێنایانە دەرەوە و هەزار داریان لێدا و هەردوو دەست و هەردوو قاچیان بڕییەوە و لاشەکەشیان سووتاند. ئەڵێن گوایەکە خوێنەکەشی ئەڕۆیشت ڕستەی «أناالحقّ»ی ئەنووسی.

مەنشوور: فەرمانی بڵاوکراوەی میری.

مەننان: خاوەن خێر و ڕەحمەت.

مەنهی: مەنع کراو.

مەنی: ئاوی پیاو.

مەنیش: خوو، سروشت.

مەوج: شەپۆل.

مەودا: تیژی.

مەوزوون: ڕێك و پێك.

مەوسیم: وەرز

مەه: مانگ.

مەهار: دارێکە ئەکرێتە لووتی وشتر و پەتێکی توند پێوە ئەبەسترێ.

مەهجوور: خراوە لاوە و پشت‌گوێ خراو.

مەهدی: ڕێگا پیشان‌دراو.

مەهر: مارەیی.

مەهڕووان: ئەوانەی ڕوومەتیان وەك مانگ وایە.

مەهلەکە: شوێنی فەوتان.

مەه مەه: «مَهْ»، وشەیەکی عەرەبییە واتە: دەس بەردار بە، دووبارە کراوەتەوە.

مەهیب: ترس لێ کراو.

مەهیبی: سام لێ کراوی و

هەیبەتداری.
مەیر: دووپـاتکردنـەوەی وشەی «سەیر»ە بەپێی ڕێ و شوێنی زمـانی کـوردی وەك «نان» و «مـان» و «پـیاو» و «مـیاو» و شـتیوا، ئـەم دووپـاتکردنـەوەیـە جـۆرە بـێمـوبالاتی و بـە سـووك سەیرکردنێکیش ئەگـەیەنێ، مـەیر هـەروەهـا بـە مـەعنا خواردەمەنی و ئـازووقـەیش هاتووە.
مەیکەدە: مەیخانە.
مەیموون قەدەم: پێ بە ڕزق و رۆزی.
میئات: سەدان.
میان: ناوقەد.
میحراب: میحرابی مزگەوت، تاقێکی بەرزە لە ناوەڕاسـتی دیواری پێشەوەی مزگەوتـدا سـەرەکـەی وەك کـەوان هاتووەتەوە و پێش‌نـوێژ تـیا ئەوەستێ.
میحرابگەه: شوێنی میحراب، ئەو شوێنەی مـزگـەوت کـە پێش نوێژی تیا ئەوەستێ.
میحنەت: مەینەت.
میحەن: جـەمعی مـیحنەتە واتە بەڵا.
میرئات: ئاوێنە.
میزاب: پلووسك.
میزاج: تێکەڵ، سروشت.
میزاح: گاڵتە.
میزان: تەرازوو.
میزمار «مضمار»: مەیدانـی ڕمبازی.
میسباح، «مِصباح»: چرا.
مێش: مێش هەنگ.
میشکات: دەلاقەی نادیوەودەر کە چرای تیا دائەنرێ.
میشکی ئەزفەر، «أَذْفَر»: میشکی پوختە و بۆن خۆش.

میشکی تەتار: جۆرە میشکێکە ناوبانگی بۆنخۆشی دەرکردووە.

میشگ: میشك.

میعراج: هۆی بەرز بوونـەوە، بەرزبوونەوە.

میعمار: وەستا بەننا.

میفتاح: کلیل.

مێگەل: ڕانـی بـزن و مـەڕ. لێرەدا مـەبەست کـۆمـەڵی مێیینەیە.

مینا: چـەرخـی گـەردوون، پیاڵەی شەراب. شووشە.

مینا، «مِنیٰ»: شوێنـێکـە لە مەککە قوربانی سەربڕیـن و هـەندێ بـەشیتری حـەج لەوێدا جێبەجێ ئەکرێ.

مینبەر: ئەو شوێنەی مزگەوت کە خوتبەخوێن تیا ئەوەستێ بۆ خوتبە خوێندنەوە.

میندەف: گۆزی هەلاجی کە لە ژێ و کەوانەکەی ئەدەن و لۆکەی پێ شی ئەکەنەوە.

میهر: ئەو خۆرەی کە هەموو جیهان بگرێتەوە، خۆشەویستی.

میهر مەه: مـانگی مـیهر، یەکێکە لە مانگەکانی ساڵی شەمسی، لە ئاخری ئەیلوولەوە دەس پێ ئەکـا و سـەرەتـای پاییزە.

میهرەبان: بەبەزەیی.

## پیتی نوون «ن»

نائی: دوور.

نائیب: جێنشین.

نائیم: نووستوو.

ناب: بـێ گـەرد و خـاوێن، سیفەتی شەرابە.

نابەکام: مـنـاڵێ بـەر لە پڕکردنەوەی نۆ مـانگ و نـۆ ڕۆژەکەی لەدایك بووبێ.

ناتوێ: ناتەوێ.

ناجی: حوشتری تیژڕەو کـە

سواربووەکەی بە سەلامەتی ئەگەیەنێتە جێ.

ناچێتەوە: ناسڕڕێتەوە.

نادان: نەزان و نەفام.

نادیدە: لەبەرچاو نەبوو. نەبینراو.

نار: ئاگر، هەنار.

نارۆەر: ئەو ئافرەتەی مەمکەکانی وەك هەناریان لێ هاتبێ.

نارِوێ: سەوز نابێ، تەڕ نابێتەوە، ئەبلەق نابێ.

نارەبەر: ئەوەی بەرەکەی هەنار بێ.

نارەوەن: درەختێکی بەرز و گەورەی لق و پۆپ چڕی گەڵا وردە، لە حەوشی زۆرێك لە تەکیە و خانەقاکانا هەیە بۆ سێبەر، بەری نییە.

نازم: هۆنەرەوە.

نازیر: چاو، سەرپەرشتیکەر.

ناس: خەڵك.

ناسوفتە: نەسمراو.

ناسیخ: هەڵوەشێنەرەوە، ئەو ئایەتەی قورئان کە حوکمی ئایەتێکی تر لەناوا هەڵگرێ.

ناسییە، «ناصیة»: ناوچاوان.

ناعارف: نەفام و نەزان.

ناف: مووی بۆنخۆش، ناوك.

نافە: موشکی بۆنخۆشی بن ناوکی ئاسك.

نال: تاڵە باریکەکانی ناو قەڵەمی قامیش.

ناڵە: هاوار.

ناڵێکی: ناڵەیەکی.

نامە سیان: نامەی کرداریان لە ڕۆژی قیامەتدا ڕەشە، تاوانبارن.

نانوێنی: ناخەوێنی.

نانی نانی: ئەوەی بە تەماعنانەبەر هەڵخەڵەتێ.

ناودان: پلووسکی باراناو.

ناهید: ئەستێرەی زوهـرە کـە پێیشی ئەڵێن زوهرەی ڕەققاس و زۆریش گەش و ڕۆشنە.
نای: شمشاڵ.
نخوونی: سەرەونخوون کراوە.
نزانم: نازانم.
نشینگە: جێگای تیا دانیشتن.
نم: فرمێسك.
«نم الوَرد»: ئـاونگـی سـەر پەڕەی گوڵ.
نمەدپۆش: ئەوەی فەرەنـجی لەبـەر بکـا. کـینایەیە لە بنیادەمی دەروێش مەشرەب.
نمەك: خوێ.
نمەکپاش: ئەوەی خوێی پیا وەشێنرابێ. کینایەیە لە خۆش و بەتام.
نمەکین: خوێـیـاوی، سـوێر. کینایەیە لە خۆش و بەتام.
نوجووم: ئەستێرەکان. جەمعی نەجمە.
نۆ چەرخ: حەوت ئاسمانەکە و مانگ و ڕۆژ.
نوسح، «نُصُح»: ئامۆژگاری.
نوورە: ئـاهەك و زرنـیخی تێکەڵی یەك کراو.
نۆش: ئەوەی خـواردنـەوەی خۆش و بێ گرێ بێ.
نوشوور: ڕۆژی قیامەت کـە هەموو زیندووان ئەمرن.
نوقتە: خاڵ.
نوقەبا، «نُقَباء»: جەمعی نەقیبە، پلەیەکە لەو پلانەی ئـەهلی تەسەووفی پێ ئەگەن.
نوقەت، «نُقَط»: جـەمعی نوقتەیە واتە نوختە.
نوکتە: قسە یا بابەتی خۆش.
نوکتەسەنجی: وتنی شتی ورد و قسەی پڕمەعنا.
نومایان: ئاشکرا و دیاری.
نوێژی شێوان: نوێژی ئێوارە.
نەباتات: گژو گیا.

نەبی: پێغەمبەر.
نەجاشی: نازناوی پادشاهانی ئەوسای حەبەشە بووە.
نەجد: وڵاتی نەجد کە مەجنوونی لەیلا سەرگەردان بووبوو بە شاخەکانیا هەڵئەگەڕا.
نەجم: ئەستێرە. گیای کورتی بێ لاسك.
نەحر: لای سەرووی سنگ، سەربڕین، حەیوانی سەربڕاوی ڕۆژی جەژنی قوربان.
نەحل: هەنگ.
نەحو: زانستی چۆنیەتی سەر و ژێرکردن بۆ وشە لە زمانی عەرەبدا، وەك، ڕووتێ کردن.
نەحیف: لەڕ.
نەخچیر: ڕاو. نێچیر.
نەخل: دار خورما. کینایەشە لە باڵابەرزی.
نەخیل: دار خورما.

نەدامەت: پەشیمانی.
نەدب: گریان و هاوار و ڕۆ ڕۆ.
نەدەم: پەشیمانی.
نەڕ: نێر.
نەرگس نیگەهـ: ئەوەی بە چاوێکی وەك نەرگس مەستەوە بڕوانێ.
نەزارەت: وەزیری.
نەزاکەت: ناسکی.
نەزغ: داماڵین.
نەزم، «نَظم»: هۆنینەوە. ڕێك دانراو. شیعر.
نەزەر: تەماشا.
نەزەرباز: چاوکراوە. عادەت وایە باز بەرلەوەی بەری دەن بە دوای نێچیرا چاوی ئەبەستن و لەکاتی بەردانیا چاوی ئەکەنەوە.
نەزەرگا: لە کوردەواریدا بەو شوێنانە ئەڵێن کە چاکانی خوا تاوێك تیا دانیشتوون یا

ڕووی بەرەکەتیان تێ کردووە و پاش ئەوە خەڵك كردوویانە بە زیارەتگا.

نەزەرگە: دوورنما.

نەزەر، «نَظَر»: سەیر کردن، چاو یاخود تەنها سەیرکردن کە مەرج نییە بگاتە ڕادەی بینین، چونکە گەلێ جار بنیادەم سەیری شت ئەکا، بەڵام نایبینێ.

نەزهەتگەه: شوێنی ڕابواردن و سەیران.

نەزیر: تۆقێنەر. سیفەتێکە بۆ هەموو پێغەمبەرێ ﷺ.

نەسب: سەر « ـَ »، ڕاستکردنەوە.

نەستەرەن: گوڵێکی بۆنخۆشە، سوور و سپی هەیە، بە هەر لقێکیەوە چەند گوڵ ئەڕوێ، درەختەکەی دڕکاوییە، وەك گوڵەباخی لای خۆمان وایە.

نەستەق: ڕێك وپێك.

نەسج: نەسیج، تەنراو.

نەسر: بڵاو، پەخشان.

نەسمابێ: نەسمرابێ، کون نەکرابێ.

نەسیم: شنەبا. سروەی ناسکی با.

نەشئو نوما: پێگەیشتن.

نەشئە: حاڵەتێکی نیمچە بێ ئاگایی و نیمچە سەرخۆشییە.

نەشر: بڵاوکردنەوە.

نەشری بەعسەت، «بَعْثَت»: بڵاو کردنەوەی هەواڵی ناردنی پێغەمبەر لای خواوە بۆ گەیاندنی نامەی خوا بە خەڵك.

نەشگوفتە: نەپشکووتوو.

نەعت: پیا هەڵدان.

نەعش: تەرم، تابووت، مردوو لەناو دارەمەیتا.

نەعلەین: جووتە نەعل، جووتە کەوش.

نەغمە: ئاواز. ئاوازی بولبول، چەهچەهەی بولبول و پەلەوەرە دەنگ خۆشەکانی تر، لەو مەعنایەوە خوازراوە بۆ مەعنای «زرِە».

نەفخ: فووکردن.

نەفخی سوور، «صُور»: فووکردن بە کەرەنادا لەو دنیا بۆ زیندوو کردنەوەی مردووان و بردنیان بۆ لێ پرسینەوە.

نەفس: گیان، بنیادەم.

نەفسی ئەممارە: دەروونی فەرمان دەر بە خراپە کردن.

نەفەس: دەم و دوو. هەناسە، ژیان.

نەفەسێکی: هەناسەیەکی.

نەفی: نەبوون.

نەفیس: حەسوود، گرانبەها.

نەقد: نەخت، پارە.

نەقدی ڕەواج: پارەی بە برەو و مامەڵە پێ کراو.

نەقدی عەیار: نەختی بێ گەرد.

نەقشبەند: نەخشی چەسپ کراو و داکوتراو.

نەقشبەندی: پەیڕەوی تەریقەتی سۆفیانەی نەقشبەندی.

نەقشین: نەخشین، نەخشاوی.

نەکس: کزی، سەرەوقنگ کردنەوەی شتێك.

نەکیر: یەکێکە لەو دوو فریشتەیەی لە قەبرا دێتە سەر بنیادەمی گوناهبار بۆ پرسیار لێ کردنی.

نەکیرە: لە نەحودا ئەوەی کەسێ یا شتێکی نادیاری بگەیەنێ، نەناسراو.

نەمەت، «نَمَط»: شێوە.

نەو: نوێ.

نەوا: ئاواز.
نەواچین: جەمعی «نەواچی»یە، واتە: ڕۆژی خوا و دەرۆزەکەر، یاخود گۆرانیبێژ «خاوەن نەوا، خاوەن ئاواز».
نەواڵە: بابۆڵە.
نەوبە: نۆبە، جار.
نەوبەر: تازە بەر گرتوو.
نەوحوسن: تازە جوان.
نەوڕەستە: تازە پێگەیشتوو.
نەوشکۆفە: تازە گوڵ کردوو.
نەوشگوفتە وەرد: گوڵی تازە پشکووتوو.
نەومیدی: نائومێدی.
نەونیهاڵ: نەونەمام، نەمامی تازە هەڵچوو.
نەهار: ڕۆژ.
نەهر: جۆگا.
نەهرەین: جووتە جۆگا.
نەی: قامیش، شمشاڵ.
نەیرەنگ: فڕو فێڵ و جادووگەری.
نەیستان: قامیشەڵان.
نەیسەوار: سواری قامیش، کینایەیە لە منداڵان کە بۆ یاری سواری قامیش دەبن کەچی هەر پیادەن.
نەیشەکەر: قامیشی شەکر.
نەیلۆفەڕی: ڕەنگی وەك ڕەنگی گوڵە نەیلۆفەڕ شین؛ نەیلۆفەڕ گوڵێکە لە ئاوا ئەڕوێ، لەگەڵ خۆرکەوتندا سەر دەرئەهێنێ و لەگەڵ ئاوابوونیا ئەچێتەوە ناو ئاوەکە.
نەییری ئەعزەم (النیرالأعظم): ڕووناکی مەزن، خۆر.
نی: نیت.
نێرگەل: کۆمەڵی نێر.
نیسار: بەخشش، شاباش.
نیسوان: ژنان.
نیشان: بە نیشانە نانەوە.

نیشانه: نیشانه.
نیعه م، «نِعَمْ»: جه معی «نِعْمَة»ه
واته نیعمه ت.
نیکاح: ماره بڕین.
نیکس: شکاندنه وه ی شتێك
به جۆرێك سه ری بکه وێته وه
خواره وه.
نیکی: چاکه.
نیگا: به لا ڕوانین.
نیگار: نه خش و وێنه.
ئافره تی وه ك وێنه جوان، یار.
نیگارش: نووسین و نه خش کردن.
نیگارین: وێنه له سه ر کراو.
نیگاه: ته ماشا.
نیگاهی دیده: به لاچاو
ته ماشا کردن.
نیگه ه: لا کردنه وه.
نیگه هبان: ئاگاداری که ر،
پاسه وان.
نیگه هدار: ئاگاداری که ر.
نیل: شین، ڕووبارێکه له میسر.

نیلیی فه له ك: ئاسمانی شین.
نیم نیگاه: لاچاو.
نیمه: نیوه.
نیمه ڕه: نیوه ڕۆ.
نیوه نه فه س: نیوه گیان.
نیهال: نه مام.
نییه ت: نیاز. نیازی ڕۆژوو
گرتن.
نییه تی: نیازی.

## پیتی واو «و»

وا: کراوه.
وابه سته: پێوه به ستراو و
په یوه ندی دار.
وا خوان: خوانی ڕاخراو و
ڕازاوه.
وادی: شیو.
وادیی ئه یمه ن: شیوی لای
ڕاست، ئه و شیوه ی که نووری
خوای بۆ حه زره تی مووسا تیا
ده رکه وت له کێوی توور و

بانگی تیا لێ کرا.
واسیتەی ئیمکان: هۆی بوون.
واقیعەن، «واقعاً»: ڕاستەکەی.
واقیف: ئاگادار.
واڵا: جوان، پایەبەرز.
«وا نَفْسي»: هاوار بۆ خۆم.
واوەی: سووک کراوەی «واوەیل»ە، واتە: بەدبەخت خۆم!.
واوەیل: هاوار.
وجوود: بوون، زات. گیان، لەش.
ورد: بچووک، یاخود وەرد گوڵ.
وَرْد: گوڵ. وەرد، زەوی هەڵگێڕراوەی ئامادە کراو بۆ جووت کردن و تۆو تیا چاندن.
وسمە: گیایەکە وشکی ئەکەن و ئەیکوتن و ژنان ئەیگرنەوە و ئەیگرنە سەریان بۆ ڕەش کردنی سەر و زوڵف و بڕۆیان.
وشکە سۆفی: ئەوجۆرە سۆفییانەی کە مەسەلەی ئایینیان بە شێوەیەکی زۆر وشك گرتووە و لەئاستی سادەترین ڕابواردنی حەڵاڵدا چاوپۆشی پیشان نادەن.
وشکەمەلە: مەلە لە شوێنی بێ ئاوا.
وڵاتان: سووک کراوەی «وڵاتتان»ە، یاخود وڵاتانی جەمعی «وڵات»ە.
وەجاهەت: شوێن و پایە.
وەجه: ڕوو. هۆ.
وەحدەت ئاشنا: ئەوەی لەگەڵ بیری خوا بە یەك زانیندا ئاشنایی هەیە.
وەحشی: دوورەپەرێز و کەنارەگیر. کێوی.
وەحشی غەزال: ئاسکی کێوی.
وەرەق: کاغەز. گەڵا.

وەرەقی دیدە: ئەو کاغەزەی ئەدرێ بەسەر دەموچاودا بـۆ شاردنەوەی، دێوجامە.

وەزع، «وضع»: بار.

وەزعی حەمل، «وضع الحمل»: لێ جیابوونەوەی سك، منـاڵ بوون.

وەسواسە: وەســـوەســـە، خوتوورەی دڵ.

وەسەت، «وَسَط»: ناوەڕاست.

وەسیلە: هــۆی خــۆ نزیك کردنەوە لە خەڵك.

وەفا: بەوەفا.

وەفای عەهد: گـــفت بـــە جێ هێنان.

وەقوود: سووتەمەنی.

وەکاشە: وەك ئاشە.

وەلوەلە: هاوار و فوغان.

وەلێ: بەڵام.

وەی: وای، وەهای. بەڵا.

وەیس: ئووەیسی قەرەنی، کە وەیســی مـایدەشتیشی پێ ئەڵێن، یەکێکە لە تابیعین.

وەیشووم: وەیشوومە. نەگبەتی.

وێرانێ: وێرانەیەك.

ویقار: قورسی و سەنگینی.

ویلایەت: ئاوەدانی.

وێڵداش: برادەر.

ویلدان: جەمعی وەلەدە واتــە کوڕ.

## پیتی هێ «ه»

هات و نەهات: هــاتنەوە و نەهاتنەوە. بەخت بۆ هاتن و بـەخت بـۆ نـەهاتن. مـان و مردن.

هادی: ڕێگا پیشاندەر.

هارووت و مارووت: دوو فریشتە بوون، ناو و باسیان لە قورئانیشدا هاتووە، خەڵکیان فێری سیحر کردووە، پـاشان خوا غەزەبی لێ گـرتـوون لە

بیرێکا لە «بابل» سەرەوخوار هەڵیواسیون و تا ڕۆژی قیامەت هەروا ئەمێننەوە و هەمیشە تینوویانە، بەڵام هەرچی ئەکەن دەمیان ناگاتە ئاوی بنی بیرەکە.

هازیم، «هاذِم»: تیژبڕ.

هازیمی لەززات: مەرگ.

هالیك: فەوتاو.

هاموون: دەشت و بیابان.

هاوێتن: هاویشتن.

هاوییە: دۆزەخ، توونی قووڵ.

﴿هَلْ مِنْ مَزِید؟!﴾: هی تریش هەیە؟. ڕستەیەکە خوا بەدەم ئاگری جەهەنمەوە ئەیگێڕێتەوە، کە هەرچەند خەڵکی تێ فڕێ بدرێ هەر تێر نابێ و چاوی لە هی تریشە بۆی بێنن.

هودهود: پەپووە سلێمانە.

هۆردوو: لەشکر.

هوزار: بولبول، یاخود هەزار.

هوما: باڵندەیەکی پیرۆزە ئەڵێن بەسەر هەرکەسێکەوە بنیشێتەوە و سێبەری بەسەردا بکا، ئەبێ بە پادشا.

هووەیدا: ئاشکرا.

هە: هۆ.

هەتك: ئابڕوو بردن.

هەردەمە: هەرکاتێ.

هەرزە: ئەوەی باش پەروەردەی دانەدرابێ.

هەرزەگۆ: ئەوەی قسەی هیچ و پووچ بکا.

هەرزە مەرەس: ئەو تانجییەی بە ڕەحەتی نەدرێتەبەر بۆ ڕاو.

هەرزە نویس: ئەوەی شتی پڕ و پووچ ئەنووسێ.

هەرگا: هەرکاتێ.

هەڕۆ: بڕۆ.

هەرەسی کێو: بەفری زۆر کە لە دەمەو بەهارا بنەکەی

ئەتوێتەوە و لەجێی خۆی ئەجوولێ و لە لاپاڵەکانەوە لێژ ئەبێتەوە بۆ ناو چەم و دۆڵ و دار و بەردێکی زۆریش لەگەڵ خۆی دێنێ و وا ئەبێ ئاوایی و باخ و باخاتی بەرئەکەوێ وێرانی ئەکا و بنیادەمی دێتەڕێ ڕای ئەماڵێ و ئەیکوژێ.

هەزل: گاڵتەوگەپ.

هەستە: بوون.

هەستەبار: ئەوەی بوونی بار بێ بەسەر شانی کەسێکەوە.

هەکە: کە، زاراوەیکی «گۆرانی»یە.

هەڵات: ڕای کرد، هەڵهات.

هەڵگڕا: داگیرسا، شەوقی دایەوە.

هەلهەلە: هەلەلە، قریوە کردن.

هەڵیدابێ: پەیدابووبێ و هەڵکەوتبێ.

هەم: دیسان، خەم.

هەماغۆش: هەمئاغۆش، هاوباوەش.

هەمدەم: هاودەم، هاوڕێ.

هەمڕەنگ: هاوڕەنگ.

هەمڕیکاب: هاوڕکێف، هاوئاوزەنگی.

هەمسەر: هاوسەر.

هەمعەنان: هاوجڵەو.

هەم فەرد: هاوسەر و هاودەرد.

هەمقەدەم: هاوپێ، هاوڕێ.

هەم گەردش: هاوڕێ.

هەمم: «هَمّ»: خەم.

هەممیزاج: هاوسروشت.

هەوا: خۆشەویستی، ئاسمان. فوو، هەوای عەشق. ئارەزوو، با. نەفس.

هەوار: نشینگەی هاوین و زستانی کۆچەرییەکان.

هەودا: تاڵی ڕێسمانی ئاوریشم. تاڵی موو.

هەوراز: بەرەوژوورە.

هەوری: سرکەیی، جۆرە سەرپۆشێکی ناسکی ڕەش و سپی ئاوریشمە.

هەورین: هەور پێوە بوو.

هەوسار: ئەو پەتەی لە ملی وڵاخی ئەکەن و ئەیبەستنەوە پێی.

هەول: ترس، شوێنێکە لە دۆزەخدا.

هەوەس: ئارەزوو.

هەی: وشەی ئاگادار کردنەوە و دەربڕینی سەرسامییە.

هەیئەت: دیمەن، عیلمی ئاسمانشناسی کە جاران فەقێ ئەیانخوێند.

هەیاسە: پشتێنێکی گۆپکەدارە لە زیو دروست ئەکرێ، ژنان ئەیبەستنە پشت.

هەیبەت: سام.

هەیوولا: مادده.

هەی هەی: وشەی سەرسامییە.

هیجر: دووری. لە یار بڕان.

هیجرەت: کۆچ.

هیجرەت گوزین: ئەوەی کۆچکردن لە وڵاتی خۆی هەڵاویرێ بەسەر مانەوە تیایدا.

هیچ نەویژ: بێ دەنگ و گلەیی نەکەر.

هیدایەت: ڕێنموونی.

هێز: توند.

هێزم: دار.

هیزە: حیزە، نامەرد. خیگەی ڕۆن تێ کردن.

هیلال: مانگی یەكشەوە.

هێڵەك: هێڵەکی ئارد بێژان کە ئاردە وردەکە لە سۆسەکەی جوێ ئەکاتەوە.

هیندوو: خاڵ، خاڵی ڕەش، بەندەی زەنگی، خەتی ڕەش بەسەر کاغەزەوە. هیندی.

# پیتی یێ «ی»

یا خۆ: یاخود.

یاخود: سەراو.

یاری: دۆستایەتی، یاری کردن، یارمەتی دانی.

یاری غار: هاوڕێی ئەشکەوت، ئیشارەتە بۆ حەزرەتی ئەبووبەکر.

یاسەمەن: گوڵێکی بۆن خۆشە سپی و زەرد و شینی هەیە.

«یدالله»: دەستی هێز و توانای خوا. ئیشارەتە بە ئایەتی: ﴿یَدُ اللّٰهِ فَوْقَ أَیْدِیهِمْ﴾.

یووسف: حەزرەتی یووسف کە مەشهوورە بە یووسفی میسر و، لەبەر جوانی لە ئەدەبیات و فۆلکلۆری میللیدا کراوە بە نموونە.

یەتیم: هەتیو.

یەسار: لای چەپ.

یەشم: یەکێکە لە بەردە گرانبەهاکان، ئەتاشرێ.

یەقین: باوەڕ، ئیمان.

یەکبارە: بەیەکجاری.

یەکدانە: تاقانە و تەنها، وەك یەکتا.

یەکدی: یەکتر.

یەککە تاز: بە تەنها غارکەر، واتە: لە هەموان پێش کەوتوو.

یەلدا: وشەیەکی سەریانییە واتە لەدایکبوون، درێژترین شەوی ساڵە کە دوا شەوی دوا مانگی پاییزە. بۆیە وا ناونراوە چونکە حەزرەتی عیسا لەو شەوەدا لەدایك بووە.

یەم «یَم»: دەریا.

یەمین: لای ڕاست.

یەنبووع: کانی.

یەوم: ڕۆژ.

9 789649 801247

بڵاوکردنەوەی کوردستان
Kurdistan Publication
ئێران ـ سنە ـ پاساژی عیززەتی
تەلەفوون: +۹۸ ۸۷۱ ۲۲۶ ۵۳ ۸۲